# ئێران: دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤی کەمایەتی کورد

ناوەرۆک

1. ناساندن 1
2. پێشینه 3
3

3. هەڵواردنی کوردان 7
ئایین و فەرهەنگ 7
ئیش و کار و دامەزران 9
ماڵ 9
پەروەردە 10
4. ستەمکاریی دووقات: ژن و کچی کورد 13
چوونه قوتابخانه و خوێندەواری 18
زووبه شوودان و بە زۆر بە شوودان 20
خۆکوژیی و کوشتنی "نامووسی" 21
5. دەست نیشانکردنی ئەوانەی دەنگ بەرزدەکەنەوە 25
داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ 25
ئەوانەی لە بەشی میدیا دا کاردەکەن 31
6. کوشتنی بێ قانوون لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە 35
دەرەوەی ئێران 36
سزای مەرگ و دادگایی کردنی ناعادڵانە 37
7. پێشنیارەکان 41
پاشکۆی 1: بەرگری لە دروست کردنی جەمخانەی ئەهلی حەق 45
پاشکۆی 2: راپۆرتدانی بە زۆر لە سەر چالاکی کەمایەتییە
بە رەسمی نەناسراوەکان لە قوتابخانە 47
پاشکۆی 3: نموونەی زیاتری راپۆرتدان لە سەر چالاکی
کەمایەتییە بە رەسمی نەناسراوەکان لە قوتابخانە 49

## ناساندن.1

![1]

کوردی ئێران لە دەست جیاوازی دانانێکی ریشەدار رەنجی زۆریان کێشاوە. مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانیان بەر بەست کراوە. ناوچە کوردنشینەکان لە باری ئابوورییەوە پشت گوێ خراون، کە بۆتە هۆی هەژارییەکەی زۆر. دەرکردنی بەزۆرەملێ و وێران کردنی ماڵ، بۆتە هۆی دەست راگەیشتنێکی بەربەستکراوی کورد بە خانووبەرەی بەڕێ وجێ.[2] دایک و باوکان مافی ئەوەیان نادرێتێ هەندێک ناوی کوردی لە سەر منداڵەکانیان دابنێن.
بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کاری پەروەردە و خوێندندا بەردەوام بەربەستی بۆدادەنرێت ئەو کەمایەتییە ئایینیانەی وا بنەمایان کوردییە یاخود بەشێکی کوردین، دەبنە نیشانە بۆ هەندێک کردەوە کە بە ئامانجی لەکەدارکردن و گۆشە گیر کردنیان رێک خراون. هەڵاواردن بە هۆی سیستمی ""ەوە – رەوتێکی هەڵبژاردنە کە بە گوێرەی ئەو کەسانێک کە دەبن بە مەئمووری رەسمی و فەرمانبەری دەوڵەت، دەبێ باوەڕیان بە ئیسلام بێت، کۆماری ئیسلامی ئێران لە مەسەلەی دامەزران لە سەر کار وبار و هەروەها بەشداریکردن لە رەوتی سیاسیدا، مافی هاوچەشن بە کورد نادات.[3]

دەسەڵاتداریەتی ئێران ئیجازە نادەن زمانی کوردی لە هەندێک بڵاوکراوەی رادیۆتەلەفیزیۆنی و چاپیدا کەڵکی لێ وەربگیرێت. بەیان و راگەیاندنی کەلتووری کوردی، وەک جل و بەرگ و مۆسیقا ئیجازەی پێ دەدرێت. بەڵام، کەسانێک کە هەویەتی کوردایەتی خۆیان بە سەرنەکەوتوویی دەوڵەت لە چاوەدێریی کردنی پێوانە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە ببەستن یا گازندە لەو جیاوازییانە بکەن کە کورد رەنجیان لێ دەبات، خۆیان خستۆتە بەر مەترسی پێشێل کرانی زیاتری مافەکانیان، زۆر جار، ئەو تاکە سەربەخۆیانە خۆیان لە زینداندا بینیوەتەوە یا بوونەتە ئامانجی دەستدرێژیی تر.

---

1- "هێمن" نازناوی شاعیریی محەممەد ئەمین شێخ الاسلامییە (1921-1986). هێمن، شاعێرێکی ناسراوی مەهابادی بوو، لە کوردستانی ئێران، کە لە دەست راونانی ئێران هەڵات و [بەشێکی زۆری] ژیانی لە کوردستانی عیراق تێپەڕ کرد.

2- بڕوانە راپۆرتی لێکۆڵەری تایبەت لە سەر خانووبەرەی بەڕێ وجێ وەک توخمی پێکهێنەری مافی ستانداردی بە ڕێ و جێی ژیان- مەئمووریەت بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران (19 تا 31ی جولای 2005)، ریفرەنسی نەتەوە یەکگرتووەکان: E/CN.4/2006/41Add.2, 21 March 2006 کورتکراوەکەی.

3 - ) بۆ مەسەلەی هەڵە لە روونکردنەوەکانی گوزینش دا، بڕوانە:
91 -
، 3 تا 19 ی جوونی 2003. (AI Index: IOR 42/003/2003);و رێکخراوەی نێونەتەوەیی کار- دڵنیگەرانییەکانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە پەیوەندی
بەشی 92ی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کار، 1 تا 17ی جوونی 2004 (AI Index: IOR 42/008/2004).

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی کورد، چالاکانی کۆمەڵایەتی و رۆژنامە نووسان رووبەرووی گیران و زیندانی ناڕەوا بوونەتەوە. هەندێکیان بە هۆی باوەڕیانەوە خراونەتە زیندان - خەڵک بەهۆی دەربڕینی هێمنانەی باوەڕی خۆیانەوە گیراون. خەڵکانی تریش کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجە، دادگایی کرانی تەواو ناعادڵانە لە دادگای شۆڕش و سزای مەرگ.

ئەم شێوازانەی بەربەست نانەوە، یارمەتی ئەوە دەدەن پەراوێزبوون و هەژاریی رێژەیی ئابووریی کۆمەڵگای کورد بەهێزتر بێت.

ئەم راپۆرتە بە شوێن راپۆرتەکانی دیکەی لێبووردنی نێونەتەوەییدا دێت کە سەبارەت بە دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە کەمایەتییە قەومی، ئایینی و فەرهەنگییەکان لە ئێران بڵاوکراونەتەوە.[4] راپۆرتەکە، چۆنیەتی شوێن دانانی کرداری هەڵاواردن لە سەر مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتییەکانی کورد رادەگەیێنێت. هەروەها ستەمی دووقاتی سەر ژن و کچی کورد زەق دەکاتەوە- بەشێک وەک ئەنجامی ئەو هەڵس و کەوت و کردەوانەی وا بە قووڵایی رەگی فەرهەنگی کوردیدا چوونەتە خوارەوە، و بەشێکیش وەک ئەنجامی سەرنەکەوتوویی حکوومەت لە کاری پەرەپێیدان وپارێزگاری کردنی مافەکانی ژن و مافەکانی کورد.

لێبووردنی نێونەتەوەیی پێشتر زۆرێک لەو دڵنیگەرانی و هەروەها کەیسە تاکە کەسییانەی وا لەم راپۆرتەدا هاتوون و کە باسی رووداوەکانی تا مانگی مەی 2008 دەکەن، بە نامە یا بە هۆی راگەیاندنی گشتی و داواکاریی پێداچوونەوە وە بە دەسەڵاتدارانی ئێران راگەیاندووە. بەڵام، دەسەڵاتدارانی ئێران بە دەگمەن وەڵامی رێکخراوەکە دەدەنەوە و لێبووردنی نێونەتەوەیی وا 28 ساڵە، واتە بە گشتی دوای شۆڕشی ئیسلامی لە فیبرەوەری 1979 ئیجازەی سەردانی ئێران و هەڵسەنگاندنی دۆخی مافەکانی مرۆڤی بە شێوەی یەکەم دەست پێ نەدراوە.[5]

---

[4] - بڕوانە: - (ئیندێکسی
لێبووردنی نێونەتەوەیی: MDE 13/056/2006)، مانگی مەی 2006، هەروەها: :
. (MDE 13/104/2007)، سپتەمبری 2007. هەموو
راپۆرتەکانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە سەر ئەم ماڵپەڕە دەست دەکەون: : http://www.amnesty.org/

[5] - ئەم راپۆرتە لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانە دانراوە کە لە بەر دەستدابوون، وەک رۆژنامەکانی سەر ئینتەرنێت لە ئێران، بلاگ و وێبلاگە خەبەرییەکان، پەیوەندی لە گەڵ چالاکان لە رێگەی "ئۆن لاین مەسینجێر" یاخود قسەکردن لە گەڵیان لە سەر خزمەتگوزارییەکانی پروتوکۆلی ئینتەرنێتەوە، هەروەها چاوپێکەوتنی روو بە روود لە گەڵ چالاکان لە دەرەوەی ئێران. هەویەی هەندێک لەم چالاکانە لە بەر هۆکاری ئاسایشی پارێزراون. ناوی ئەو شوێنانەی وا لەم راپۆرتەدا هاتوون بەو شێوەیە نووسراوە کە بە گشتی لە ئێراندا بە زمانی فارسی دەنووسرێن بۆ

لێبووردنی نێونەتەوەیی ئەم راپۆرتە بۆیە بڵاو دەکاتەوە تا سەرنج بەرەو سەرکوت کرانی کورد لە ئێران رابکێشێت. راپۆرتەکە داوا لە دەسەڵاتداریەتی ئێران دەکات بە گوێرەی ئەو ئەرکانەی وا یاسا نێونەتەوەییەکان لە سەر شانی داناون، بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن کە هاوڕییە لە گەڵ دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی مرۆڤ هەنگاوی راستەقینە هەڵێننەوە. راپۆرتەکە، بە گشتی داوا لە دەسەڵاتداریەتی ئێران دەکات کە:

-هەنگاوی بە سوود هەڵێننەوە بۆ زامن کردنی ئەوەی کورد و هەموو ئەندامانی تری کۆمەڵگا، کەمایەتییەکان لە ئێران – پیاو، ژن و منداڵ وەک یەک – لە هەموو مافەکانی مرۆڤ کەڵک وەربگرن;
-هەموو ئەو یاسا و کردارانەی وا کۆمەڵگا کەمایەتییەکان جیاواز دادەنێت، بە مەرجەکانی "" ەوە کە بە سەر دامەزران و ئیش و کاری دەوڵەتیدا زاڵە، بگۆڕن یا خود لە ناوی بەرن;
-پەرە بە مافەکانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بدەن و بیانپارێزن;
-لە راگەیاندنی گشتیدا ئەشکەنجەو هەر چەشنە هەڵس و کەوتێکی خراپ مەحکووم بکەن و بۆ لە ناوبردنی ئەو دەستدرێژییانە هەنگاوی دەست بەجێ هەڵێننەوە;

-دەست بەجێ و بە بێ مەرج زیندانیانی باوەڕ ئازادبکەن;
-زامنی ئەوە بکەن کە لە دادگا دا، ستانداردەکانی موحاکەمەی عادڵانەی نێونەتەوەیی رێزیان لێ بگیرێت;
- هەموو حوکمێکی ئیعدام بشکێنن و فەرمان بدەن قەرارەکانی ئیعدام دەست بەجێ دوابخرێن.

## 2.پێشینە

## کۆمەڵگای کوردی ئێران

بە پێی خەمڵاندن، لە ئێراندا 12 ملیۆن کورد دەژین، لە نێوان سەدا 15 تا 17 ی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە. ئەوان بە گشتی لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان،[6] کرماشان و ئیلام دەژین کە کەوتوونەتە رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوای وڵات، گەرچی زۆرێکیشیان کۆچیان کردوە بۆ شارە گەورەکان وەک تاران. شاری سنە ناوەندی ئیداری کوردستانە.

زمانی کوردی بە سەر دوو زاراوەی سەرەکیدا دابەش بووە: سۆرانی و کرمانجی. کۆمەڵگا بچووکترەکانی"گۆرانی" و ئاخێوەرانی زاراوە کوردییەکانی تریش لە ئێران دەژین. زۆربەی کورد موسڵمانی سوننەن، گەرچی کەمایەسییەکیان شیعەن. هەندێکیان ئێزەدین، کە ئایینێکە

ئەوەی یارمەتی بە لێ تێگەیشتنیان بدەین.
[6] - Kordestan ، کە هەروەها بە گشتی پێی دەگوترێت Kurdistan یاخود کوردستانی ئێران.

رەگی بەر لە ئیسلامی هەیە، هەندێکی تریان بەهایی یا ئەهلی حەقن،[7] هەروەها لایەنگرانی تەریقەتی سۆفیایەتی قادری و نەقشبەندیش. ئایینی رەسمی ئێران ئیسلامی شیعەیە، کە بە ئاشکرا لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگری لێ دەکرێت.[8]

ئوستانی کوردستان، ناوەندی نیشتە جێ بوونی کورد لە ئێران، یەک لە هەژارترین ئوستانەکانی وڵاتە. ئابوورییەکەی لە سەربنەمای کشتوکاڵ، مەر و ماڵاتداری، و کاری دەستی دانراوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ژنان و کچان تێیداکار دەکەن.[9] وەک زۆربەی شوێنەکانی تری ئێران، دانیشتوانی ئوستانی کوردستان گەنجن- بە گوێرەی ئەرقامی ساڵی 1988 ی یونیسێف، زیاد لە سەدا 42 یان لە ژێر تەمەنی 15 ساڵاندا بوون.[10]

خودموختاریی بە کردەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991، و لەوێشەوە هەتا دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لە ساڵی 2005، واهەیە هاندەری چالاکانی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران بوویێت بۆ ئەوەی خوازیاری بارودۆخێکی هاوچەشن بن لە ئێران. هەروەها بۆی هەیە ئەو مەسەلەیە ترسی لە مێژینی رێبەرانی ئێرانی بەهێزتر کردبێت لەوەی کە ئەو کۆمەڵگا کەمایەتییانەی وا هەمان گرووپی قەومییان لە وڵاتانی دراوسێدا هەیە بیانەوێت لە ئێران جیا ببنەوە.

گەرچی گەلێک فاکتی دیکەش لەو پەیوەندییەداهەن، بەڵام ئەو چەشنە ترسانە بە شێوەیەک روونکردنەوەی هەڵس و کەوتی حکوومەت لە گەڵ ئەو کەمایەتییانەیە . عەرەب، ئازەربایجانی، بەلووچ و ورکمان، هەموویان لە سەرسنوورەکان دەژین و تووشی هەمان رەنجی هەڵاواردن هاتوون کە ئێستا کوردەکان دەیکێشن.

باوەڕی گشتی ئەوەیە کە دەوروبەری نیوەی دانیشتوانی ئێران لە کەمایەتییە قەومی یا ئایینیەکان پێک هاتوون.[11] سەرەڕای ئەوەی یاسای بنەڕەتی وڵات زامنی بەرانبەری دەکات و ئیران بەرپرسیایەتی یاسا نێونەتەوەییەکانی قەبووڵ کردوە، هەڵاواردن و ستەمکاری لە کۆمەڵگا کەمایەتییەکان، کە داوای رێزگرتنی زیاتری مافە فەرهەنگی و سیاسییەکانیان دەکەن،

---

[7] - واتە خەڵکانی لایەنگری حەقیقەت- عەلی ئەڵڵاهی و "یارسان"یشیان پێ دەگوترێت.

[8] - بەلووچ ، زۆربەی کورد، هەندێک ئێرانی و تورکمان، هەموویان موسوڵمانی سوننەن کە ئەوانیش رووبەڕووی هەڵاواردنی ئایینی بوونەتەوە.

[9] - یونیسێف،

[10] - یونیسێف، هەمان

[11] - گەرچی خەملاندنێکی هەمە چەشنە لە سەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندنانەی وا لە ساڵانی پێشوودا بەڕێوە چوون یاخود تەخمین کردنێکی ژمارەی دانیشتوان بە دەستەوەیە، بەڵام دەسەڵاتداریەتی ئێران هیچ ئامارێکی فەرمی سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی پێکهێنەری ئێران بە دەستەوە نادات.

لەم ساڵانەی دواییدا، و بە شێوەیەکی بەرچاو لە کاتی هەڵبژێرانی سەرۆک ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی 2005ەوە، توندوتیژتر بووە.

## گرووپە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن

کۆنترین گرووپی ئۆپۆزسیۆنی کورد حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە(KDPI). حزبەکە لە ساڵی 1946 دامەزراوە و خێرایەک بەربەست کراوە. لە ساڵی 1979 و دوای ئەوەی لە شۆڕشدا دەورێکی کلیلی بینی، ئازاد بوو. لە شارە کوردییەکاندا دەسەڵات کەوتە دەست ئەو شۆڕایانەی وا حدکا ڕێبەرایەتی دەکردن، و گەیشتە ئەو شوێنەی کە بنکە و پادگانی پۆلیس و سوپایان لە شارە کوردنشینەکان بە دەست خۆیانەوە گرت.[12]

هەر چۆنێک بێت، تا ناوەڕاستەکانی ساڵی 1979 تێک گیرانی چەکدارانە لە نێوان پاسدارانی شۆڕشی حکوومەتی نوێ و گرووپە چەکدارەکانی کورد، بە تایبەت حدکا و گرووپی مارکسیستی کۆمەڵە رووی دا. ڕێبەری ئەو دەمی حکوومەتی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئایەتوڵڵا روح الله خومەینی، کە چەمکی کەمایەسی قەومی دژ بە فێرکردنەکانی ئیسلام دەزانی، فەرمانی سەرکوت کردنی ئۆپوزیسیۆنی کوردی دەرکرد. تاقمێک شاروگوندی کورد وێران کران و نزیکەی 10 هەزار کورد کووژران.[13] هەزاران کورد دوای دادگایی کرانێکی کورت، قەراری ئیعدامیان بۆ دەرچوو.

خێرایەک دوای سەرهەڵدانی شەڕی ئێران و عیراق لە ساڵی 1980دا، حکوومەتی ئێران هێزێکی گەورەی سوپاییناردە ناوچە سنوورییەکان و دەسەڵاتی شارە گەورەکانی گرتەوە دەست خۆی. هێرشێکی گەورەی ساڵی 1984 هێزە کانی حدکای ڕەتاندە ئەوپەڕی سنوور بۆ ناوخاکی عیراق.[14] لە ماوەی شەڕەدا، حکوومەتەکانی هەردوولا هانی چالاکی جیابوونەوە خوازییان لە لایەن کوردە ناسیۆناڵیستەکانی وڵاتەکەی تر دەدا، کە گەیشتە ئەنجامی کەرت بوونی سیاسی گرنگ و تێک گیران لە نێو کورددا.

لە ساڵی 1991، بە لە بەر چاوگرتنی بارودۆخی خراپی کوردی عیراق، حدکا دژایەتی چەکدارانە ی خۆی لە گەڵ دەسەڵاتداریەتی ئێران هەڵپەسارد. ئێستا حزب داوای " دەست ڕاگەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ناو کۆماری فیدراڵی ئێران" دەکات و ماوەیەکی زۆرە بەکارهێنانی توندوتیژی داوەتە دوواوە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی، بگات بەڵام "لە خەباتی

[12] - یە رە واند ئیبراهیمیان، ، 1982، لاپەڕە 527.
[13] - کریستۆفێر دێ بێلاگ، هەمان شوێن، لاپەڕە 60.
[14] - قەتڵی میکۆنۆس: شی کردنەوەی تێرۆرێکی سیاسی، هەمان سەرچاوە

نەتەوایەتی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان پشتگیری دەکات"[15] لە ساڵی 2005دا، حدکا دۆخی راوێژکاریی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێ درا، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی 2006 دا حزب بوو بە دوو بەشەوە. زۆرینەکەی، کە لە لایەن مستەفا هیجرییەوە رێبەرایەتی دەکرێت، ناوی حدکای پاراست.

لە سپتەمبەری 2007دا، حدکا رایگەیاند کە زیاد لە 300 کەس لە ئێراندا دەست بەسەرن کە تۆمەتی ئەوەیان لێدراوە رەگی کێشەیان بگەڕێتەوە بۆ پشتگیری کردنی گروپە سیاسییە کوردییەکان یاخود بە هەمان تاوان مەحکووم کراون. بە گوێرەی حدکا، لای کەم 200 کەس زیندانی نێوان 6 مانگ تا 20 ساڵیان بۆ بڕاوەتەوە، کە تاقمێک لەو کەیسانەش دەگرێتەوە وا لێبووردنی نێونەتەوەیی هیچ زانیارییەکی لێیان نەبووە یاخود زانیاریی زۆر کەمی لێیان بووە. بۆ نموونە، بە گوێرەی حدکا، جەهاندار موحەممەدی، چالاکێکی NGO[رێکخراوە ناحکوومییەکان]، خەڵکی شاری سنە، لە مانگی جانیوەری 2007 دا 15 ساڵ زیندانی پێدرا بۆ پەیوەندیگرتنی لە گەڵ گرووپە سیاسییەکانی ناو ئوپۆیسیۆن، سمکۆ قادرپوور، زیندانییەکی سیاسی خەڵکی بۆکان لە مانگی دیسەمبری 2006 دا 11 ساڵ زیندانی لە سەر بنەمایەکی هاوچەشن پێدرا، و میکائیل غوڵامی، چالاکێکی NGO خەڵکی سنە، لە مانگی فیبرەوەری 2007دا، سێ ساڵ زیندانی بۆبڕایەوە.

لێبووردنی نێونەتەوەیی لە سەر ئەو باوەڕیە کە تاقمێکی زۆر، ئەگەر سەدان کەس نەبن، لە زیندانیانی سیاسی کە پەیوەندیان بە حدکا و حزبە سیاسییەکانی دیکەوە هەیە، دوای دادگایی کردنێکی ناعادڵانە لە زینداندان یا قەراری زیندانیان بۆ دەرچووە، ئەوانیتر بۆ ئەندامیەتی یاخود لایەنگری کردنی حدکا رووبەرووی راونان بوونەتەوە.

بە گوێرەی یاساکانی پەیوەندیدار بە ئاسایش، ئەندامیەتی ئەو حزبە یاساخ کراوانە، شایانی سزای زیندانە. بە پێی هەواڵ، هەندێک لەو گروپانە، و یەک لەوان کۆمەڵە، هێرشی چەکدارییان کردۆتە سەر دەوڵەتی ئێران. ئەوندەی کە لێبووردنی نێونەتەوەیی ئاگادارە، ئەوان هێرشیان نەکردۆتە سەر ئامانجە غەیرە سوپاییەکان و مافی مرۆڤیشیان پێشێل نەکردوە.

حزبی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک)[16] کە لە ساڵی 2004 دا سەری هەڵدا، سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک ک) ە، کە ساڵانێکی زۆرە بە کاری دژایەتی کردنی چەکدارانەی حکوومەتی تورکیاوە خەریکە. وا دەردەکەوێت ئەمڕۆکە، پژاک تاقە گرووپی چەکداری چالاکی کورد بێت. بە پێی قسەی خۆیان، 3 هەزار ئەندامی چەکداریان لە چیاکاندا هەیە، کە نزیکەی نیوەیان ژنن، و هەروەها هەزاران لایەنگریان هەیە، گەرچی وا دەردەکەوێت لە ئوستانە

---

[15] - وەرگیراو لە "        " کە لە لایەن حدکاوە بڵاوکراوەتەوە، و رێکەوتی دەرچوونی نییە.
[16] - پارتیا ژیانا ئازادییا کوردستانێ، یا پ ژا ک

سەرەکییە کوردییەکانی کوردستان و کرماشاندا لایەنگریان کەم بێت. دەسەڵاتداریەتی ئێران دەڵێن پژاک رێکخراوەیەکی تیرۆریستیە کە حکوومەتی ئەمریکا چەکداری کردوون و پشتگیریان لێ دەکەن.

دەسەڵاتداریەتی ئەمریکا، پژاکی بە گوێرەی یاسای ئەمریکا، وەک رێکخراوەیەکی تیرۆریستی بێگانە(FTO) نەناساندوە، بەڵام چالاکییەکانی گرووپەکەی بە توندی مەحکووم کردووە و دەگوترێت کە کاربەدەستانی رەسمی ئەمریکا
ئەوە دەدەنە دوواوە کە لە کاتی سەردانی خسووسی ساڵی 2007ی رێبەری پژاک بۆ واشەنگتن چاویان پێی کەوتبێت.

لە ساڵی 2006 بەملاوە، پاسدارانی شۆرش لە ئێران لە ناوخۆی وڵات کەوتوونەتە تێکگیرانی پچرپچڕەوە لە گەڵ پیشمەرگەی کورد، کە وادەردەکەوێت زوربەیان هی پژاک بن، ئەویش بە گشتی لە بەشی باکووری چوارئوستانی سەرسنووری عیراق. راپۆرت گەیشت کە لە فیبرەوەری 2007 دا پێشمەرگەی کورد لە جەهەننەم دەرە، نزیک بەشاری خۆی ئازەربایجانی رۆژئاوا هێڵی کوپتەرێکی پاسدارانی شۆرشیان لەناو بردوە و 9 ئەفسەریان کوشتووە. ئینجا راپۆرت گەیشت کە پاسدارانی شۆڕش لە چیاکانی شاری سنووریی سەڵماس زنجیرەیەک هێرشیان دژ بە کورد وەڕێ خستوە کە تێیدا لای کەم 17 کورد کووژراون، کە وا دەزانرێت جەنگاوەر بووبێتن.

لێبووردنی نێونەتەوەیی لە هەموو بارودۆخێکدا ئەو هێرشانە مەحکووم دەکات کە بە دەستە قەسد دەکرێنە سەر مەدەنییەکان، جا هێرشەکە لە لای هێزەکانی حکوومییەوە بێت یا گرووپە چەکدارە سیاسییەکان، هەروەها بارمتەگرتن، ئەشکەنجە و هەرچەشنە رەفتارێکی خراپ لە گەڵ گیراوەکان و هێرشی رەشکوژی و نابەجێ و کوشتنی گیراوەکان مەحکووم دەکات.

لە ساڵی 2006 دا بەرەی یەکگرتووی کورد(KUF) پێک هات و بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە خوازیاری ئەو مافانە بوو کە پێیان وابوو بە شێوەیەکی سیستماتیک لە کورد درێغ کراون. بنیادنەری بەرەی یەکگرتووی کورد، بەهائەدینی ئەدەب، گوتی:

> ناوچە کوردنشینەکان لە هەموو بوارێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ژیاندا گیرۆدەی هەڵاواردن و بێ رێزیی [فەرمی] هاتوون. کورد هیچ بەشێکی لە دابەش کرانی دەسەڵات یا هەوڵی پێشخستنی ئابووری دا نییە، چوار ئوستانە کوردییەکانی وڵاتەکەمان پێشکەوتیان بە خۆوە نەبینیوە و بێ بەشن. لەوێدا خەڵک لە کاروباری فەرهەنگیدا رووبەرووی بەربەست بوونەتەوە، کە بەرگرە لە سەر رێگەی پێشکەوتندا.[17]

## 3.هەڵاواردنی کورد

[17] - لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ رادیۆی ئوروپای ئازاد/ رادیۆ ئازادی(REF-RL)، 3ی جانیوەری 2006.

یاسای بنەڕەتی بە گوێرەی قانوون، مافی ژیانی بەختەوەر دەداتە هەموو ئێرانییەک.[18] بەڵام، ئەوە بە کردەوە دوور لە راستییە.

ئێران، دەوڵەتی ئەندامە لە "رێکەوتننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان" ((ICCPR، "رێکەوتننامەی سەبارەت بە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان" ((ICESCR، "رێکەوتننامە سەبارەت بە لە ناوبردنی جیاوازیی رەگەزایەتی" ((CERD و "رێکەوتننامەی سەبارەت بە مافەکانی منداڵ" ((CRCو داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکرێت کە مافەکانی ئەو گەلانەی وا کەمایەتین بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، هەروەها بۆ لە ناو بردنی هەڵاواردن هەنگاو هەڵێننەوە.[19]

هاوڕێ لە گەڵ زۆرکاری تر، داوا لە دەسەڵاتداریەتی ئێران دەکرێت بۆ لە ناوبردنی هەڵاواردنی کەمایەسییەکان لە بواری مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی- بە مافی کارکردنەوە کە دەبێ ئازادانە هەڵبژێررێت، هەروەها خانووبەرەی بەڕێ وجێ، خواردن وئاو، پەروەردە و خوێندن، بەرزترین رادەی گونجاوی تەندروستی، و بەشداریی بەرانبەر لە ژیانی فەرهەنگیدا هەنگاو هەڵێننەوە.

## ئایین و فەرهەنگ

کوردی ئێران، کە زۆربەیان سوننین، بەهۆی ئایینیانەوە رووبەرووی هەڵاواردن بوونەتەوە، تەنانەت گەرچی یاسا فەرمییەکانی ئێران ئیسلامی سوننە بە رەسمی دەناسن و لە گەڵیدا گونجاوییان هەیە. دامەزراوە ئایینیەکانی کوردانی سوننە بە گشتی داخراون، لە کاتێکدا هی شیعەکان لە لایەن حکوومەتەوە پەرەپێ دەدرێن و پشتگیری دەکرێن. تەنانەت یەک مزگەوتی سوننیان لە شوێنەکانی دیکەی وڵات دەکات.

رەفتاری جیاوازیدانەرانە دژ بە سوننیان باڵ دەکێشێتە سەر پەروەردەی منداڵان- یۆنیسێف بۆی دەرکەوت کە هەتا ساڵی 1998 تەنیا دوو قوتابخانەی منداڵانی سوننی لە شارەکانی قوروە و بیجار هەیە.

---

[18] - ماددەی 3(14) و 19

[19] - بۆ نموونە، ماددەی 26ی ICCPR داوا لە دەوڵەتان دەکات پارێزگاری کردنی بەرانبەری یاساکان رەچاوبکەن و لە بەڕێوەبردنی مافەکانی مرۆڤدا جیاوازی دانەنێن. کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ کە بە گوێرەی ICCPR چاوەدێری بەڕێوەبردنی ئەو یاسایانە دەکات، روونی کردۆتەوە کە ئەم یاسایە باڵ بەسەر هەموومافەکانی مرۆڤدا دەکێشێت، بە مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی، و فەرهەنگییەوە. ماددەی 27ی ICCPR دەڵێت: " لە ناو ئەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتی قەومی، ئایینی، یا زمانییان هەیە، کەسانی سەر بەو کەمایەتییانە نابێ مافەکانیان بە بەرانبەری لە گەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا پشت گوێ بخرێت، بۆ ئەوەی بتوانن فەرهەنگی خۆیان بەڕێوەببەن، ئایینی خۆیان دەرببڕن و بەڕێوەی بەرن، یاخود سوود لە زمانی خۆیان ببینن." پەیمانەکانی تر و یەک لەوان ماددەی 30 رێکەوتننامە سەبارەت بە مافەکانی منداڵ، ماددەی 2 لە 'جاڕنامەی مافەکانی خەڵکانی سەر بە کەمایەسی نەتەوەیی، قەومی، ئایینی یا زمانی،' ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 1992 دا پەسندی کردوون.

مەلای کوردی سونیی، هەندێک جار، تووشی دەستدرێژی بۆ سەر مافی مرۆڤانەیان هاتوون. بۆ نموونە، لە جانیوەری 2008دا مەلایەک بە ناوی ئەییوب گەنجی بۆ ماوەی 13 رۆژ ون بوو دوای ئەوەی ئیمامەتی نوێژی جومعەی لە مزگەوتی قوبەی شاری سنە کرد، هەواڵ گەیشت کە خۆپیشاندەران دوای بێ سەروشوێن کرانی بە زۆرەملێ ئەو، لە نزیک بینایە دەوڵەتییەکان کۆبوونەوە و گوتیان ئەگەر بە هەواڵی مەلاکە نەزانین خۆپیشاندانی زیاتر دەکەین. رۆژی 8ی فیبرەوەری ئەییوب گەنجی لە زیندان ئازاد کراو بە گوێرەی هەواڵ، تووشی رەنج و ئازارێک هاتبوو، کە

وا دەردەکەوت ئەنجامی خورپە و کارەساتێکی لە رادەبەدەر بوو‌بێت و یەک لەوانە، نەناسینەوەی هاوسەر و کورەکەی، و هاوارکردن بە شێوەیەک بوو کە دەتگوت ئازاری دەدەن.

تاقمە ئایینیەکانی تر بریتین لە ئەهلی حەق، کە پەیرەوانی زیاتر کوردن و زۆربەی ئەندامانی لە کرماشان و شارە گەورەکان یاخود دەوروبەری ئەوان دەژین. ئایینەکەیان، کە هێندێک شێوەی باوەڕی ئیسلامیشی پێوەیە، نوێنەرایەتی هەویەی ئایینی کوردان دەکات. بە پێی یاساکانی ئێران، ئەهلی حەق بە فەرمی نەناسراون و رێ و رەسمیان یاساخ کراوە. هەروەها مەنع کراون لەوەی لە گەڵ مێدیادا باسی ئایینی خۆیان بکەن.

لەم ساڵانەی دواییدا کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەت داوایان لە مودیری قوتابخانەکان کردووە رایبگەیەنن ئایا لە ناو فەرمانبەران یا قوتابیەکانیاندا هیچ ئەندامێکی "ئایینە گومڕاکان"(فرقە ضالە) هەن و ئەوەشیان بە گوێی مودیرەکاندا کە "هەرچەشنە چالاکی و پروپاگەندەیەک لە لایەن ئەندامانی ئەو گرووپانەوە یاساخە" (بڕوانە پاشکۆی 1 و 2). بۆ نموونە، لە مانگی ئوکتوبری 2007 دا، دەسەڵاتداریەتی لە کرماشان بۆ فەرماندارانی ناوچەکەیانی نووسی:

" دوابەدوای ئەو فەرمانەی وا لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە.... سەبارەت بە چالاکی ئەهلی حەق بۆ
دروست کردنی شوێنی کۆبوونەویان دەرچوو،[وەبیرتان دێنینەوە کە] ئەو دامەزراوانە بنەمای
قانوونی و شەرعی یان نییە، بەو بۆنەیەوە تکایە خۆبگرن لە نامە نووسین و پەیوەندی گرتن لە گەڵ
هەر ئیدارەیەکی دەوڵەتی سەبارەت بەوان و ئیجازەی دروست کردنی هیچ چەشنە بینایەکیان پێ مەدەن..." (بۆ بەڵگەی تەواو بڕوانە پاشکۆی 3).

جیا لە مەسەلەی ئایین، ئیجازە بە کورد نادرێت هەندێک ناو لە سەر منداڵەکانیان دابنێن وەک ناوی سۆران(کە ناوی زمانەکەیانە)، خەبات(تێکۆشان)، ئاڵا(پەرچەم) بۆکوڕان و ئەژین(بەرانبەر)، فرمێسک(ئەسرین)، و رزگار(ئازاد). هەموو ئیدارەیەکی"سەبتی ئەحواڵ" لیستەیەک ناوی ئیجازەپێدراوی هەیە، ناسنامە بۆ کەس دەرناکرێت مەگەر بنەماڵەکە قەبووڵی بکات کە دەبێ ناوێکی مۆڵەت پێدراو بەکار بهێنێت.

ئەرکە نێونەتەوەییەکانی ئێران ئەوە دەخوازن کە "....کەمایەتییە ئایینی و زمانییەکانی وڵات... کەڵک لە فەرهەنگی خۆیان وەربگرن[ و مافی ئەوەیان هەبێت کە] ئایینی خۆیان رابگەیێنن و بەڕێوەی بەرن..."[20]

**ئیش و کار و دامەزران**

شێوەی کاری " " بۆ هەڵاواردنی کورد و خەڵکانی تر بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی دەست بەجێ کاری دەوڵەتییان لێ درێغ بکرێت، گەرچی بە کردەوە، لە هەندێ بەشی کەرت تایبەتیش بە هەمان شێوە ڕەچاو دەکرێت. بە یاسا و کردار، ئەم رەوتە زیان بە دەرەتان و رەفتاری بەرانبەر لە بواری ئیش و کار و دامەزرانی کەسانێک دەگەیێنێت کە داوای کار دەکەن لە کەرتی گشتی و نێوە دەوڵەتییەکان(وەک "بونیاد" واتە دامەزراوەکان) وبە گوێرەی هەواڵ، لە هەندێک

بەشی کەرتی تایبەتیش.[21] "" بۆ هەڵبژاردنی داواکارانی ئیش و کار لە هەموو کارێکی دەوڵەتیدا بەکار دەهێنرێت، جا مامۆستای قوتابخانە بێت، فەرمانبەری کارخانە، کرێکاری دووکان یاخود کاندیدای پەرلەمان. دەوڵەت بە دڵنیایی گەورەترین خاوەن کاری ئێرانە.

چالاکانی کورد دەڵێن حکوومەت ناوچە کوردنشینەکانی پشت گوێ خستووە و بەرگری لە دەرەتانی ئیش و کار دەکات. بۆ نموونە، چالاکان دەڵێن بەرنامەی خاوێن کردنەوەی زەوییەکان لەو مینانەی کە بە هۆی شەڕی ساڵانی 1980-1988ی ئێران و عیراقەوە دانراون، زۆربە ئەسپایی بەڕێوە دەچێت و بەربەستە لە سەر رێگەی پێشکەوتی کشت وکاڵ و پیشەسازی.

**خانووبەرە**

کورد بۆ ماوەی چەندین دەیە رووبەرووی کێشەی پەیوەندیدار بە خانووبەرەبۆتەوە هەر لە وێرانبوونی گوندە کوردنشینەکان لە ماوەی شەڕی ئێران و عیراقەوە، تا کێشەکانی ئەم دواییانە کە بریتین لە پشت گوێ خستنی دەوڵەت و ماڵ پێ چۆڵکرانی بە زۆرەملێ.[22]

---

[20] - ماددەی 27ی ICCPR

[21] - بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەڵاواردنی رەوتی "گوزینش"، تکایە سەیری سەرنجەکانی لێبووردنی نێونەتەوەیی بکەن لە پەیوەندی کۆنفەرانسی 91 ە مینی نێونەتەوەیی کاردا ((AI Index: IOR 42/003/2003

لێکۆڵەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتی سەردانی مانگی جولای- ئۆگوستی 2005ی ئێراندا سەبارەت بە خانووبەرەی بەڕێ وجێ[23] دەڵێت کە بارودۆخی ژیان بۆ کوردان لە کرماشان گەلێک جێگەی ناڕەزایی بوو. ناوبراو زیادی دەکات و دەڵێت:

"ئەو شایەدییانەی وا سەبارەت بە بارودۆخی خانووبەرە لە ئیلام گەیشتوون، کە دانیشتوانێکی زۆری کوردی هەیە، بە هەمان شێوە جێگەی نیگەرانین و دەری دەخەن کە کاری بینات نانەوەی دوای شەڕ لەو شوێنە، زۆر کەم، بە ئەسپایی و دوور لە رەزامەندییە."[24]

لێکۆڵەری تایبەت سەرنجی بەرەو خانووبەرە و دۆخی ژیانی نالەبارو بێ ری وجێ ی کۆمەڵگا کەمایەتییەکان راکشا و دەست نیشانی سروشتی جیاوازیدانەرانە و کارتێکەریی راگواستن و زەوت کردنی بە زۆرەملێی زەویی گوندەکان بۆ دانانی کێڵگەی گەورە یاخود کارخانەی پێتروشیمی کرد.
لێکۆڵەری تایبەت گوتی:
"[ ]

...[بە]....
خانووبەرەکانیانەوە.... ئەوانەی وا زەوییان لێ زەوت کراوە، ئەم کارە وەک داگیرکردن سەیر دەکەن، بە تایبەت کە ئەو پارەیەی وا لە بەرانبەر زەوییەکەدا پێیان دەدەن گەلێک کەمترە لە نرخی بازار."[25]

لێکۆڵەری تایبەت بەو راستییە گەلێک تێکچوو کە ... وا دەردەکەوت جیاوازی دانان[لە ئامادەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان] بە شێوەیەکی نابەجێ شوێنی سەرەکی دانابێتە سەر ناوچە و ئوستانی سەر بە کەمایەتییەکان، کە ئەوەش بە ئاشکرا دەبێتە هۆی هەڵاواردن."[26] هەروەها دەست نیشانی ئەوەی کرد کە"پەراوێزکردنی ئەم کۆمەڵگایانە ئاگری نائارامی مەدەنییان خۆش کردووە، بەرەوپێکدادان لە گەڵ هێزەکانی ئاسایشی بردوون و توندوتیژی و کەش و هەوای تووڕەیی و بێ باوەڕییان پەرە پێ داوە."

---

[22] - رەزا ئەفشاری، مافەکانی مرۆڤ لە ئێران: 2001
/ :
سپتەمبەری 1997، لاپەڕە 25.

[23] - لێکۆڵینەوەی تایبەت سەبارەت بە خانووبەرەی بە ڕێ وجێ وەک پێکهێنەری رادەیەکی لەبار بۆ ژیان.

[24] -کوثری، میلوون، راپۆرتی لێکۆڵەری تایبەت سەبارەت بە خانووبەرەی بەڕێ وجێ وەک پێکهێنەری ماف بۆ رادەیەکی لەباربۆ ژیان- مەئمووریەت بۆ کۆماری ئیسلامی (19 تا 31ی جولای، ریفرەنسی نەتەوە یەکگرتووەکان E/CN.4/2006/41Add.2, 21 March 2006,

[25] - هەمان شوێن، پەرەگرافی 43

[26] -هەمان شوێن، پەڕەگرافی 51

لێکۆڵەری تایبەت داوای لە دەسەڵاتداریەتی ئێران کرد کۆتایی بە راگواستنی زۆرەملێ بهێنن و بودجەی پێویست بۆ ئەو ئوستانانە دابنێن بکەن کە بە شیوەی مێژوویی پەراوێز کراون، بۆ ئەوەی یارمەتی تێگەیشتن لە مافی هەبوونی خانووبەرەی بەڕێ وجێ بدەن و دۆخی دەست راگەیشتن بەئاو، کەرەسەی خاوێنکاری و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی تر باشتر بکەن.[27]

بە گوێرەی ستاندارەدە نێونەتەوەییەکان، هەموو کەس مافی "رادەیەکی بەڕێ و جێی ژیانی هەیە...بەخواردن، جل وبەرگ وخانووبەرەی بەڕێ وجێ و بارودۆخی روو لە باشتربوونی بەردەوامی ژیانەوە" و داوا لە حکوومەت دەکرێت کە "هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ رێزگرتن، پارێزگاری کردن و بەجێ هێنانی مافی خانووبەرەی بەڕێ و جێ" هەڵێنێتەوە.[28]

دەوڵەتی ئێران وەڵامی راپۆرتی لێکۆڵەری تایبەت **یا** رێنومایییەکانی ئەوی نەدایەوە.

**پەروەردە**

یاسای بنەڕەتی ئێران دەڵێت زمانی فەرمی و نووسینی ئێران فارسییە[29] و بەڵگەنامەی فەرمی و دەقی کتێبەکان دەبێ بەو زمانە بێت. سەرەڕای ئەوە، بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و عەشیرەییەکان لە چاپەمەنی و بڵاوکراوە، و هەروەها بۆ فێرکردنی زمانە ناوچەیی و عەشیرەییەکان لە قوتابخانەکان هاوڕێ لە گەڵ فارسیدا، ئیجازەی پێدراوە. بەڵام،هیچ چەشنە هەنگاوێک لە سیستەمی پەرورەدەی ئێراندا بۆ دەرس گوتنەوەی زمانی کەمایەتییەکان یا بۆ دەرس گوتنەوەی ئەو زمانانە وەک زمانی دووهەم هەڵنەهێنراوەتەوە - گەرچی ئەو ئامادەکارییانە لە یاسای بنەڕەتی و پێوانە نێونەتەوەییەکاندا گونجاون.[30]

بە گوێرەی وەزارەتی پەروەردە، خوێندن لە قوتابخانە دەوڵەتییەکان بە خۆڕایی و لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی("راهنومایی")دا[31] ئیجبارییە ودەرس گوتنەوەش لە هەموو پلەیەکدا بە فارسی دەبێت. لە ناوچە دوو زمانییەکان، پێش ئەوەی دەرسی قوتابخانە دەست پێ بکات، کۆرسێکی یەک مانگی دادەنرێت کە تێیدا بابەتە سەرەکییەکان، وەک فارسی، بە وانە دەگوترێتەوە بەو کەسانەی وا سەرەتا دەچنە قوتابخانە.[32]

---

[27] - هەمان شوێن، پەرەگرافی 103 تا 105
[28] - بەشی دوایی ئەو قسانە لە بەر ماددەی 201ی ICESCR رێک خراوە، ئەوی پێشتریان ماددەی 11.1ە.
[29] - ماددەی 15
[30] - ماددەی 15ی یاسای بنەڕەتی ئێران دەڵێت، "زمانی فەرمی و نووسینی ئێران و زمانی ناوکۆیی خەڵک، فارسییە. بەڵگەنامە فەرمییەکان، نامە و دەقەکان و دەقی کتێبەکان دەبێ بەو زمان و رێنووسە بن. بەڵام، بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و عەشیرەییەکان لە چاپەمەنی و مێدیا و هەروەها بۆ فێرکردنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانەکان، هاوڕێ لە گەڵ فارسی ئیجازە دەدرێت." بە گوێرەی ماددەی 29.2ی رێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ، ماددەی 18ی ICCPR، ماددەی 13.3ی ICESCR و ماددەی 5bی رێکەوتننامەی یونیسێف دژ بە هەڵاواردن لە پەرەوەردەدا، هەموو تاکە کەسێک(بە ئەندامانی کەمایەتییە کانەوە)، مافی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی رێکخراوە پەروەردەییەکانیان هەیە، بە مەرجێ ئەوەی لە گەڵ رادەی کەمی پێوانەی پەروەردەی دانراوی دەوڵەتدا یەک بگرنەوە. هەروەها، دایک و باوکەکان مافی ئەوەیان هەیە پەروەردەی منداڵەکانیان بە پێی ئایین و باوەڕی فەلسەفی خۆیان بێت کە ئەوە مافی هەڵبژاردنی رێکخراوەی جیا لە وانە ش دەگرێتەوە وا دەسەڵاتداریەتی گشتی دایناون و بەڕێوەیان دەبات. لە عەینی کاتدا کە دەوڵەت خوێندن و پەروەردە بە زمانە فەرمییەکان بۆ زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکە بەڕێوە دەبات، ئەندامانی کەمایەتییەکان مافی ئەوەیان هەیە قوتابخانەی وا دابمەزرێنن و بەڕێوەی ببەن کە تێیاندا پەروەردە بە زمانی خۆیان بێت.
[31] - قوتابخانەی سەرەتایی بە"دەبستان" دەناسرێت و منداڵی تەمەن 6/7 ساڵان تا 10/11 ساڵان دەگرێتە بەر. "راهنومایی" هی تەمەنی 12/13 تا 13/14یە. خوێندنی قۆناخی دووهەم، واتە" دەبیرستان" بۆ تەمەنی 14/15 تا 17/18 ساڵانە و ئیجباری نییە.

| خوێندنی سەرەتایی: بەرنامەی دەرسی هەفتانە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وانە | سەعاتی دەرسی هەفتانە لە هەر پۆلێکدا | | | | |
| | I | II | III | IV | V |
| قورئانی پیرۆز | 1 | 2 | 2 | 2 | 2 |
| فێرکردنی ئایینی | - | 2 | 2 | 2 | 2 |
| ئینشای فارسی | - | 2 | 2 | 2 | 2 |
| دیکتەی فارسی | - | 3 | 2 | 2 | 2 |
| خوێندنی فارسی | 11 | 3 | 4 | 3 | 3 |
| فێرکاریی کۆمەڵایەتی | - | - | 2 | 3-2 | 3-2 |
| هونەر | 2 | 2 | 2-1 | 2-1 | 2-1 |
| زانست و ساغیەتی | 3 | 3 | 3-2 | 3 | 3 |
| بیرکاریی | 5 | 5 | 4 | 4 | 4 |
| وەرزش | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 |
| سەرجەمی دەرسی هەفتانە | 24 | 24 | 24 | 24 | 24 |
| سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە، 2003، هەر سەعاتێکی خوێندن لە پلەی 1و2دا 45 خولەکە و لە پلەی 3تا 5دا 50 خولەک. | | | | | |

| پەروەردەی پلەی راهنومایی: بەرنامەی دەرسی هەفتانە | | | |
|---|---|---|---|
| وانە | ژمارەی سەعاتی هەفتانەی هەرکام لە پۆلەکان | | |
| | I | II | III |
| ئەدەبی فارسی | 5 | 5 | 5 |
| بیرکاری | 5 | 4 | 4 |
| زانست | 4 | 4 | 4 |
| فێرکاری ئایینی | 3 | 2 | 2 |
| زمانی عەرەبی | 3 | 2 | 2 |
| وانەی کۆمەڵایەتی | 3 | 3 | 3 |
| هونەر | 2 | 1 | 1 |
| ناساندنی تەکنیک و پیشە | 3 | 3 | 3 |
| زمانی بێگانە | 2 | 4 | 4 |
| ئامادەیی بۆ دیفاع | - | - | 1-0 |
| قورئانی پیرۆز | 2 | 2 | 2 |
| وەرزش | 2 | 2 | 2 |
| "کاری تەرویجی" | 2 | 1 | 1 |

[32] - بڕوانە یونیسێف – کۆمیتەی نێونەتەوەی پەروەردە، داتای جیهانی سەبارەت بە پەروەردە7/2007 (لە سەر بنەمای راپۆرتی فەرمی دەوڵەتانی ئەندامی یۆنیسێف) )،
http://www.ibe.unesco.org/countries/WDE/2006/index.html لێبووردنی نێونەتەوەیی دان بەوە دادەنێت کە پەیڕەوە ناونەتەوەییەکان سەبارەت بە مافی زمان لە پەروەردەدا لاوازن. دادگای ئوروپا بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاندووە کە دەوڵەت دەبێت "فرەشێوەیی گونجاو لە پەروەردەدا دابین بکات." ئەوەش، مافی دامەزراندنی رێکخراوە پەروردەکان دەگرێتە بەر، کە بە ئاراستەی دابین کردنی تۆرە و زمانی کەمایەتییەکان بەڕێوەدەبرێن، بەو مەرجەی کە لەهەموو قوتابخانەکاندا هیچ نەبێت کەمترین رادەی بەرانبەریی رەچاوبکرێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆرسی قەرەبووکردنەوە | 2 | 3 | 3-2 |
| کۆی سەعاتی هەفتانە | 36 | 36 | 36 |
| سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە، 2003 هەر دەرسێک ماوەی 50 خولەک دەخایەنێت. | | | |

نـە زانراوە کە لە هیـچ قوتابخانەیەـکی خسـووسی"غەیری ئینتیفاعـی"یـش، کە لە دوای سـاڵی 1988 ئیجازەی دانرانیان داون و لە ژێـر چاوەدێریـی وەزارەـتی پەروردەدان، زمانـی کوردی لە هیچ سەعاتێکی دەرس دا، دەرس بگوترێتەوە.[33]

لە مانگی فێبریوەری 2008دا چالاکانی مافی مرۆڤ بە لێبووردنی نێونەتەوەییان ڕاگەیاند کە لە سێ مانگی دواییدا، لای کەم سێ مودیری ناوەندی چاوەدێریی منداڵی پێش قوتابخانە، لە ئوستانی کوردستان بانگ کراونەتە دەفتەری ئامۆژگاریی ئاسایش لە فەرماندارییە ناوچەییەکان بە ناوی ئەوەی ئیجازەی دەرس گوتنەوەی"زمانی غەیرە نەتەوایەتی"یان داوە. "سۆما" – کە ڕێکخراوێکی غەیرە حکوومییە و لە شاری سنەو مەهاباد بۆ ماوەی 3 ساڵ، زمانی کوردی لە قوناغی پێش قوتابخانەدا بەکار هێناوە، بە گوێرەی هەواڵ لە کۆتاییەکانی ساڵی 2007 و سەرەتاکانی ساڵی 2008 دا لە لایەن دەسەڵاتداریەتیەوە داخرا و کەرەسەی ڕێکخراوەکانیش بران. ئەوانیتریش هەڕەشەیان لێکراوە کە ئیجازەیان لێ دەستێنرێتەوە.

کورد لە پەیوەندی پەروەردەدا گەلێکیان خەبات کردوە. لە 20ی فیبریوەری 2007دا، بۆ نموونە، خوێندکارانی کورد لە زانکۆی ئەدەبی زانستگەی تاران ڕێ وڕەسمێکیان بەڕێوە برد کە لەوێدا داوای بە دەرس گوتنەوەی زمانی کوردییان لە سیستەمی پەروەردەی ئێران و یەک لەوان لە زانستگەی شاری سنە کرد.[34] ڕێ وڕەسمەکە بە بەدەرکردنی بەیانێک کۆتایی پێ هات کە لە بەشێکیدا ڕاگەیێنرابوو:"وەک هەموان دەزانن، زمان روخسارێکی سەرەکی نەتەوەیە. زمان، بیرو فەرهەنگ و [...]رادەگەیێنێت. لە کەش وهەوای هەمەکولتوریی ئەمڕۆی جیهاندا و لە سەر بنەمای جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ئوسووڵە ئینسانییەکانی تر، هەموو نەتەوەیەک دەبێ مافی پەرەپێدان و پێشخستنی زمانی خۆی هەبێت. هەموان لە سەر ئەوە هاودەنگن کە هەموو زمانێک دەتوانێ لە رەوتی شارستانیەتی مرۆڤدا دەور ببینێت."

---

[33] - هەمان

[34] - ئێران: کەمایەسییە قەومییەکان ڕووبەڕووی شەپۆلێکی نوێی دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ دەبنەوە (AI Index: MDE 13/020/2007, News Service No. 039, 26 February 2007.

ئەم رێ ورەسمەش گەیشتە ئەنجامی ئەوەی هەندێک لە رێکخەران و بەشدارانی بگیرێن و بۆ ماوەی زۆر دەست بەسەر بکرێن.

لێبووردنی نێو نەتەوەیی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت دەبێ هەنگاوی ئەرێ یی هەڵێننەوە بۆ ئەوەی، ئەگەر بگونجێت، ئەندامانی کەمایهتییەکۆمەڵایەتییەکان دەرەتانی پێویستیان بۆفێربوونی زمانی زگماک، یا پەروەردە بە زمانی زگماک، هاورێ لە گەڵ فێربوونی زمانی فەرمی، هەبێت و هانی زانینی زمان و فەرهەنگی کەمایە تییەکان لە ناوچەی خۆیان بدرێت.[35]

**4. ستەمی دووقات: ژن و کچی کورد**

لە ناوەڕاستی ساڵی 2006دا دیبا عەلیخانی، داکۆکیکارێکی مافەکانی مرۆڤ، ئۆفیسەکەی خۆی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی بچێتە دادگا لە مەیدانی ئازادی شاری سنە. کاتێ لە دادگا نزیک بووەوە، چاوی بە ژنێک کەوت کە زیندانبانێکی ژن ئیسکۆرتی دەکات. لەپڕ پیاوێک دەرکەوت، چەقۆیەکی دەرهێنا و بە گەرووی ژنەکەیدا هێنا. دیبا عەلیخانی هەڵات بۆلای شوێنەکە و لە دوو پاسەوانی چەکداری دەرەوەی دادگا پاڕایەوە بۆ یارمەتی. پاسەوانەکان سووک و هاسان پارەیە کیان فڕێدایە سەر لەشی ژنە مردووەکە، پارەی رەش بە نیازی ئەوەی"زووتر ببرێتە جەهەننەم". ژنەکە بەوە تۆمەتبار کرابوو کە پەیوەندی جنسی بێ مارەیی هەبووە. دیبا عەلیخانی لە بەرانبەر ئەو تاوانە "نامووسی"یە کارەساتە دا ، بێ دەسەڵات مایەوە و هیچ کارێکی لە دەست نەهات. حکوومەتیش نەیتوانی ئەو کەسە بگرێت کە قەتڵەکەی کرد بوو.

ژنانی کورد بۆ سەلماندنی مافەکانیان رووبەڕووی خەباتێکی دوو قات بوونەتەوە: وەک کورد، لە کۆمەڵگایەکی پەراوێزکراودا دەژین و وەک ژن، لە کۆمەڵگایەکدان کە بە زۆریی، نەریتی باوک مەزنانە بە سەریدا زاڵە. لە هەردوو حاڵەتدا، کەوتوونەتە بەر یاسا جیاوازیدانەرەکان. رستەیەک کە زۆر جار ژنانی کوردی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران دەیڵێن، ئەوەیە: 'ئێمە هەم ژنین هەم کورد، کەوابوو، لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا دوو تاوانمان لە سەرە".[36] لیکۆڵەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ژنان[37]، کە لە جانیوەری – فیبریوەری 2005 دا سەردانی ئێرانی کردوە، گەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی کە ژنانی سەر بە کەمایەتییەکانی ئێران لە گەڵ هەڵاواردنی چەند قات دا رووبەڕوون.[38]

[35] - ماددەی 4.3 و 4.4ی بەیاننامەی خەڵکانی سەر بە کەمایەتی نەتەوەیی یا قەومی، ئایینی و زمانی، پەسەندکراوی ئەنجومەنی گشتی، بڕیارنامەی 135/47ی 18ی دیسەمبەری 1992.

[36] - ما هم زن هستیم، هم کرد، پس در جمهوری اسلامی ایران دو اتهام داریم.

[37] - ناوی تەواوی ئەو فەرمانە بریتی یە لە"لێکۆڵەری تایبەت لە مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ژنان، هۆکار و ئەنجامەکانی." فەرمانهەڵگرەکە لە سەردەمی چوون بۆ ئێراندا یەکین ئەرتورک بوو.

[38] - بڕوانە راپۆرتـــــی جانیوەری 2006ی ناوبراو، بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان E/CN.4/2006/61/Add.3 لە پەرەگرافی ژمارە 32دا ناوبراو دەڵێت:"توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران رەگی لە نابەرانبەریی ژێندەر داکوتاوە، کە دوو فاکت رایانگرتووە و بەڕێوەی دەبەن (ئا) بایەـخی باوک مەزنانە و ئەو هەڵس و کەوتانەی وا لە سـەر بنەمای باوەڕ بە سـەروەریی

گەرچی ژن و کچ بڕبڕەی پشتی چالاکی ئابووری ناوچە کوردنشینەکانن، سەرەڕای ئەو بەشداریی کردنە ش، خۆیان سوود لە دۆخێکی هاوکێش نابینن:

" پیاو بڕیار دەدات ئایا کچ، خوشک، یا هاوسەرەکەی بچێت بۆ قوتابخانە، بۆ کار، یا بۆ هەر شوێنێکی دیکە بە ئامانجی کارکردن. لە بەر ئەم هۆیە، خوێندەواری ژن و کچی کورد، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشێنەکان، یا کەمترین یاخود یەک لە کەمترینیانە لەوڵاتدا. لە بەر هەمان ئەو هۆیانە، لە پێرستەکانی چاوەدێریی تەندروستی دا ڕێژەی مردنی سەر منداڵبوون و مردن بە هۆی نەخۆشی دوای منداڵبوونەوە گەلێک بەرزە، و هەژاری، گەرچی لە ناو کۆچبەرانی چینی خوارەوە و گوندنشینەکانی کوردستان هەمەلایە نییە(کذا)، لە پەیوەندی ژناندا تەنانەت زیاتریشە".[39]

پەیرەوی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، کە بە ناوی نەریت و ئایینەوە ڕەچاو دەکرێن، بۆ سەلماندنی پشـت گوێ خرانـی مافەکانـی ژنان بەکار دەهێنرێـن. ئەو پەیڕەوانە هەندێـک شوێنـی یاسـاخ کراوی کۆمەڵایەتییان لە هەندێک شوێنی کۆمەڵایەتی کورد خوڵقاندوە کە دەبنە بەرگر لە سەر ڕێگەی لاوەکییەکان وەک کاربەدەستانی دەوڵەتیی ئێران، کە بە شێوەی کارامە بە پەروەردەی کچان، بە مێرددانی زوو و بە زۆریی، و بە توندوتیژی ناوماڵ دژ بە ژن و کچی کورد، خۆکوژی لە ڕێگەی خۆ بەخت کردن، و کوشتنی"نامووسی" رابگەن.

لە ئێرانیـش، وەک هەموو شوێنێکـی جیهان، ژنان ڕۆژانە دەبنە قوربانـی توندوتیژی و لە لایەن کۆمەڵگاو هەروەــها کاربەدەــستانی دەوڵەتەوە ڕووبەڕووی هەڵاواردن لە کۆمەڵگادا دەبنەوە. دەـستدرێژیکەران واهەیە کاربەدەـستانی حکوومـی، ئەندامانـی تاقمەکان یاخود تاکە کەس و لەوانە، ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان بن.

شتێکـی نەگونجاوە بەربڵاوی و باوبوونـی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ناوچە کوردنشینەکانـی ئێران ژمارە بکرێت- هۆکارێک ئەوەیە کە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و نەتەوەییەکان بە شێوەی پێویست دەستیان بە هەموو شوێنەکانی کوردستان ڕاناگات. شتێکی ڕوونە، کە هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان لە ناوچە کوردییەکان لەهەموو شوێنەکان هەیە و چاوپۆشیشـــــــــــی لێ دەکرێت.

---

پیاو دانراوان، (ب) ئەو دامەزراوە مۆڵەت پێ دراوانەی لای حکوومەت کە لە سـەر بنەمای لایەنگریـی ژێندەر دانراون، شـی کردنەوەی دەمارگیرانەی ئوسـوولی ئیسـلامی. لە عەینـی ئەوەدا کە یەکەمیان جیهانـی و دیاردەیەـکی ریشەداری مێژووییە، ئەوی دواییان تایبەت بە ئێرانە و رەـگی لە سیاسەتی ژێندەر و سیاسەتی داسەپاوی وڵاتەکەدایە. بەڵام، هەر دوو فاکتەرەکان نوێنەرایەتی کۆمەڵگایەک دەکەن کە نێرینە بەسەریدا زاڵە و نێرینە دەسەڵات بە یاساکان دەدات و بەڕێوەیان دەبات.

[39] - یۆنیسێف، ،
.(1998)1377

بۆ هەڵاتن لە دەست توندوتیژی و دەستدرێژی، هەندێک لە کچان و ژنانی کود پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی گەلێک توندڕەوانەی ئازاربەخۆگەیاندن و خۆیان ئاگر تێبەردەدەن.

سیستەمی دادوەری ئێران هیچ چارەسەرێک بۆ بەرگریکردن لەو توند وتیژییە نابینێتەوە کە ژنان و کچان رووبەڕووی دەبنەوە یاخود چارەسەرەکانی بە ڕادەی پێویست نین. لێکۆڵەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کێشەی توندوتیژی دژی ژنان رایگەیاندووە:

"یاسا جیاوازیدانەرەکان لە هەردوو یاسای مەدەنی و سزای ئێراندا دەورێکی گرنگ دەبینن بۆ دەسەڵات بەخشین بە پیاو و بێ چارەیی ژنان لە مەسەلەی توندوتیژیدا خراپتردەکەن. بە تایبەت،

پەیرەوکانی یاسای سزا، کە پەیوەندیان بە هەندێک بواری وەک ژن و مێردایەتی، سەرپەرەشتی کردنی منداڵ، ئازادیی هات وچۆ و میراتەوە هەیە، واهەیە توندوتیژیی دژ بە ژنان لە لایەن تاوانکاران و تاکە کەسانەوە بەردەوام و ئاسایی بکەن، پەیرەوەکانی یاسای سزا کە پەیوەندیان بەو تاوانانەوە هەیە کە لە شەرعدا هاتوون و بریتین لە "حدوود"، "قصاص"، و "دیە" لە مەسەلەی دادپەروەریی ژێندەردا خاوەنی گرنگایەتی تایبەتن."[40]

وەک ئەنجامێک، پۆلیس و فەرمانبەرانی دادپەروەری زۆرجار نایانەوێت تاوانکارێکی توندوتیژیکەری دژ بە ژنان لە ناوچە کوردنشینەکان بگرن یاخود بکەونە شوێنیان. تەنانەت ئەگەر کەسێکیش بگیرێت، پۆلیس ئەغڵەب لێکۆڵینەوەی لێ ناکات یا تاوانبارەکە ناباتە دادگا. هانی ژنان نادرێت گازندە لە هێرشکارەکانیان بکەن و دەترسن بنەماڵەکەیان تووشی شەڕمەزاری بکەن یاخوی لە لایەن هێرشکار و خزمەکانیەوە تووشی تۆڵەکاری بێت.

بۆ نموونە،"شەمامەی قوربانی"(کە بە "مەلەک"یش دەناسرێت) کوردێکی ئێرانییە، بە تاوانی زینا لە مانگی جوونی 2006دا، لە دادگایەکی ورمێ قەراری سەنگەساری بۆ دەرچوو. راپۆرت گەیشت کە مێردوبراکانی ئەو پیاوەیان کوشتۆتەوە کە لە ماڵی ژنەکەدابوو، و ئەویش دوای ئەوەی بە چەقۆ لێیاندا نزیک لە کوشتن بووەوە. لە مانگی نۆڤەمبەری 2006دا، هەواڵ گەیشت کە دادگای بەرز قەراری سەنگەسارەکەی شکاندووە و حوکمی دادگایی کردنی دووبارەی دەرکردووە و دەست نیشانی ناتەواویی توێژینەوەکانی سەبارەت بە کەیسەکەی کردووە. وا دەزانرێت کە شەمامەی قوربانی لە دادگا دا پێی لە پەیوەندە جنسییەکە ناوە بەو خەیاڵەی کە بەم کارە دەتوانێت مێردوبراکانی لە ئیعدام بپارێزێت. بە گوێرەی یاسای ئێران، کوشتن نابێ سزای هەبێت ئەگەر بۆ داکۆکی لە شەرەفی کەسەکە یاخود خزمەکانی رووی دابێت.

---

[40] - پەڕەگرافی 44 لە راپۆرت سەبارەت بە لێکۆڵەری تایبەت، مەئموورییەتی جانیوەری- فیبریوەری 2005 بۆ ئێران بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان: E/CN.4/2006/61/Add.3

دەگوترێت کە شەمامەی قوربانی لە نامەیەکدا بۆ لقی 12ی دادگای جینایی، گوتوویەتی:" لە بەر ئەوەی مــن گوندی و نەخوێندەوارم، یاســام نەدەزانــی، لام وابوو ئەگەر ئیعتراف بکەم بە پەیوەندی لە گەڵ پیاوە مردووەکە، دەتوانم مێردوبراکەم لە قەتڵی عەمد رزگار بکەم. من لە دادگادا ئەو قسانەم بە درۆ کرد و دواتر زانیم کە زیانم بە خۆم گەیاندووە.[41]

دەسەڵاتداریەتی، کەمتر واهەیە تەنانەت لە هەواڵی دەست درێژی جینسی بۆ سەر ژنان یاخود کوشتن و خۆکوژییان بکۆڵنەوە. ئەو ژنانەی کە هەواڵی دەست درێژی جینسی بۆسەر خۆیان رادەگەیێنن، لە مەترسی ئەوەدان بگیرێن و بەوە تاوانبار بکرێن کە"زینا"یان کردوە.[42] لە کەیسی زۆر دەگمەندا، کە تۆمەتباری دەستدرێژی جینسی دادخوازییان لێ

کراوە، زۆر جار بە بێ تاوان ناسراون یاخود قەراری سووکی نابەجێیان بۆ دەرچووە کە لە گەڵ گەورەیی تاوانەکەدا، یەکی نەگرتۆتەوە. بە کورتی، بێ سزامانەوە، تاوانبارانی توندوتیژی بە سەر ژناندا زاڵ و سەرکەوتوو دەکات.

داوا لە دەسەڵاتداریەتی ئێران دەکرێت کە بە پێی رێکەوتننامەی ICCPR "وەئەستۆی بگرن زامنی بەرانبەریی مافی ژن و پیاو بکرێت بۆ ئەوەی سوود لە هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسییانە ببینن کە لە رێکەوتننامەکەدا راگەیێنراوە". ئەسڵی بەرانبەری لە نێوان ژن و پیاو، و بە تایبەت خواستی لە ناوبردنی هەموو چەشنە توندوتیژییەک دژ بە ژنان، بەلێنی سەرەتایی ناو یاسای مافی مرۆڤی نێونەتەوایەتییە. بوونی پێوەرە نەریتی، عورفی، ئایینی یا کۆمەڵایەتییەکان نابێ بەرگری لە دەوڵەت بکات ئەو ئەرکانەی رابپەڕێنێت.[43]

دەسەڵاتداریەتی ئێران هەروەها پێویستی سەرشانیانە تێ بکۆشن توند و تیژی دژ بە ژنان لە ناو ماڵ و لە کۆمەڵگادا لەناو بەرن. دەسەڵاتداریەتی دەبێ زامنی ئەوە بکەن کە ئێران یاسا، سیاسەت و بەرنامەی هەیە کە بە گوێرەی ئەوان ئەم مافانە دەسەلمێنن و بە کردەوە دەتوانرێت بەکار بهێنرێن بۆ ئەوەی ژنان دەستیان بە مافەکانیان رابگات و لە دەستدرێژی بپارێزن، و زامنی ئەوە بکەن کە بە سکاڵای ئەوانەی وامافیان پێشێل دەکرێت رادەگەن و قەرەبووی پێویستیان بۆ دەکەنەوە.

---

[41] - ئەم کەیسە لە [راپۆرتی] "ئێران: کۆتایی بە کوشتنی بە سەنگەسار بهێنن"، جانیوەری 2008 دا هاتووە. .(AI Index MDE 13/001/2008)

[42] - زێنا یا زینا، بریتیە لە پەیوەندی جینسی و لە قانوونی سزادا بەم شێوەیە واتا کراوەتەوە کە جووت بوونی ژنێکە لە گەڵ پیاوێک کە لە بنچینەدا یاساخ، یا" "ە، مەگەر لەو کەیسانەدا کە کەسەکە گومانی هەبێت.
بڕوانە: : (AI Index: MDE 13/001/2008)

[43] -بڕوانە:
: (AI Index: ACT 77/049/2004)

یەکەم لێکۆڵەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان،"رازقە کۆمارسوامی" دەنووسێت:
" دەوڵەتان دەبێ مافی مرۆڤی ژن پەرەپێ بدەن و بیپارێزن و بە وشیارییەوە هەوڵ بدەن کە:

(ئا) بەرگری لە هەموو چەشنە توندوتیژییەکی دژ بە ژنان[VAW] بکەن، لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە و سزای بدەن جا لە ماڵەوە بێت، لە شوێنی ئیش، لە ناوجەماوەر یا لە کۆمەڵگا، لە زیندان، یا لە بارودۆخی پێکدادانی چەکدارانەدا،

(ب) هەموو هەنگاوێک بۆ دەسەڵات بەخشین بە ژن و بەهێزکردنی سەربەخۆیی ئابوورییان هەڵێننەوە و پارێزگاریی سوودوەرگرتنیان لە هەموو مافێک و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان بکەن و پەرەی پێ بدەن،

(پ) توندوتیژی دژ بە ژن[VAW] مەحکووم بکەن و بە ناوی ئایین یا فەرهەنگەوە پەنا بۆ عورف و نەریت یا شێوەکرداری وا نەبەن کە لە ئەرکی فەوتاندنی ئەو توندوتیژییانەیان دوور بخاتەوە،

(ت) لە پێناو پەرەپێدان و/کەڵک وەرگرتن لە هەنگاوی یاسایی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و هەر هەوڵێکی تر بۆ بەرگری کردن لە توندوتیژی وەک بڵاوکردنەوەی زانیاری، خوێندەواری یاسایی، خەبات و فێرکردنی فەرمانبەرانی یاسا و دادگاکان و تەندروستی تێ بکۆشن".[44]

لیبووردنی نێونەتەوەیی دەزانێت کە دەسەڵاتداریەتی ئێران، وەک هەموو حکوومەتێکی تر، لە رووبەرووبوونەوەی ئەو کردەوانەی وا ریشەیان لە فەرهەنگ و باوەڕێکدایە کە توندوتیژی دژ بە مافی مرۆڤی ژنان رەوا دەکەن، تووشی تەنگژە هاتووە. بەڵام، لێبووردنی نێونەتەوەیی لای وایە کە حکوومەتی ئێران هەنگاوی پێویستی بۆ لە ناوبردنی هەڵاواردن، کۆتایی هێنان بە دەوری توندوتیژی دژ بە ژنان و سزادانی تاوانباران، چ ئەندامانی بنەماڵە یا فەرمانبەرانی حکوومی، هەڵنەهێناوەتەوە.

پۆلیس و دادوەری بە ئاشکرا لەو توندوتیژییە دا کە دەکرێتە سەر ژنان دژیان دەوەستن. دەوڵەت دەبێ بۆ لە ناوبردنی ئەو لایەنگرییە هەنگاو هەڵبنێت وەک ئەوەی حوکم لە فەرمانبەران بکات کە لە ئەرکەکانیاندا پارێزگاریی مافەکانی مرۆڤی ژن بکەن، هەروەها لە رێگەی راهێنانیانەوە بۆ مەسەلەی جیاوازی دانەنان. لە ژوور ئەوانەشەوە، دەبێ خۆیان دڵنیا

[44] - رازقە کوومارسوامی، لێکۆڵەری تایبەت سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان، راپۆرت بە لێژنەی مافەکانی مرۆڤ، بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، E/CN.4/2003/75, 6 January 2003 پەڕەگرافی 85.

بکەن کە هەموو دەسەڵاتدارێکی حکوومی بە وریاییەوە دادەوری و لێپرسینەوەی ئەو کەسانە بکات کە دژ بە ژنان توندوتیژییان نواندووە، و هەنگاوی تایبەت بۆ پارێزگاری کردنی ژنان و کچان هەڵێنێتەوە.

لە زۆر وڵاتدا بۆ بەرەنگاری کردنی نابەرانبەری و هەڵاواردن، و بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی، یاسادانراوە، و لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو مەسەلەیە[نابەرانبەری و جیاوازی دانان لە گەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان] گەیشتوون. لە کاتێکدا کە واهەیە لە ناوبردنی سەرجەمی توندوتیژی دژ بە ژنان گونجاو نە بێت، دەوڵەتان مەجبوورن هەنگاوی دیاریکراوی کاریگەر هەڵێننەوە بۆ ئەوەی کاری پارێزگاری کردنی ژنان بەرەوپێش بڕوات و لەوە دڵنیا بن کە تاوانباران دەدرێنە دەست عەداڵەت و قوربانیان قەرەبوویان بۆ دەکرێتەوە. هەنگاوی یاسایی دەبێ بە هەنگاوی بە کردەوەی ئەوتۆ پشت ئەستوور بێت کە وەڵامدەری هۆکارە بنچینەییەکانی توندوتیژی بێت، بە کاروکردەوەی عورفی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە.

پێداویستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان خەریکە لە ئێران پێی دەزانرێت، و تۆڕی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ژنان خەریکن بەرنامەی کاری مافی ژنان بەرەو پێشەوە دەبەن. ئەم بەرنامەیە دەبێ لە لایەن دەسەڵاتدارییەوە پشتگیری لێ بکرێت.

### چوونە قوتابخانە و خوێندەواری

پێوەرە فەرهەنگییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا کە بۆ مەسەلەی ژن و مێردایەتی بەزۆر و زوو هاسانکاری دەکەن ، ترسی توندوتیژی لە ناو کچانی کوردی ناوقوتابخانەدا کردۆتە شتێکی هەمیشەیی و شوێنی خراپی داناوەتە سەر خوێندەواری کچانی کورد. ئەو پێوەرانە، هەرچۆنێک بێت، بیانوویەک بۆ دەوڵەتی ئێران نین لەوەیدا کە دەرەتانی پێویست بۆ پەروەردەی کچانی کورد دەستەبەر بکات.[45]

خشتەی ژمارە 1.15 خوێندە واریی گەورەساڵان، بە گوێرەی ژیندەر و ئوستان و دانیشتوانی گوند/و شار 2000-1988

[45] - ماددەی 3ی CCPR I لە لایەن لێژنەی مافی مرۆڤەوە وەک ئەرکی سەرشانی دەوڵەتان لە پێناو هەوڵی بەڕێوەبردنی شرۆڤەکراوە. بڕوانە بۆچوونی گشتی ژمارە 28ی لێژنەی مافی مرۆڤ سەبارەت بە ماددەی 3، و ڕەشنووسی بۆچوونی گشتی لێژنەی مافی مرۆڤ سەبارەت بە ماددەی 2.

Figure 1.15: Adult literacy, by gender and province and rural/urban residence 1988–2000




Sources: NHDR 1999, Ministry of Education 1999, DHS 2000

| | | |
|---|---|---|
| Male = نێرینە | تاران | پیاو لە شار |
| Total=سەرجەم | اصفهان | پیاو لە گوند |
| Female= مێینە | کردستان | ژن لە شار |
| | سیستان و بلوچستان | ژن لە گوند |

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە 1999 1999، NHDR،DHS 2000وەرگیراو لە ئێران: راپۆرتی هەڵسەنگاندنی هاوبەشی نەتەوەیەکگرتووەکان- 2003 لاپەڕە 33(بڕوانە: ) :
http://www.undg.org/archive_docs/3370-Iran_CCA.pdf

ماددەی 30 یاسای بنەڕەتی ئێران پەروەردەی بەخۆڕایی بۆ هەموو هاووڵاتیان تا قوتابخانەی ناوەندی گرتۆتە بەرچاو. بە گوێرەی ئەرقامی دەوڵەتی ئێران، زیاد لە سەدا 90ی منداڵانی تەمەن 6 تا 10 ساڵان دەستیان بە قوتابخانەی سەرەتایی رادەگات.[46] و رێژەی خوێندەواری بە گوێرەی هەواڵ دەگاتە پلەیەکی بەرزی وەک سەدا 97.
بەڵام ئەرقامی ساڵی 1998ی یۆنیسێف نیشاندەری کەم بوونی جیددی پەیڕەوەکانی خوێندن بۆ کچان و ژنانی کوردە-[47] سەدا 57ی ژنان لە بەراوەرد لە گەڵ سەدا 79 ی پیاوان خوێندەوار بوون.[48] لە ناوچە شارییەکانی کوردستان لە بەراورد لە گەڵ 85ی پیاواندا سەدا 68ی ژنان خوێندەوار بوون. لە ناوچە گوندنشینەکان ئەو ژمارەیە سەدا 46 و سەدا 71 بووە.[49] جیاوازییەکان زوو دەردەکەون. لە ساڵی 97-1996ی خوێندندا، سەدا 56.5ی هەموو

[46] - ئەو مەسەلەیە لە لایەن کومیتەی مافەکانی منداڵەوە پێشوازی لێکراوە. بڕوانە پەرەگرافی 3ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان CRC/C/15/Add.254, 31 March 2005 کە عینوانەکەی بریتی بوو لە:

- : .

[47] - "
:
گۆڤاری ئیکونۆمیست، 18ی ئوکتۆبری 2003

[48] -یونیسێف، هەمان شوێن.
[49] - یونیسێف، هەمان شوێن.

قوتابییانی قوتابخانە، کوڕ بوون لە کاتێکدا تەنیا سەدا 43.5یان کچ بوون. کە لە بەری پەروەردە، لە مەسەلەی ژیندەردا لە هەموو پلەیەکی بەرزتری خوێندن گەورەتر دەبێتەوە. لەوەش زیاتر، بە گوێرەی راپۆرتی هاوبەشی ساڵی 2003ی هەڵسەنگاندنی وڵاتان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، سەرجەمی رێژەی خوێندەواری بۆ تەمەنی 15 تا 24 سالان لە کوردستان گەلێک لە رێژەی مام ناوەندیی نەتەوایەتی کەمترە(سەیری خشتەی سەرەوە بکە)، و رێژەی ئوستانی سیستان و بەلووچستان لە هەمووان کەمترە.[50]

لە ساڵی 2005 دا کاتێ چاوپێداخشاندنەوەی چۆنیەتی خۆرێک خستنی ئێران لە گەڵ رێکەوتننامەی سەبارەت بە مافەکانی منداڵ دەکرا، کومیتەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ نیگەرانی خۆی بەم شیوەیە دەربڕی:

"...سەبارەت بە جیاوازی نێوان کوڕ وکچ کە درێژە بە بوونی دەدرێت بەرزترین رێژەی بەجێ هێشتنی قوتابخانە لە گوندەکان تا دەگەنە تەمەنی باڵغ بوون، بریتییە لە: کەم بوونی ژمارەی مامۆستای کچ لە ناوچە گوندنشینەکان، مەودای زۆری نێوان ماڵ و قوتابخانە، کە کچان لە ماڵەوە دەهیڵێتەوە، بە تایبەت دوای قوتابخانەی سەرەتایی، و کەم بوونی قوتابخانەی بزوێن بۆ منداڵی عەشیرەتەکان، هاوڕێ لە گەڵ جیاوازی زۆر لە ژمارەی کاربەدەست و کەرەسە لە نێوان قوتابخانەی ناوچە شاری و گوندییەکان و جیاوازی نێوان ئوستانە زۆر پێشکەوتوو و دواکەوتووەکان، گەیوەتە ئەنجامی دەرەتانی نابەرانبەری پەروەردە."[51]

حکوومەتی ئێران دەبێ هەنگاوی ڕاستەقینە بۆ راگەیشتن بە لارسەنگی لە تێگەیشتنی مافی پەروەردە لە نێوان کوڕوکچ دا هەڵێنێتەوە. بەتایبەت کەمترین تەمەنی جێ هێشتنی قوتابخانە دەبێ لە گەڵ کەمترین تەمەنی کارکردن یاخود 15 ساڵان یەک بگرێتەوە کە تەمەنی کۆتایی هێنان بە خوێندنی دەورەی ئامادەیی(راهنمایی) و زۆر ساڵ دەورەی دەبیرستانیشە پێش ئەوەی منداڵەکە بگاتە تەمەنی شازدەساڵان. ئیتر ئەوە لە گەڵ ئەو ستانداردانە یەک دەگرێتەوە کە رێکەوتننامەی 138 سەبارەت بە کەمترین تەمەنی کارکردن خوازیاریەتی و ئێران هێشتا بەجێی نەهێناوە.

حکوومەت دەبێ بەو فاکتەرانەی دیکەش رابگات کە دەبنە هۆی رێژەی بەرزی بەجێ هێشتنی قوتابخانە لە نێو کچانی کورددا ئەو فاکتەرانە بریتین لەوەی کچانی قوتابخانەی سەرەتایی کاریان بدرێتێ بۆ ئەوەی پارەی پێ پەیدابکەن، بە تایبەت لە قاڵی چنین یا کشت وکاڵدا، ئەوەش چارەسەر بکرێت ئەگەر لەبەر ئەوە ناچنە قوتابخانە کە لە تەمەنی بلووغ دا مامۆستاکان پیاون، یا بە مەجبووری بە مێرد دەدرێن.

[50] - هەڵسەنگاندنی هاوبەشی وڵاتان لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە ئێران، هەمان شوێن.
[51] - بڕوانە:

-
: :
CRC/C/15/Add.254, 31 March 2005

**ژن ومێردایەتی زوو و بە زۆرەملێ**
بە مێرددانی زۆرەملێ لە تەمەنی کەمدا ئێستاش هەر لە ناو کچانی کوردی ئێراندا باوە. لە راستیدا، وێدەچێت کارەکە لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی هەژاریی، پەرەی زیاتریشی سەندبێت- بنەماڵەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە مێرد کردنێکی ئەوتۆ، داهاتوویەکی باشتر بۆ کچەکانیان دابین بکات.

بە پێچەوانەی ئەو بە مێرددانەی کە بنەماڵە رێکی دەخات، ومەجبوورکرانی تێدانییە، بە مێرددانی زۆرەملێ بریتییە لە هەر جەشنە بە مێرددانێک بە بێ ڕەزامەندی هەر دوو لایەن. ئەو کارە، بۆی هەیە هۆکارێکی ملهوڕی، ئازاردانی مێشک، گوشاری سەرهەست، و زەخت و زۆری بەرینی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی بێت.

یاسای ئێران رێگا دەدات کچانی گەنجی تەمەن 13 ساڵ شووبکەن(تا ئەم دواییانەش 9 ساڵ بوو) و کوڕانی لاوی 15 ساڵان ژن بهێنن. ئەگەر دایک و باوک رایان لە سەر بێت ژن و مێردایەتی لە تەمەنی کەمتر لەوانەشدا گونجاو دەبێت. هەموو کچ و ژنێک بۆ مارەبڕان دەبێ روخسەتی باوک(یا، لەنەبوونی ئەودا، نێرینەی دیکەی بنەماڵەکە)یان لە سەر بێت.[52]

یاسای نێونەتەوەیی، بۆ نموونە، ماددەی 23(3)ی ICCPRدەڵێت:" نابێ پەیمانی هیچ ژن و مێردایەتییەک ببەسترێت بە بێ ئیجازەی ئازادانە و تەواوی ئەوانەی وا دەبنە هاوسەر." ژن و مێردایەتی بەزۆرەملێ یاساخە.

ژن و مێردایەتی بە زۆرەملێ شێوازێکی توندوتیژییە کە ئەندامانی بنەماڵە دژبەژنان دەکەین. ئەو کارە پەیوەستە بە ژن ومێردایەتی منداڵانەوە، کە بۆی هەیە ژن و مێردایەتی بە زۆرەملێ بەرهەم بهێنێت. بە گوێرەی ماددەی 19 و 24ی رێکەوتننامەی سەبارەت بە مافەکانی منداڵ،بە هۆی ژن ومێردایەتی کەم تەمەنەوە مافەکانی منداڵ بۆ پەروەردە، تەندروستی، و بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە، ئازادی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی ژیانیان پشت گوێ دەخرێت. هەروەها وێ دەچێ ژن و مێردایەتی بە زۆرەملێ هۆکارێکی خۆقوربانی کردنیش بێت(بڕوانە خوارەوەتر).

راپۆرتی ساڵی 1998ی یونیسێف رێژەیەکی گەلێک بەرزی ژن و مێردایەتی زۆرەملێ، لە کوردستان نیشان دەدات، کە ژن و مێردایەتی کەم تەمەنیش دەگرێتە بەر، گەرچی تێیدا گوتراوە کە وا دەردەکەوێت ئەم کارە روو لە کەمبوونەوە بێت. بارودۆخێک کە دەبێتە هۆی ژن و منێردایەتی زۆرەملێ، لەو وەڵامانە دەردەکەوێت کە بە توێژێنەرانی یونیسێف دراون، و بریتین لە ئاگایی کەم(لە سەر حیسابی تەمەنی منداڵی لە کاتی ژن و مێردایەتیدا)، هەڕەشەی لێدان لە لایەن دایک و باوکانەوە ئەگەر منداڵەکان باسی مەسەلەکە بکەن، سەرنج راکێش بوونی دەوڵەت و ماڵی کوڕی خوازبێنیکەر و بارودۆخی باشتری ژیانی، و دیمەنی مارەییەکی زۆر و/یا پارەی شیربایی(واتە نرخی بووکێنی)، یا ئەو پارەیەی وا دەدرێتە دایک و باوکی بووک.

[52] - بڕوانە قانوونی مەدەنی ماددەی 1041

یونیسێف هەروەها دەست نیشانی ئەوەی کردوە کە رێژەی تەڵاق لە کوردستان بە کردەوە بەرزە، و وەک هۆکاری مەسەلەکەش باسی ئەم خاڵانەی خوارەوەی کردوە: منداڵنە بوونی ژن، پێکەوە نەگونجان، دەرمانخۆربوونی مێرد، پشت گوێ خرانی ژن و منداڵ، لێدانی ژن، هەژاری یا بێ ماڵ و حاڵی، نەخۆشی، و کەلەبەری نێوان تەمەنی دووکەسەکە.

حکوومەتی ئێران دەبێ هەنگاوی یاسایی و گەلێک هەنگاوی تر هەڵێنێتەوە بۆ ئەوەی زامنی ئەو مەسەلەیە بکات کە مارەیی تەنیا کاتێک بپرڕێت کە لە سەر بنەمای رەزامەندی تەواو و ئاگایانەی هەردوو ئەو کەسانە بێت کە دەبن بە هاوسەری یەکتر. تەمەنی ژن و مێردایەتی دەبێ پارێزگاری باشترین بەرژەوندییەکانی منداڵ بیت و دەبێ زیاتریش بێت لەو کەمترین رادەیەی تەمەن کە بۆ چوونە ناو هێزی کارەوە پێویستە و وەک پشتگریکە بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئیجباری، کە کۆتایی پەروەردەی ئامادە یی واتە دەورەی راهنوماییە، و هەر چەند ساڵێکی دیکەش لە خویندنی ناوەندی کە پێویست بێت پێش ئەوەی منداڵ بگاتە تەمەنی 16 ساڵان.

**خۆکوشتن و کوشتنی "نامووسی"**

نابەرانبەری، هەڵاواردن و گەلێک شێوازی توندوتیژی و بێ بەش بوونی کۆمەڵایەتی کە تووشی ژنی کورد هاتووە، دەبێتە ئەنجامی ئاڵۆزتربوونی تەنگژە کۆمەڵایەتییەکان و یەک لەوانە، زیاترکردنی رێژەی خۆکوژی و خۆقوربانی کردن. خۆقوربانی کردن کردارێکە لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان روودەدات، و لەوێ دا لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران گشتی ترە. هەندێک بە قسە "خۆکوژی"، واهەیە شانۆسازی بۆکرابێت بۆ ئەوەی کوشتنی"نامووسیی" پێ بشارنەوە.[53]

یاسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ کوشتنی"نامووسی" وەک شێوازێکی توندوتیژی دژ بە ژنان لە لایەن بنەماڵەو کۆمەڵگاوە سەیردەکات. ئەم تاوانە لە ناو مافەکانی تردا مافی ژیان و

[53] - بەشێکیش وەک ئەنجامی هەر ئەو مەسەلەیە، ئامارێکی پرواپێکراو سەبارەت ژمارەی کوشتنی"نامووسی" لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بە دەستەوە نییە.

ئاسایشی کەسەکە و مافی رەهابوون لە ئەشکەنجە و بێرەحمی، رەفتاری نامرۆڤانە و سووک، و مافی بەرانبەریی لای یاسا و پارێزگاریی کرانی بەرانبەریی بەردەم یاسا پێشێل دەکەن. تاوانەکان هەروەها ژنان لەو مافانە بێ بەش دەکەن کە رێکەتننامەی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان زامنی کردوون، بۆ نموونە، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، مێردکردنی بە ئارەزوو و ئازاد، رەهابوون لە هەڵاواردن، رەفتاری مرۆڤانە و سەرفرازانە لە گەڵ کران و هەبوونی مافی بەرانبەر وەک پیاوان.

روو لە زیادبوونی بەڕواڵەتی ژمارەی ئەو کچانەی وا خۆیان دەکووژن یا هەوڵی کۆتایی هێنان بە ژیان لە رێگەی خۆقوربانی کردنەوە دەدەن، ئەنجامی زۆرێک فاکتەری ئاڵۆزە. لەناو هەموویاندا، ئەوانەی وا لە لایەن ئەو نووسەرانە وا لەم بەشەدا ئاماژەیان پێکراوە، تەڵاق و چەند ژنییە.[54]

به گوێرەی دەرخستنی نیشانەکان، هەندێک لە ژنان نایانەوێت بمرن بەڵام هیچ رێگەیەکی تریان بۆ نیشاندانی ناڕەحەتی خۆیان نییە. زۆرێکیان یا لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە رەنجیان بینیوە، یاخود رازی بە مێردکردنەکە نەبوون. زۆربەی ئەوانەی وا لە مردن رزگاریان بووە، کاتێ لە نەخۆشخانە بوون مەجبوورکراون حیکایەتەکەیان بگۆڕن و کاتێ کە ئەندامانی بنەماڵە دەوریان داون، گوتوویانە لە ماڵەوە یا لە سەر ئیش تووشی رووداو هاتوون.

لە فیبریوەری 2006دا موحسین جەنگ قوربانی، پرۆفیسۆرێکی توێژینەوە لە چارەسەری درمی لە زانستگەی زانستە پزیشکییەکان گوتی:" خوقوربانی کردن تەنیا رێگەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە ژیان نییە، بەڵکوو رێگەیەکیشە بۆ ناردنی پەیام بۆ بنەماڵەکەیان و بۆ کۆمەڵگا". ناوبراو زیادی کرد و گوتی"ژنان نایانەوێت بە ڕاستی خۆیان بکوژن، لە راستیدا دەیانەوێت دەنگی خۆیان بۆ یارمەتی خواستن بەرز بکەنەوە و بڵێن کە رووبەرووی بێعەداڵەتی بوونەتەوە."[55]

---

[54] - لە لێکۆڵینەوەیەک بە ناوی"
" کە س.ر. کەلانکەش و ن.پوورئەفکاری
کردوویانە، نووسەرانی ناوبراو دەڵێن:"بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی ئێمە، رێژەی خۆقوربانی کردن لە ساڵی 2003دا لە بەراورد لە گەڵ 1998 لە زیادیی داوە. هەندێک توێژینەوەی پێشتر دەریان خستووە کە رووداوی خۆقوربانی کردن لە ئوستانی کرماشان و ئیلامی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا بە رێژەی سەدا 30 تا 40 رووی لە زیادبوون ناوە. بڕوانە
www.ejgm.org/ejgm05_1/2005_1_4_Dastgiri.pdf

[55] - وەرگیراو لە گوڵناز ئیسفەندیاری لە RFE/RL بەشی هەواڵەکانی زمانی فارسی، هەمان شوێن.

ئەو روونکردنەوانەی وا لە خوارەوە سەبارەت بە خۆقوربانی کردن راگەیێنراون بە شێوەیەکی سەرەکی ناوچەی کوردنشینی ئوستانەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان و ئیلام دەگرنەوە.[56]

لە ساڵی 2006دا رێکخراوەی مافی مرۆڤی کورد(HROK)، کە رێکخراوەیەکی ناحکوومی NGOیە و لە ناوچە کوردییەکان و تاران ئەندامی هەیە، ناوی زیاد لە 150 ژن و کچی کوردی راگەیاند کە بە هۆی خۆقوربانی کردنەوە لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا دا مردوون.[57] محەممەد سەدیق کەبوودوەند گوتی قوربانییەکان گەنج بوون و تەمەنیان لە نێوان 14 و 30 ساڵاندا بووە- و خوێندەوارییان کەم بووە.

لێکۆڵینەوەیەکی 6 ساڵەی نێوان 1994 و 2000 لە سەر 1089 لە ناوەندێکی ئەو دەمی عیلاجی سووتاوان، لە ئوستانی کوردستان دەری خست کە سەدا 65.6ی ئەوانەی وا خۆیان قوربانی کردووە ژن و کچ بوون، و سەدا 58ی هەموو ئەوانەی لەو نەخۆشخانەیە کەوتوون تەمەنیان لە ژێر 20 ساڵاندا بووە. ژنان زیاتر لە پیاوان سەدا 60ی رووکاری لە شیان سووتاوە و زوربەی سووتانەکان بە هۆی نەوتەوە بووە.[58]

<table>
<tr><td colspan="4">دابەش کردنی ئەو نەخۆشانەی وا برینی خۆئاگرتێبەردانیان بووە، بە گوێرەی تەمەن و جنس</td></tr>
<tr><td rowspan="2">تەمەن (ساڵ)</td><td rowspan="2">ژمارەی نێرینە و مێینە</td><td colspan="2">ژمارەی نەخۆش</td></tr>
<tr><td>پیاو</td><td>ژن</td></tr>
</table>

56 - راپۆرتیکـــی 10ی مانگـــی جولای، بڕوانە: (http://www.iran-daily.com/1385/2606/html/panorama.htm) وەرگیراو لە فەرەجوڵڵا حەـــــــسەن زادە، مودیری ئیداری ئوستانداری کوهکیلویە و بۆیرئەحمەد(باشووری رۆژئاوای ئێران) بـۆ کاروباری کۆمەڵایەـتی، کە بە ئاژانسـی هەواڵنێری کاری ئیرانی راگەیانـد" سـەدا 98.1ی ژنانی ناوچە، کە خۆکوژییان کردوە،[لە راستیدا] خۆیان کردۆتە قوربانی." و هەروەها گوتی " ئامار وا نیشان دەدات کە خۆقوربانی کردنی ژنان سێ قات زیاترە لە رێژەی پیاوان". ناوبراو لێی زیادکرد و گوتی لە سێ مانگی یەکەمی ساڵدا(ساڵی ئێرانی لە 21ی مارچ دەست پێ دەکات)، هەواڵی خۆقوربانی کردنی شەش کەس گەیشتوە، ناوبراو هەژاری، عادەـتی دەرمانخۆری، زۆربوونـی ژمارەی دانیشتووان، تێک چوونـی مێشـک، دەمارگیری قەومـی، تەڵاق و چەند ژنەیی بە هۆکاری ورووژێنەری خۆکوژی ناوبرد. هەرچۆنێک بێت، گەرچی کورد لە ناوچەکەدا هەن، نازانرێت ئایا لە راستیدا قوربانییەکان کوردبوون یان نا.

57 - بڕوانە گوڵناز ئیسفەندیاری، : ،
RFE/RL 9 فیبریوەری 2006 کە لەم شوێنە دەستی پێ رادەگات: http://www.payvand.com/news/06/feb/1067.html لە رۆژی 19ی فیبریوەری 2008 لە شوێنی سەرەوە وەرگیراوە. لەوەش زیاتر، لێکۆڵینەوەی دەستگیری و ئەوانیتر ئەوەش دەردەخات کە رێژەی خۆ قوربانی کردن بە تایبەت لە شاری میانەی ئازەربایجان گەلێک بەرزە.

58 - بەهرام گرووهی، رەزا عەلاقەبەندان، عەبدولعەزیز رەستگار لاری، شی کردنەوەی مەسەلەی 1089 نەخۆشی سووتاو لە ئوستانی کوردستان، ئێران، لە[بڵاوکراوەی] Burn دا ژمارە 28، 2002

| | | | |
|---|---|---|---|
| 16 تا 20 | 30 | 4 | 26 |
| 21 تا 25 | 30 | 3 | 27 |
| سەرچاوە: ب. گرووهی و ئەوانیتر، Burns ژمارە 28، 2002 | | | |

نەسرین موحەممەدی، یەک لە ئەندامانی NGO ی ئەنجومەنی فەرهەنگی ژنانی مەریوان لە ئوستانی کوردستان، باسی کەیسی ژنێکی کردووە کە خۆی ئاگر تێبەرداوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە بڕیاری مێردەکەی بۆ هێنانی ژنێکی تر ناڕەزایی دەربپڕێت. ناوبراو گوتوویەتی:

" من دەزانم ئەو ژنە نەخویندەوار. مێردەکەی لە ماوەیەکی کەمدا زۆر دەوڵەمەند بووە و زۆری لە ژنەکەی کردووە نامەیەکی ڕەزامەندی ئیمزا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ژنێکی دیکە بهێنێت... ئەو نەیدەزانی چی ئیمزا دەکات. دوای ئەوە دەستی داوەتە خۆکوژی لە ڕێگەی خۆقوربانی کردنەوە، سەدا هەشتای ئەندامی سووتاوە و کاتێ سەرنج دەدەمە هەل و مەرجەکەی، لام وایە[بەزوویی] دەمرێت.[59]

نەسرین موحەممەدی هەروەها گوتی:

" ژنان لە کۆمەڵگای نەریتییدا و لە ناوچەی ئێمە رووبەرووی گوشاری زیاتر دەبنەوە و لەبەر بێ بەشی و دەوری نەریت[ە کۆنەکان] ئەم گوشارانە بەهێزتر دەبن. لە ناوچەی ئێمەدا، ژن وەک هاووڵاتی "دەرەجە دووهەم" سەیر دەکرێت. بارودۆخی ئابووری ژنان هۆکاری سەرەکییە، هەموو بەتەواوەتی بە پیاوەوە بەستراون و یاساکانی وڵاتەکەشمان بە شێوەیەکن کە دادگاکان هەرگیز پارێزگاری ژنان ناکەن."

لێکۆڵینەوەیەک لە ئوستانی ئیلام بۆ ساڵانی 1995 تا 2002، 433 کەیسی خۆقوربانی کردن لە لایەن ژنان و پیاوانی تۆمار کردوە کە بەتەواوەتی نیشاندەری شێوازی کۆنی خۆکوژی بوون.[60] زیاد لە سەدا 82ی کەیسەکان لە پەیوەندی ژناندابوون، و زیاتریان تەمەنیان لە ناوەڕاستی بیستەکاندا بووە.

بەشێوەیەکی هاوچەشن، جێگری ئوستاندار بۆ ئیدارەی کاروباری ژنانی ئوستانی ئیلام، حەیران پوورنەجەف، بە گوێرەی هەواڵ لە مانگی جانیوەری 2004 دا گوتوویەتی دەوروبەری سەدا 70ی ئەوانەی وا خۆیان دەکووژن، ژنن و

[59] - ئەم بابەتە لە راپۆرتی گوڵناز ئیسفەندیاری راگوێزراوە، هەمان شوێن.
[60] - بڕوانە کورت کراوەی نووسینی م. رەزائیان و ج .شەریفی راد، قوتابخانەی پزیشکی رەفسەنجان، وەرگیراو لە بەرگی 14ی کۆنگرێسی جیهانی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی بۆ بەرگری لە خۆکوژی((IASP، کە لەم ماڵپەڕەدا هاتووە: http://www.iasp2007.org/images/IASP_Section2.pdf کە لە رۆژی 9ی فیبریوەریدا سەیر کراوە. دەقی گەلێک تەواوتری کورتە باسەکە، لە بەرگی 12، ژمارە 3 (10ی 2006)ی فارسی، لە گۆڤاری ئێرانی: Journal of Psychiatry and Clinical Psychology,: دا هاتووە و لەم ماڵپەڕەدا دەدۆزرێتەوە: http://www.iums.ac.ir/ijs/ar/browse.php?mag_id=2&slc_lang=en&sid=1

ژمارەیان تەنیا لە ساڵی پێشتردا گەیشتۆتە 182 کەس.[61]

لە سەرەتاکانی ساڵی 2005 کە لێکۆڵەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان سەردانی ئێرانی کرد ڕێژەی بەرزی خۆقوربانی کردنی ژنان لە ئیلام بوو بە هۆی نیگەرانی تایبەتی. ناوبراو نووسی:

"... هەندێک لە کەیسەکانی خۆقوربانی کردن لە شارەکە پەیوەستن بە کەم بوونی پارێزگاریی یاسایی ژنانی قوربانی لە توندوتیژی، کەمی پەناگە، ئەستەم بوونی وەرگرتنی تەڵاق، یاساکانی سەرپەرشتی کردنی منداڵ کە لە بەرژەوندی پیاوان و هەڵاواردنی بەربڵاو لە سەر بنەمای ژیندەر لە هەموو کۆمەڵگاکەدا."[62]

ناوبراو هەروەها تێگەیشت کە ڕووداوەکانی خۆقوربانی کردن لە هەندێ کەیسدا پەیوەندیان بە تاوانەکانی "نامووسی"یەوە هەیە، کە بە تایبەت لە ئیلام پەرەدار بوو. ناوبراو ڕایگەیاند لە ساڵی 2001دا سەرجەم 565 ژن لە تاوانی "نامووسی"دا گیانی خۆیان لە دەست داوە، لەوانە بە گوێرەی هەواڵ، 375 کەسیان ئەم کارەیان      بە شێوازی خۆقوربانی کردن بەڕێوە بردووە.[63]

پارێزگاری کردنی باشتری مافەکانی ژنان و پێش کەوتی ئابووری لە ناوچەکوردییەکان یارمەتی ئەوە دەدات بەرگری لە خۆقوربانی کردن بکرێت، بە هەمان شێوە، دەست ڕاگەیشتن بە پەروەردە بۆ کچان و باش کردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ژنان، یارمەتی ئەم بوارە دەدات. بوونی ناوەندی تەندروستی فیکری بەرنامەی بووژاندنەوەی دەروونناسانەش دەتوانێت ڕێژەی خۆقوربانی کردن بهێنێتە خوارەوە.

### 5. ڕاونران بە هۆی دەنگ بەرزکردنەوە

هەڵاواردنی گەلێک ڕیشەداری کوردان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نەوە لە چالاکان، کە داوای ڕێزگرتنی زیاتری کەمایە تییەکان و پارێزرانی باشتری مافەکانی مرۆڤ بۆهەموو ئێرانییەکان دەکەن.

---

[61] - بڕوانە بۆچوونی پسپۆڕان لە[چاپەمەنی] هەمشەهری، ڕاگەیینراو لەم ماڵپەڕە: http://www.womenfreedomforum.org/publications/journal2.pdf

[62] - بڕوانە پەرەگرافی 34 و 35 لە ڕاپۆرتی سەبارەت بە مەئمووریەتی لێکۆڵەری تایبەت بۆ ئێران، بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان E/CN.4/2006/61/Add.3

[63] -هەمان شوێـن، لە پەڕەگرافی 35 دا دەگوترێـت: بە گوێرەی ئامارێـک کە لە لایەن ڕاوێژکاری ئوسـتانداری خووزستانەوە ئاراستە کراوە، لە سالّی 2003دا، تەنیا لە ناو یەک عەشیرەتدا 45 کەیسی کوشتنی نامووسی ژنانی ژێر تەمەنی 20 بینراوە. لە ساڵی 2001دا سەرجەم 565 ژن لە تاوانە پەیوەندیدارەکانی نامووسیدا گیانی خۆیان لە دەـست داوە، کە بە گوێرەی هەواڵ 357 کەیسـیان شێوازی خۆقوربانـی کردنـی ئەو ژنانـە بووە وا ئاگریان لە خۆیان بەرداوە.

کاتی گرنگ بۆ چالاکانی کورد لەم دواییانەدا، مانگی جولای 2005 بوو، کە ئەفسەرانی ئاسایشی ئێران رێبەری ئۆپوزسیونی کورد شوان قادری و دوو کەسی تریان لە مەهاباد دایە بەر گوللە و کوشتیان. هێزەکانی ئاسایش تەرمی شوان قادرییان لە ترومبێلێکی جیپ بەست و بە شەقامەکاندا رایان کێشا. ئەو کارە بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی دەربڕینی توندوتیژ، کە چەند ساڵ هێمنی ناوکوردستانی شڵەژاند.

بێزاری دەربڕینەکان هەروەها بوونە دەسپێکی شەپۆلێکی سەرکوتی کوردان لە لایەن دەوڵەتەوە کە تێیدا هەرکەسێک وا داوای مافی کوردی دەکرد دەکرایە ئاماج.

بێزاری دەربڕینەکان هەروەها بوونە دەسپێکی شەپۆلێکی سەرکوتی کوردان لە لایەن دەوڵەتەوە کە تێیدا هەرکەسێک وا داوای مافی کوردی دەکرد راودەنرا.

**داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ**

روئیا تولووعی، چالاکێکی 40 ساڵەی لایەنگری دیموکراسی و بواری مافەکانی ژنان بە شێوەیەکی ناقانوونی لە ئوگوستی 2005دا بۆ ماوەی 66 رۆژ دەست بەسەر کرا. ناوبراو بە تۆمەتی هەڵبەستراوی یارمەتیدانی رێک خستنی خۆپیشاندانێک بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژ بە کووژرانی شوان قادری لە زیندان‌دا راگیرا، خۆپیشاندانێک کە پێی وابوو هێمنانە بەڕێوە دەچێت.[64] ئەو، کە پسپۆڕی پاتولۆژی و ئەندامی دامەزرێنەری "ئەنجومەنی ژنانی کورد بۆ داکۆکیکردنی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ" بوو لە ژووری تاکە کەسیدا راگیرا و ئەشکەنجە کرا. ئەو دەڵێت تەنیا کاتێ"ئیعترافنامە"ی ئیمزا کرد کە زیندانەوانەکانی هەڕەشەیان لێکرد هەر دوو منداڵەکەی بە بەرچاوی خۆیەوە دەسووتێنن و دەیانکووژن.

داکۆکیکارانی ژنی مافی مرۆڤ گەلێک جار لە لایەن دەسەڵاتداریەتی ئێرانەوە دژایەتی زیاتر لە هاوکارە پیاوەکانی خۆیان لەگەڵدا کراوە لە بەر ئەوەی هەڵسووڕانیان بواری وەک داکۆکیکردن لە پێوەرە فەرهەنگی، ئایینی یا کۆمەڵایەتییەکان دەوری ژنان[65] دەگرێتەوە. وەک دەرئەنجامی کارەکە، ئەوان نەک تەنیا لە بەر کارەکەیان وەک داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە ژنن رووبەرووی دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ دەبنەوە.

بەهەرحاڵ، ژنانی ئێران دەورێکی سەرەکی دەبینن لە خەبات لە پێناوی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەدا. لە ناو چالاکییەکانی تردا، گرووپەکانی ژنان بەرنامەی پەروەردە بۆ ژنانی نەخوێندەوار دادەنین، پشتگیری ژنانێک دەکەن کە بوونەتە قوربانی دەستدرێژی، و بە گشتی، سەبارەت بە مافەکانی ژنان ئاگای خەڵک دەکەنەوە. زۆرێک لەو ژنانە، بە تایبەت لە ناوچە

---

[64] - " - "، رۆژنامەی تەلگراف، 30 مەی 2006.

[65] - بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ژن، بڕوانە : AI Index MDE 13/018/2008) کە لە فیبریوەری 2008دا دەرچووە.

کوردییەکاندا، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی هەڵسووڕاوییەکانیانەوە رووبەرووی مەترسیی بەرچاو دەبنەوە، کاری خۆیان هەردەکەن.

دوای ئەوەی روئیا تولووعی لە ئۆکتۆبری 2005دا بە کەفالەت لە زیندان ئازادکرا، لە وڵات رایکردە دەرەوە لە ئەنجامدا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گیرسایەوە. تەنانەت دوای ئەوەش، بە گوێرەی قسەی پارێزەرەکەی، لە مانگی مەی 2007دا دادگایەکی ئێرانی بۆ بەشداریکردن لە دوو خۆپیشاندان لە پێناوی"پروپاگەندەی دژ بەرژیم" لە نەبوونی خۆیدا 6 ساڵ زیندانی بۆ بڕییەوە. [66] روئیا تولووعی رۆژی 27 ی جانیوەری 2006 لە وت وێژێکدا لە گەڵ رادیۆ فەردا، گوتی:

> "شەوی 6ی ئۆگوست[2005]،[مەئموورێک] بە شێوەی وەحشیانە ئەشکەنجەی کردم و کارێکی لە گەڵدا کردم کە بۆ گوتن نابێت... ئەوان گوشاریان دەخستە سەرم بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکەم.
>
> من نووسیم کە تەنیا بە ئامادەبوونی پارێزەرکەم قسە دەکەم و ئەوان پێم پێ کەنین. نووسیم کە ئەوە دژ بە مافی ئینسانە و من مافم هەیە پارێزەرەکەم ببینم. ئەوان تاقەتیان تاق بوو و فەرمانیان دا منداڵەکانم بهێنن، هەڕەشەیان لێکردم و گوتیان منداڵەکانم لە بەر چاوی خۆم بە زیندوویی دەسووتێنن.[67]

زۆر ژنی کوردی دیکەی هەڵسووراوی بواری ژنان راونراون و لەلایەن دەسەڵاتداریەتی دەوڵەتەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر. بۆ نموونە، بە گوێرەی هەواڵ، سروە کومکار، ئەندامێکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان (HROK) لە رۆژی 8ی جانیوەری 2006دا لە لایەن یەکەی تایبەتی ئیتلاعات و ئاسایشی سپای پاسداران لە مەهاباد گیراوە. پێنج سەعات دواتر ئازادکراوە لە کاتێکدا شوێنی برین و لێدانی بە لەشەوە بووە. ئەندامانی دیکەی (HROK)یش گیراون یا رووبەرووی راونان بوونەتەوە. بە ڕواڵەت لە پەیوەندی چاڵاکی ئاشتیخوازانەیان بە نوێنەرایەتی لە لایەن کەمایەتی کوردەوە لە ئێران.

رووناک سەفارزادە و هانا عەبدی، کە هەردووکیان زیندانی بیروباوەڕن، لە مانگی جوونی 2008دا لە بەشی ژنانی زیندانی شاری سنە لە کوردستان زیندانی کران.[68]هەر دوو ئەو

---

[66] - رۆیترز 23 مای 2007

[67] - تەفسیلاتی زیاتری قسەی ناوبراو سەبارەت بە گیرانەکەی دەتوانرێت لەم شوێنەدا بخوێنرێتەوە
http://www.abfiran.org/english/document-243-499.php
http://www.telegraph.co.uk/news/main.jhtml?xml=/news/2006/05/28/wislam28.xml&sSheet=/news/2006/05/28/ixnews.html

[68] - زانیاری زیاتر لە سەر کەیسی ئەو و هانا عەبدی، لە سەرچاوەی خوارەوەدا باسی لێوە کراوە. بڕوانە: داواکاریی هەنگاوی بە پەلەی لێبووردنی نێونەتەوەیی ریفرەنسی MDE 13/063/2008 لەم ماڵپەڕەدا: http://www.amnesty.org/en/library/asset/MDE13/063/2008/en/fb012108-0b2a-11dd-badf-1352a91852c5/mde130632008eng.html یا http://www.amnesty.org/en/news-and-updates/report/women-act-against-repression-and-intimidation-iran-20080228 و راپۆرتی: ئێران، داکۆکیکارانی مافی ژنان... خۆیان((MDE 13/018/2008 کە لەم ماڵپەڕەی خوارەوەدا هەیە: http://www.amnesty.org/en/library/asset/MDE13/018/2008/en/63dd8933-e16d-11dc-9135-058f98b1fb80/mde130182008eng.pdf

کەسانە ئەندامی خەبات بۆ بەرانبەری بوون، کە رێکخراوەیەکی دەست پێشخەری مافی ژنانە و داوخوازی کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی بە قانوونیکراو دژ بە ژنان لە ئێران دەکەن.[69]

رووناک سەفارزادە لە 9ی ئوکتۆبری 2007ەوە لە سنە گیراوە. ناوبراو رۆژێک پێش گیرانەکەی بەشداری کۆبوونەوەیەکی کرد لە سنە کە بە بۆنەی رۆژی جیهانی منداڵانەوە رێک خرابوو و ئیمزای بۆ پشتگیری کردنی"خەبات بۆ بەرانبەری" کۆ کردەوە کە بزووتنەوە یە کی بنەما بەرینە و بە شێوەی سەرەکی لە هەڵسووڕاوانی بواری مافی ژنان پێک هاتووە، کە سەرەتاکەی لە ئۆگوستی 2006 دا دامەزرا بۆ ئەوەی خەبات لە پێناوی کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی یاسایی ژنان بهێنێت. بە گوێرەی ئەو [زانیاری] یەی کە رێکخراوەکە هەیەتی، کاتێ دایکی رووناک سەفارزادە رۆژی 30 ئۆکتۆبر دەچێتە دادگوستەری ناوچەکەیان بۆ ئەوەی پرسیاری کچەکەی بکات، فەرمانبەرەکان لێی دەدەن. رووناک سەفارزادە دوای گیرانەکەی، بۆ ماوەی سێ مانگ بە بێ بە بێ چاوپێکەوتنی کەس و کار رادەگیرێت.

لە مانگی ئاپریلی 2008دا، راپۆرتێک وای راگەیاند کە ناوبراو دادگایی کراوە بەڵام لە مانگی مەی 2008دا راپۆرت گەیشت کە لە ماوەی دادگایی کردن و بە ئامادەبوونی پارێزەرەکەی، تۆمەتی"موحارەبە" یا"دوژمنایەتی خودا"ی دراوەتە پاڵ، کە ئەگەر وابێت دەتوانێ گەلێک جیددی بێت لە بەرئەوەی تۆمەتێکی ئەوتۆ دەکرێ بگاتە ئەنجامی سزای مردن. هەرچۆنێک بێت تا کۆتایی مانگی مەی هیچ هەواڵێک سەبارەت بە دادگایی کردنی دواتری ناوبراو نەگەیشت.

هانا عەبدی خوێندکاری بواری سایکۆلۆجی رۆژی 4ی نۆڤەمبەری 2007 لە ماڵی دایەگەورەی لە شاری سنە گیرا. ئەویش ماوەی سێ مانگ بێ هەواڵ مایەوە و بە گوێرەی پارێزەرەکەی، بە تۆمەتی" کۆبوونەوە و پیلان گێران" و بە گوێرەی ماددەی 610ی یاسای سزای ئێران رووبەڕووی دادگایی کردن بۆتەوە. ماددەی ناوبراو دەڵێت: ئەگەر دوو کەس یا زیاتر بە یەکەوە کۆببنەوە بۆ ئەوەی پیلانی بەڕێوەبردنی تاوان دژ بە ئاسایشی نەتەوە بگێڕن، واهەیە بە 2 تا 5 ساڵ زیندان سزا بدرێن. لە کۆتایی ئەپریلی 2008دا کەیسەکەی درایە دادگا بۆ ئەوەی سەرنجی بدرێتێ، بەڵام هیچ رۆژێک بۆ دادگاکەی دیاری نەکراوە.

فاتمە گوفتاری، چالاکێکی بواری مافی ژنان، کە ئەویش لە پەیوەندی NGOی"ئازەرمیهر"ی ژنان دایە کە لە شاری سنە دامەزراوە، بۆ ماوەی دەوروبەری چوارمانگ دەست بەسەر کرا، کە لە ماوەی سێ مانگیدا کەس بە هەواڵی نەدەزانی- ئینجا بە کەفالەتێکی بەرانبەر لە گەڵ 16 هەزار دۆڵاری ئەمریکی ئازاد کرا.[70] بە گوێرەی هەواڵ، وا هەیە ناوبراو لە سەر ئەساسی

[69] - هەردووک ئەو ژنانەش پەیوەندیان بە NGOی مافی ژنانی دامەزراو لە شاری سنە بە ناوی ه وە هەیە،. ئەم ناوە دەتوانێت چەندواتای هەبێت یاخود ناوی بنەماڵەیی کەسێک بێت.

[70] -حیسابی بەرانبەریی دۆڵاری ئەمریکی لە گەڵ ریاڵ یا تمەنی ئێرانی بە هۆی ماڵپەڕی گۆڕینی پارەوە لەم شوێنە کراوە: http://www.xe.com/ucc/full/

تۆمەتی پەیوەندیدار بە سیاسەت کە ئاسایشی دەوڵەت دەگرێتەوە رووبەرووی موحاکەمە بێتەوە.
یاسر گوڵی، خوێندکارێکی هەڵسووڕاو و پشتگیری مافی کورد، لە مانگی ئوکتۆبری 2007 ەوە گیراوە.

لە ناوچە کوردییەکان، وەک پاشماوەی بەشەکانی ئێران، ئەو پیاوانەش وا داکۆکیکاری مافی مرۆڤن کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی سەرکوتی دەوڵەت. بۆ نموونە سەعید ساعیدی رۆژی 2ی ئۆگۆستی 2005 بە ناوی یارمەتی دانی رێک خستنی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی دەربڕین دژ بە کووژرانی شوان قادری مانگی جولای 2005، گیرا. ماوەی 8 رۆژ لە زیندانی وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری سنە دەست بە سەر مایەوە و لێی درا، ئینجا راگوێزراپە زیندانی ناوەندیی سنە. لەویٚ بۆ ماوەی 2 هەفتە بە هەواڵی نەزانرا، پاشان ئیجازە بە بنەماڵە و پارێزەرەکەی درا چاویان پێی بکەوێت کەیسەکەی برایە بەردەم لقی 1ی دادگای شۆڕش لە شاری سنە و رۆژی 5ی ئوکتۆبری 2005 بە ئەسپاردنی زامن بەرانبەر بە 114 هەزار دۆڵاری ئەمریکی ئازاد کرا. تۆمەتی دیکەش خرایە سەر وەرەقەی سزا خوازییەکە، و لەوانە، "موحاریب" بوون، یا لە شەڕدابوون لە گەڵ خودا، گەرچی ئەم تۆمەتە ئەودەم لە بەڵگەی ئازادکران بە کەفالەتەکەیدا نەبوو.

سەعید ساعیدی یارمەتی دامەزرانی"ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی رۆژهەڵاتی کوردستان" EKCRI) یا "ئەنستیتۆی خۆرهەڵات")ی دابوو، کە رێکخراوەیەکی NGO یە و داواکاریی بۆ ئیجازەی قانوونی بۆ دامەزران و بە فەرمی ناسرانی لە لایەن پۆلیسەوە درابووە دواوە. دوای کووژرانی شوان قادری، EKCRIبانگەوازی خۆپێشاندانێکی ناڕەزایی دەربڕینی هێمنانەی بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی دەرکرد. لە کۆتایی خۆپێشانانەکەدا سەعید ساعیدی ، روئیا تولووعی(بڕوانە سەرەوەتر)، ئازاد زەمانی(ئەندامێکی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی منداڵان[71] و دوو کەسی تر ئیجازەیان پێدرا چاویان بە ئوستانداری کوردستان لە شاری سنە بکەوێت. پاشان گرووپەکانی ئوپۆزیسیۆنی کوردیی خوازیاری خۆپیشاندانێکی تر بوون لە رۆژی 1ی ئۆگوستی 2005 لە شاروشاروچکەکانی کوردستان. .EKCRI موافەقەی کرد لە خۆپیشاندانی شاری سنەدا، بەو مەرجەی کە ئاشتیخوازانە بێت، بەشداری بکات. بەڵام، لە رۆژی دیاریکراو، خۆپیشاندانەکە رووی لە توندوتیژی نا، و ئەوەش، بە گوێرەی هەواڵ، دوای ئەوەی کە هێزەکانی ئاسایش هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران.

---

[71] - کانون دفاع از حقوق کودکان

سەعید ساعیدی لەم خۆپیشاندانەی دواییدا بەشداری نەکرد لە بەر ئەوەی لە مەریوان دادگایی دەکرا، بەوە تۆمەتبار کرا کە بە شێوەی نایاسایی سنووری بەزاندووە و چووە بۆ عیراق. بەهەر حاڵ، دەسەڵاتداریەتی بەوەی تاوانبار کرد کە چووە بۆ مەریوان بۆ ئەوەی لەوێ خۆپیشاندان وەڕێ بخات.

دوای ئازاد بوون، ناوبراو لە لایەن رێکخراوێکەوە کە ناوی خۆی نابوو ئۆممەتی حزبوڵڵای کوردستان(لقی سنە)، هەڕەشەی گیانی لێ کرا.[72]

لە مانگی جوونی 2007دا، سەعید ساعیدی لە لایەن لقی 1ی دادگای شۆڕشی شاری سنەوە قەراری دوو ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندانی ناوەڕاستی ساڵی 2005 و شەش مانگ زیندانیش بۆ "پڕوپاگەندەکردنی دژ بە نیزام". ئەو گوتی چۆتە خۆپیشاندانەکە بۆ ئەوەی وەک رۆژنامەنووس هەواڵیان رابگەیێنێت. لە دادگای پێداچوونەوەدا قەرارکە شکا و بووبە غەرامەی نەغدی. ناوبراو، دواتر لە مانگی فیبریوەری 2008دا لە لقێکی دادگای گشتی بە تۆمەتی زیان گەیاندنی جینایی (ئاگر تێبەردان و زیان گەیاندن بە ترومبیل و بینایەی گشتی و تایبەت) کە پەیوەندی بە خۆپیشاندانی ساڵی 2005 بوو چووە بەردەم لقێکی دادگای گشتی، بەڵام تا مانگی مەی ساڵی 2008 یش هێشتا قەراری دادگا رانەگەیێنراوە.

**ئەجلال قەوامی**
ئەجلال قەوامی، کە هاوکات لە گەڵ سەعید ساعیدی گیرابوو و رووبەرووی هەمان ئەو تۆمەتانەی سەر ئەو بو بوەوە، بە کەفالەت لە 5ی ئوکتۆبری 2005دا بەربوو. بە گوێرەی راپۆرت لە ماوەی گیرانیدا بۆ ماوەی 22 رۆژ مانی لە خواردن گرت بۆ ئەوەی دژ بە زیندانی کران و بارودۆخی زیندان ناڕەزایی دەرببڕێت.

دەگوترێت کە لە ماوەی گیرانیدا ئەشکەنجە کراوە و کاربەدەستانی زیندان هەڕەشەیان لێ کردووە کە بە دەستی زیندانییەکی تر بە کوشتت دەدەین و زیندانییەک کە HIV پۆزیتیڤە واتە سەرەتای نەخۆشی ئەیدزی هەیە دەکەینە پاڵت.

ئەجلال قەوامی، وەک ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی HROK و ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی دوو زمانەی"دیدگاه"، پێشتر رۆژنامەنووس بووە و کاری بۆ"پیام مردم کردستان" کردووە. چەندین جار تۆمەتی تاوانی لێدراوە و بە هۆی پشتگیری کەمایەسی کوردی ئێرانەوە کەوتۆتە زیندان. لە جوونی 2007دا لقی 1ی دادگای شۆڕش لە شاری سنە، بۆ دەورگێرانی لە رێکخستنی خۆپیشاندانی جولای 2005 قەراری سێ سال زیندانی بۆ دەرکرد. بەڵام دواتر،

[72] - ئەم هەڕەشانە لە راگەیاندنی"ئۆممەتی حیزبوڵڵا"ی رۆژی 14ی جانیوەری 2006دا هاتبوو، کە دەکرێت(بەفارسی) لەم شوێنەدا بخوێنرێتەوە: http://azad.gooya.name/politics/archives/042527.php

لە داوای پێداچوونەوەدا، قەرارەکە شکا و بوو بە یەک ساڵ. هەرچۆنێک بێت، نە ئەجلال قەوامی و نە پارێزەرەکەی، لە شکانی قەراری زیندانەکەی ئاگادار نەکرانەوە. ئەجلال قەوامی لە سەر بنەمای عیلاجی پزیشکی بۆ ماوەی 10 رۆژ لە 25ی دیسەمبری 2007ەوە لە زیندان هاتە دەرەوە. ئەو ماوەیە درێژتر کرایەوە. تا مانگی مەی 2008 وانەدەزانرا کە لە زینداندا مابێتەوە. ناوبراو هاوڕێ لە گەل سەعید ساعیدیش لە مانگی فیبریوەری 2008دا بە تۆمەتی زیان گەیاندنی جینایی موحاکەمە کرا و لە کەیسی ئەویشدا قەراری دادگا تا مانگی مەی 2008 رانەگەیێنرابوو.

ئەجلال قەوامی ئازاری چاو و تەنگژەی دیکەی تەندروستی هەیە کە دەردەکەوێت بە هۆی زیندانی بوونەوە خوڵقابن، یاخود خراپتر بووبێتن. ناوبراو دەڵێ چاوی بە هۆی خاوێن نەبوونی زیندانی سنەوە چڵکی کردووە.

زیندانی بیروباوەڕ، موحەممەد سەدیق کەبوودوەند، لە 18ی ئۆگوستی 2005 دا بۆ"بریندارکردنی بڕوای خەڵک و بڵاوکردنەوەی بیری جودایی خوازی" قەراری 18 مانگ زیندان و 5 ساڵ مەنعی کاری رۆژنامەنووسی بۆ دەرچوو.
مەحکووم کرانەکەی پەیوەندی بە کارەکەیەوە بوو لە "پیام مردم کردستان"، بڵاوکراوەیەکی هەفتانە، کە لە ساڵی 2004دا لە لایەن دەسەڵاتدارییەوە داخرا. قەرارەکە لە قۆناغی پێداچوونەوەدا شکا و بوو بە یەک ساڵ زیندان کە تا ئێستا نەیکێشاوە. ناوبراو لە گەڵ رۆژنامەنووسانی تر لە ساڵی 2005 دا HROKی دامەزراند. HROK لەم دواییانەدا نزیکەی 100 ئەندامی هەیە. دەسەڵاتداریەتی لە سەر ئەوە پێیان چەقاندووەکە داواکاریی HROK بۆ ئەوەی وەک NGOیەک بە فەرمی بناسرێت، دەدەنەدواوە.

محەممەد سەدیق کەبووەند رۆژی 1ی جولای 2007 جارێکی دیکەش گیراو لە بەشی 209ی زیندانی "ئێڤین"ی تاران راگیرا. گەرچی وا دەزانرێت کە هێستا بە شێوەی فەرمی تۆمەتی نەدرابێتە پاڵ، بەڵام لە ناوەڕاستەکانی جولای 2007دا چەندین جاری گوتووە کە بەوە تۆمەتبارکراوە "دژ بە ئاسایشی نەتەوایەتی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە"، "پڕوپاگەندەی دژ بە نیزامی کردووە"، و "لە گەڵ گرووپی دژکاری نیزامدا هاوکاری کردووە". ناوبراو لە بارودۆخی خراپی زیندان گازەندی کردوە و گوتوویەتی هەر جارێک بردوویانە بۆ پرسیار و وەڵام، چاویان بەستووە و دەست و لاقیان بەستۆتەوە. پارێزەرەکەی، خاوەنی خەڵاتی نۆبێل شیرین عبادی، ئیجازەی پێ نەدراوە بچیتە چاوپێکەوتنی، و رادەی پەیوەندی گرتنی لە گەڵ بنەماکەیدا بەر بەست کراوە.

دەگوترێت كە موحەممەد سەدیق كەبوودوەند رێژەی گوشاری خوێنی لەسەرەوەیە، و گازندەی لە ناڕەحەتی پێست و گورچیلە كردووە. بە گوێرەی هەواڵ، پێویستی بە گمێزكردنی زوو زوو هەیە و ئەگەر وانەكات شوێنی خراپ دادەنێتە سەر گورچیلەی، ئەم هەلە، لە لایەن زیندانەوانەكانییەوە قۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی گوشاری زیاتری بخەنە سەر- پێیان گوتووە كە بۆچوونە ئاودەست دەبێ داوای ئیجازەی رەسمی نووسراوبكات. هەروەها بە گوێرەی هەواڵ، پێیان گوتووە ئیجازەی دەست راگەیشتن بە ئاودەستی دەدرێتێ مەگەر سێ ئەندامەكەی دیكەی بەڕێوەبەرایەتی HROK كە هێشتا ئازادن و نەگیراون، بە پێی خۆیان بچن بۆ لقی وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری سنە و خۆبدەن بە دەستەوە.

شێركۆ جیهانی، ئەندامێكی HROK و هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵدەریی كوردیی لە توركیا بە ناوی فورات، رۆژی 27ی نۆڤەمبەری 2006 لە مەهاباد گیرا.[73] لە ماوەی لێپرسینەوە دا چەندین جار تۆمەتی ئەوەیان لێداوە كە دەستی هەبووە لە رێكخستنی ناڕەزایی دەربڕین دژ بە گیرانی نهێنی رۆژی 8ی جانیوەری 2006 ی ژنێكی چالاكی بواری مافی مرۆڤ بە ناوی "سروە كۆمكار" (كامكار) لە لایەن بەرپرسانی ئاسایشی ئێرانەوە و هەروەها تۆمەتی ئەوەی كە سەبارەت بە كووژرانی[شوانە] شوان قادری لە مانگی جولای 2005 دا چاوپێكەوتنی لە گەڵ هەواڵدەرانی مێد یای لاوەكی كردووە.[74]

بە پێی هەواڵ، شێركۆ جیهانی ئەوەی ڕەت كردۆتەوە كە زامنی 50 ملیۆن ریاڵی (دەوروبەری 5.500 دۆلاری ئەمریكی) بسپێرێت و رۆژی 30ی نۆڤەمبەری 2006 دەستی كردوە بە مانگرتن بۆ ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بە گیران و دەست بەسەر كرانەكەی. رۆژی 4ی یسەمبری 2006 دەستی كرد بە ڕەت كردنەوەی قسەكردن. دوو رۆژ دواتر، لە زیندانی ناوەندیی مەهاباد راگوێزرایە شوێنێكی نادیار و بە بێ هەواڵ و چاوپێكەوتن مایەوە. وادەزانرێت كە ئەشكەنجە كرابێت. رۆژی 12ی دیسەمبری 2006 پیاوێك كە دەیگوت لقی سەرڤیسی ئیتلاعاتی مەهابادە، تەلەفونی بۆ كەس و كاری شێركۆ جیهانی كرد و بە درۆ پێی گوتن شێركۆ بە وەستانی دڵ مردووە. رۆژی 13ی دیسەمبر ئیجازەیان بە شێركۆ جیهانی دا تەلەفونێكی كورت بۆ كەس و كاری بكات.

لە جانیوەری 2007 دا شێركۆ جیهانی گەڕێنرایەوە زیندانی ناوەندیی مەهاباد و رۆژی 3ی فیبریوەری بە دانی پارەی كەفالەت ئازاد كرا. دەگوترێت كە ناوبراو رووبەرووی دوو دادگایی كردن بۆتەوە لە سەر تۆمەتی یەك لە دوای یەكی "تێكدانی نەزمی گشتی" و "كردەوەی دژ بە ئاسایشی وڵات"، بەڵام تا مانگی مەی 2008 رۆژێك بۆ هیچكام لەو دوو دادگایە رێك نەخرابوو.

هەڕەشە و زیندانی كردنی داكۆكیكارانی مافی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵاتداریەتی ئێرانەوە، خواستیان بۆ لەبەرچاوگرتنی ئوسووڵی سەرەتایی رێزگرتن لە شكۆی مرۆڤ دەباتە ژێر پرسیار.

[73] - بڕوانە AI Index MDE 13/137/2006, MDE 13/009/2007 and MDE 13/035/2007
[74] - بە گوێرەی هەواڵ، شێركۆ جیهانی لە ساڵی 1999 بە دواوە 9 جار گیراوە و دەگوترێت لە ماوەی گیرانی جارەكانی تریدا ئەشكەنجە كراوە.

حکوومەت دەبێ دڵنیایی پێک بهێنێت کە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ دەتوانن لە کەش و هەوایەکی ڕێزلێگرتن و بە گوێرەی ستانداردەکانی ماڤی مرۆڤ، کاری گرنگی خۆیان بەڕیوەبەرن.

**ئەوانەی لە بەشی میدیادا کاردەکەن**

دوا بەداوی هەڵبژاردنی سەرک کۆمار موحەممەدی خاتەمی لە ساڵی 1997دا، ژمارەی چاپەمەنی کوردی لە زیادی دا. یەکەم نەوەی ئەو چاپەمەنییانە لە ساڵی 2003 داخرا و لەوەتی سەرەک کۆمار مەحموود ئەحمەدی نەژاد بۆتە سەرەک کۆمار، زیاد لە 40 چاپەمەنی[دەورەیی] کوردی داخراون یاخود بەتەواوەتی مەنعیان لە سەر دانراوە.

ئەو کوردانەی وا دەیانەوێت روانگە و بیر وبڕوای خۆیان لە پەیوەندی سیاسەتی ناحەزایەتی[ی دەوڵەت] دەربڕن، وەک هەموو ئێرانییەک رووبەڕووی هەندێک بەربەست دەبنەوە. هەرچۆنێک بێت، ، بە تایبەت دوای ئاڵۆزییەکانی ساڵی 2005 رۆژنامەنووس و مێدیای کوردی یا ئەو مێدیایەی وا باسی کاروباری پەیوەندیدار بە کورد دەکەن، لە ناو ئەوانەدان وا بە تایبەت راودەنرێن.

بەهرام وەڵەدبەگی، سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و یەک لە چالاکانی سەرەکی مافە فەرهەنگییەکانی کوردە.[75]
ناوبراو لە ساڵی 2005 دا رۆژنامەی ئاشتی(بە واتای ئاشت بوونەوە)ی بنیات نا، کە یەکێک بوو لەو یەکەم رۆژنامە دووزمانییە کوردی – فارسی یانەی وا لە کوردستان دەردەچوون و ئەو خۆی سەرنووسەریشی بوو.

دوابەدوای کووژرانی شوان قادری و بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەو کووژرانە، لاپەڕەی یەکەمی ئاشتی تەواو بە سپییەتی بڵاوکرایەوە. لە ژمارەکانی دواتردا وتار سەبارەت بەو هەواڵانە نووسرا کە دەگوترا، هێزەکانی ئاسایش ماددەی سڕکەریان گرتۆتە دەست خۆیان و بە کوردی دەفرۆشن. رۆژنامەکە، بەڕواڵەت لە لایەن دادگای چاپەمەنییەوە، وەستێنرا و ئینجا بە حوکمی دەسەڵاتداریەتی، بەسترا. هەرچۆنێک بێت، بڕیاری داخرانی گۆڤارەکە لە مانگی ئەپریلی 2008 دا لە لایەن دادگای باڵاوە رەت کرایەوە. بەهرام وەڵەدبەگیش تۆمەتی "تێکدانی بیروباوەڕی گشتی"[76]، "هەوڵدانی دژ بە یەکیەتی نەتەوەیی" و "پڕوپاگەندە بۆ جیابوونەوەی

[75] - ناوبراو لە ساڵانی 97-1993دا راوێژکاری فەرهەنگی ئوستانداری کوردستان بوو. هەروەها بناغەدانەر و سەرنووسەری"ئاوێەر" یەکەم رۆژنامەی هەفتەیی کوردی بوو، کە لە نێوان ساڵانی 99-1995دا بڵاو دەبووەوە. لە ساڵی 2000دا ئەنستیتۆی کوردی لە تاران دامەزراند و سەرۆکایەتی کرد.
[76] - تشویش اذهان عمومی

کورد"ی درایە پاڵ. لە مانگی مەی 2008دا هێشتا هەر چاوەڕوانی دەرچوونی ئەو قەرارە بوون کە لە ساڵوەگەڕی داخرانی"ئاشتی"دا، ئایا تۆمەتەکانی سەرشانی سووک دەکرێن یان نا.

لە کەیسێکی دیکەدا، سێ ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی دووهەفتانەی کوردیی رۆژهەڵات واتە فەرهاد ئەمین پوور، رەزا عەلیپوور، و سامان سولەیمانی لە ئوکتۆبری 2006دا لە دەفتەری رۆژنامەکە لە شاری سنە، گیران.[77]
ئەوانیش تاوانی "کرداری دژبە ئاسایشی نەتەوەیی"یان درایە پاڵ بەڵام مانگێک دواتر بە کەفالەتی بڕی پارەی بەرانبەر

بە دەوروبەری 54 هەزار دۆلاری ئەمریکی ئازاد کران.[78] ئەوان دوایین دیفاعی خۆیان لە 31ی دیسەبری 2007دا پێشکەش بە دادگای شاری سنە کرد. لە مانگی ئاپریلی 2008دا گۆڤارەکە بە ناوی گەیشتنی پارە لە دەرەوەی وڵات، و واهەیە بە هۆی فرۆشرانی گۆڤارەکەوە لە هەرێمی کوردستانی عیراق، یاساخ کرا. هەرسێ کەسەکە غەرامەیان لێ ئەستێنرا.

لە مانگی دیسەمبری 2006دا، دوو خوێندکاری زانستگەی کوردستان، ئاسۆ ساڵح، خویندکارێکی 25 ساڵانی موهەندیسی، و چیا حیجازی، دوای ئەوەی بە تاوانی چاپ کردنی شتی درۆ مەحکوم کران، هەرکامیان 6 مانگ زیندانیان درایە، کە بۆ ماوەی 3 ساڵ هەڵپەسێررا، ئەوەش بە شوین گازندەیەک دا هات لە پەیوەندی چاپ کردنی راپۆرتێک سەبارەت کێشەی نێوان دوو ئەندامی شۆرای شاری سنە لە هەواڵنامەی خوێندکاریی"دەنگ"دا.[79]
پێشتر، ئاسۆ ساڵح بەرگری لە خوێندنی کرابوو و دەستی کردبوو بە کارکردن لە گەڵ رۆژنامەی دووزمانەی"دیدگاە". لە جانیوەری 2007دا لە لایەن گروپێکی نەناسراوەوە بە ناوی"لاوانی شۆرشگێری کوردستان" هەڕەشەی کوشتنی لێکرا، کە ئەو و "ئەجلال قەوامی" (بڕوانە سەرەوەتر)یان بەکارکردنی دژ بە کۆماری ئیسلامی تۆمەتبار کردبوو.

ئاسۆ ساڵح، دوای ئەوەی لە 8ی مارچی 2007دا بەشداریی خۆپیشاندانی رۆژی ژنان لە شاری سنەی کرد، کە سێ گروپی مافی مرۆڤی خۆجێ یی رێکیان خستبوو،[80] گیراو بۆ ماوەی 9 رۆژ لە شوێنی[لقی] وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری سنە، دەست بەسەر کرا. ئینجا هەواڵ

[77] - گیرانی دەستەی نووسەرانی"رۆأهەڵات"ی کوردی/ فارسی،
[78] - توێژینەوەی بەشی چاوەدێریکردنی بی بی سی، 3ی جانیوەری 2007، کە لە هەواڵی هەواڵدەریی ئیلنا وەرگیرابوو.
[79] - ماڵپەڕی هەواڵی ئێرانی بە ناوی"ئەدوار" بە فارسی، رۆژی 26ی دیسەمبری 2006 سەیری کراوە.

گەیشت کە رایانگوێستۆتە زیندانی سنە، کە لەوێش سێ رۆژ مایەوە. تۆمەتێک کە درابووە پاڵی"کردەوەی دژ بە ئاسایشی نەتەوایەتی" و "جاسووسی" بوو. دوای ئەوەی قەراری یەک ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو، ناوبراو رۆژی 9ی سپتەمبەری 2007 لە وڵات هاتە دەرەوە، و بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی نووسی، و گوتی:

من ئاسۆ ساڵحم، خوێندکاری موهەندیسی ئەلەکترۆنیک لە زانستگەی کوردستان. من سەرنووسەری"دەنگ" بووم کە هەفتەنامەیەکی خوێندکارییە لە زانستگە. من هەروەها هەواڵنێرو ئەندامی دەستەی نووسەرانی"دیدگاه" بووم، کە هەفتەنامەیەکی سەربەخۆیە و لە شاری سنە دەردەچێت.

دەسەڵاتداریەتی، لە بەر چالاکییە مەدەنییەکانم، بەرگری  لە خوێندنی زانستگەم کردوە.
من هەروەها لە لایەن دادگای شۆرشی سنە و بە هۆی چالاکی رۆژنامەوانیمەوە لە هەفتەنامەی دیدگاه دا، بە شەش مانگ زیندان مەحکووم کراوم.

کاتێ کە خەریکی ئامادەکردنی راپۆرت سەبارەت بە چالاکی ژنان لە کۆبوونەوەی رۆژی 8ی مارچ لە سنە بووم، گیرام. بۆ ماوەی 11 رۆژ لە زیندان دابووم(زیندانی ئیتلاعات). لەم دواییەدا دادگای شۆڕش لە سنە ساڵێک زیندانی بۆ بڕیومەتەوە بۆ چالاکییە رۆژنامەوانییەکانم لە هەفتەنامەی کوردی- فارسی "دیدگاه" دا.

پێویستە ئاماژەی پێ بکەم کە وەزارەتی خوێندنی باڵا پێی راگەیاندووم کە ناتوانم هەرگیز لە هیچ زانستگەیەکی ئێران خوێندن تەواو بکەم.

جا، لەم بارودۆخەدا، من هیچ دەرەتانێکم بۆ خویندن لە ئێران بۆ نەماوە و تەنانەت ناتوانم بچمە سەر ئیش و کاریش.

چیا حیجازی توانی درێژە بە خوێندنەکەی بدات، بەڵام ئەگەر بێت و پێش کۆتایی ساڵی 2009 بەشداریی هەرچەشنە چالاکییەکی ناڕەزایی دەربڕین بکات مەترسی ئەوەی هەیە شەش مانگ زیندانە هەڵپەسێرراوەکەی بکێشێت.

---

[80] - ئەوانەش بریتی بوون لە:" ئەنجومەنی پارێزگاریی مافەکانی منداڵ(انجمن دفاع از حقوق کودکان)، کە بەڕێوەبەری ئەودەمی، ئازاد زەمانی بوو، "ئەنجومەنی پشتگیری لە ژنان"(جامعه حمایت از زنان)، کە ئەودەم دیبا عەلیخانی سەرۆکایەتی دەکرد، و NGOیەکی فەرهەنگی بە ناوی "شاهۆ".

گەلێک رۆژنامەنووسی کورد لە دوو ساڵی رابوردوودا گیراون.[81] عەلی فەڕەح بەخش رۆژنامەنووسێکی بواری پیشەسازییە، کە یارمەتی رۆژنامەی" "ی داوە، و لە رابوردوودا بابەتی بۆ گەلێک رۆژنامەی لایەنگری ریفۆرم وەک " " و "شەرق" نووسیوە کە ئیتر بە فەرمانی دەسەڵاتداریەتی ئێران داخراون. ناوبراو رۆژی 27ی نۆڤەمبری 2006 کاتێ کە لە کۆنفەرانسێکی NGO سەبارەت بە میدیا لە تایلەند دەگەڕایەوە، گیرا. گیرانەکەی تەنیا رۆژی 6ی جانیوەری 2007 راگەیێنرا. سەرۆکی دادوەری، ئایەتوڵڵا موحەممەدی شاهروودی، فەرمانی ئازادکردنی ناوبراوی بە کەفالەت دەرکرد، بەڵام هەر لە بەشی 209ی زیندانی"ئیڤین"ی تاران مایەوە. رۆژی 26ی مارچی 2007 بە ناوی"جاسووسی" و "پارە وپووڵ پێ گەیشتن لە دەرەوەی وڵات"، لە لایەن دادگای شۆڕشی تارانەوە سێ ساڵ زیندانی پێ درا. بە گوێرەی چاوپێکەوتنێکی پارێزەرەکەی لە گەڵ دەزگای هەواڵنێریی خوێندکارانی ئێران، ماوەی زیندانەکەی بۆ 16 مانگ کەم کراوەتەوە ئینجا لە رۆژی 9ی ئوکتۆبری 2007 دوای کێشانی 11 مانگ زیندان، ئازادییەکی پێش کاتی پێ درا.[82]

" کاوەی جەوانمەردی"ی لە هەفتەنامەی "کەرەفتوو" رۆژی 18ی دیسەمبری 2006 گیرا و ئێستا لە زیندانی شاری سنەیە. لە مانگی مەی 2007دا، هەواڵ گەیشت کە دوای دادگایی کردنێکی نهێنی و بە تۆمەتی"ئاژاوەنانەوە" و "کرداری دژ بە ئاسایشی نەتەوایەتی" دوو ساڵ زیندانی دراوەتێ.

هەندێک لەو گیراوانە ئەشکەنجە کراون و ئەوانیتر رەفتاری خراپیان لەگەڵدا کراوە. "مادیح ئەحمەدی"، رۆژنامە نووسێکە کە لە کوردستان کاری بۆ رۆژنامە سەرانسەرییەکان وەک"هەمبەستەگی" دەکرد کە لایەنگری ریفۆرم بوو و ئێستا داخراوە. ناوبراو رۆژی 28ی جولای 2005 لە بازگەیەکی پۆلیس لە نێوان مەریوان و سنەدا، گیرا. لە ماوەی 2 رۆژ دەست بەسەریدا لە 'سەرواباد" یازدە جار پرس و جۆی لێ کرا. کەلەپچەی قەپانی[83]یان لە دەستی دا کە بە مەچەک یا باسک لە پشتەوە بە دیوار یا بە میچەوە هەڵیدەواسن. کاتێ رۆژی 30ی جولای بردیانە دادگا لە سەرواباد، دادوەرێک پرسیاری خوێنی سەر جل و و بەرگەکەی لێکرد. وەڵامی دایەوە کە ئەشکەنجە کراوە، بەڵام وا دەردەکەوێت، کە دادگا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کێشەکەی نەکردبێت.

---

[81] -" : ". هەواڵنێرانی بێ سنوور، 3ی جولای 2007، هەواڵەکە لەم شوێنەدا بڵاوبۆتەوە: http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2007/7/irankurdistan262.htm بانگەواز بۆ کۆتایی هێنان بە هەڕەشە لە میدیا دوای شەپۆلی گیرانی رۆژنامە نووسان، 10ی جانیوەری 2007، http://www.rsf.org/article.php3?id_article=20362

[82] - بڕوانە: هەنگاوی بەپەلەی لێبووردنی نێونەتەوەیی، زانیاری زیاتر لەم سەرچاوەیە:16ی فیبریوەری 2007 UA 40/07 (MDE 13/018/2007, و شوێنگرەکەی: (MDE 13/046/2007, 26 April 2007) گیرانی نایاسایی/ نیگەرانیی پزیشکی/ گونجاو بوونی زیندانی بیروباوەڕ- عەلی فەرەح بەخش(m)،, رۆژنامەنووس

[83] - کە بە "دەستبەندی قەپانی"یش دەناسرێت.

مادیح ئەحمەدی لە ماوەیەكی كەمتر لە هەفتەیەكدا راگوێزرایە شوێنی تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری سنە و لەوێ هەشت رۆژ مایەوە. چەندین جار ئەشكەنجە كرا و هەڵس و كەوتی خراپی لە گەڵدا كرا، بۆ نموونە، لێیاندا، بە شەللاق داركارییان كرد، و خواردنی كەمیان دایە و چوون بۆ ئاودەستیان لێ بەربەست كرد(رۆژی یەكجار). ماوەی 6 رۆژ بردیانە مەریوان و پاشان گەڕاندیانەوە بۆ شوێنی تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعات لە سنە بۆ 20 رۆژی كۆتایی و لە كاتێكدا
چاویان بەستبوو مەجبووریان كرد دەقی پرس و جۆیەكانی خۆی ئیمزا یا بە پەنجە مۆریان بكات. ئینجا مەجبووریان كرد وەڵامەكان لە بەر بكات بۆ ئەوەی دواتر وت ووێژی لە گەڵدا تۆماربكەن. ئەگەر شتێكی لە بیربچوایە یاخود لەو شتانەی وا دەبوایە بیانڵێت لای بدایە، پشكێنەران بەردەبوونە لێدانی.

مادیح ئەحمەدی دوای ماوەیەكی تر كە لە زیندانی سەرواباد مایەوە، سێ مانگ زیندانیان پێدا هاوڕێ لە گەڵ قە رەبوویەكی نەغدی بۆ پەڕینەوەی سنوور بە بێ ئیجازەی یاسایی. كاتێ كە ئازادی بە كەفالەتیان لێ قەبووڵ نەكرد، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لێوەكانی خۆی بەیەكەوە درووی. مادیح ئەحمەدی لە نۆڤەمبەری 2005دا دوای مانگرتن لە خواردن ئازاد كرا. لە جانیوەری 2006دا دوای پرس وجۆ- و واهەیە هەڕەشە لێكردن لە لایەن پشكێنەرەكان، بۆ ماوەی نزیكەی ساڵێك خۆی لە كوردستان شاردەوە، بەڵام ئەو دەم دوای هێرشێك بۆ سەر ماڵەكەیان، لە ئێران هەلات و دواتر لە نەبوونی خۆیدا قەراری 5 ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو.

**6. كوشتنی بێ قانوون لە لایەن هێزەكانی ئاسایشەوە**

كووژرانی شوان قادری و دوو پیاوی تر لە مەهاباد لە جولای 2005 كە لە سەرەوەتر باسی لێوە كرا، گوێ نەدانی هێزەكانی ئاسایش بە رەچاوكردنی ستاندارده نێونەتەوەییەكان سەبارەت بە بەكارهێنانی هێزی كوشەندە دەردەخات.[84] دوابەدوای كووژرانەكە، هێزەكانی ئاسایش بە وەڵامدانەوەی توند وتیژ بەرانبەر بە ناڕەزایی دەربڕینە جەماوەرییەكان ئەم پشت گوێ خستنەیان دووپات كردەوە.

رۆژی 15ی جولای، هێزەكانی ئاسایش لە ناوچەی مەهاباد بەردەوام بە چەكی گەرم تەقەیان لە كۆمەڵێك خەڵك كرد كە خۆپیشاندانیان دەكرد، ژمارەیەكی زۆر لە هێزی زەوینی و هێلیكۆپتری چەكداریان هێنایە كایەوە. هەواڵ گەیشت كە زیاد لە 20 كەس كووژران و سەدان

[84] - بۆ نموونە، ماددەی 3ی یاسای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كردار بۆ ئەفسەرانی كارپێكردنی یاسا، هەروەها ئەسڵی 4ی ئوسووڵی سەرەتایی نەتەوە یەكگرتووەكان سەبارەت بەكارهێنانی هێزو چەكی گەرم.

کەس لە ماوەی ئاژاوەکەدا بریندار بوون. دەسەڵاتداریەتی پێی لەوەنا کە پێنج کەس کووژرابێت، و گوتیان کە خەرێکی لێکۆڵینەوە لە کووژرانەکەن. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان هەرگیز ئاشکرا نەکران.

بە گوێرەی هەواڵ لە فیبریوەری 2006دا، پێکدادانی خۆپیشاندەرانی کورد و هێزەکانی ئاسایش لە ماکۆ وشارەکانی تر، گەیشتە ئەنجامی 9 کووژراو لە نێو خۆپیشاندەرەکاندا. مانگی دواتر ئەندامانی کوردی مەجلیس نامەیەکیان بۆ سەرەک کۆمار ئەحمەدی نەژاد نووسی و داوای لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکانیان کرد و خوازیاری ئەوە بوون بەرپرسانی کارەکە بدرێنە دەست یاسا. بە گوێرەی هەواڵ، لێکۆڵینەوەیەک خرایە رێگا، بەڵام ئەنجامەکانی نازانرێت.

رۆژی 16ی فیبریوەری 2007 و لە ماوەی خۆپیشانێکدا لە مەهاباد، بە پێی هەواڵەکان، سێ کورد لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە کووژران کە بریتی بوون لە بەهمەن مورادی 18 ساڵە، ژنێک بە ناوی مەلیحە و کەسێکی تر، کە ناوەکەی بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی نەزانراوە. دەیان کەسی دیکەش بە گوێرەی هەواڵ بریندار بوون.

هەروەها لە زیندانەکاندا مردنی گومانلێکراو بینراوە. خوێندکار ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی، 27 ساڵان رۆژی 6ی جانیوەری 2008 لە رۆژی ئەزموونی زانستگەدا لە سنە گیرا. دایک وباوکی چەند رۆژ دواتر سەردانیان کرد، بەڵام دواتر لە رۆژی 15ی جانیوەری پییان راگەیاندن کە ناوبراو خۆی کوشتوە و تەرمەکەی لە بەشێکی قەبرستانی سنە نێژراوە کە بە عادەت بۆ ئەو کەسانە تەرخان کراوە وا دژکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانین. بنەماڵەی بەدبەختی کەسەکە داوایان کرد تەرمەکە لە قەبر بهێنرێتەوە دەرێ و دوکتورێکی پاتۆلۆژیست ئەزموونی بکات. تا مانگی مەی 2008 ئیجازەی دەرهێنانە دەر لە قەبر نەدرابوو.

**دەرەوەی ئێران**

وا دەزانرێت کە دەسەڵاتداریەتی ئێران لە ساڵانی پێشوودا دەستیان بە کردەوەی دژ بە موخالیفان لە دەرەوەی خاکی خۆیان کردەوە کە لە ناویاندا کوردانی ناوبەدەرەوەش هەن. بۆ نموونە، گومان ئەوەیە کە خەڵکانی دەستنێژی دەوڵەتی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، سکرێتری گشتی پێشووی حزبی دیموکراتی کوردسانی ئێرانیان لە مانگی جولای 1989دا لە ئوتریش(نەمسا) کوشتبێت.

ناوبراو، بەشداریی کۆبوونەوەیەکی دەکرد کە مەئموورانی دەوڵەتی ئێران بە فێڵبازی ڕێکیان خستبوو بۆ ئەوەی باسی داسەپاندنی ئاشتی لە ناوچە کوردییەکانی ئێران بکەن کە دواى شۆڕش شەڕی تێدا هاتبووە ئاراوە.[85]

سێ ئەندامی ڕێبەرایەتی حدکا، دوکتور محەممەدسادق شەرەفکەندی(جێگری دوکتۆر قاسملوو)، فەتاح عەبدولی و هومایوون ئەردەڵان و کەسێک بە ناوی نوورڵڵا مەحەممەدپوور دیهکوردی- کە لە پەیوەندی ئەواندا بوو، لە سپتەمبری 1992دا لە ئاڵمانیا کووژران، کە لەوێ بەشداریی کۆنگرەی نێونەتەوەیی سوسیالیستەکانیان دەکرد. قەراری کۆتایی دادگایەک کە لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا پێک هات، ئەوە بوو، کە ئەو کوشتنانە مەئموورانی شۆڕای عەمەلیاتی تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعات و کەسانی دەستنێژی وەزارەتی ئیتلاعات بەڕێوەیان بردوون. دادگا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئیجازەی عەمەلیاتەکە کومیتەی عەمەلیاتی تایبەتی حکوومەتی ئێران دەری کردوە، کە ڕێبەری باڵا، ئایەتوڵڵا خامنەیی سەرۆکایەتی کردووە. دواى کۆتایی هاتنی دادگا، کە سێ ساڵ و نیوی خایاند، چوار کەس کە دەسەڵاتداریەتی ئاڵمان گرتبوونی – سێ هاووڵاتی لوبنان و ئیرانییەک- بۆ دەوریان لە هێرشکارییەکەدا، زیندانیان بۆ بڕایەوە. وا دەزانرێت کە ئێستا هەموویان ئازادکرابێتن.

قەراری کۆتایی دادگای پێداچوونەوەی بەرلین لە ڕۆژی 10ی ئاپریلی 1997دا، ئەوە بوو، کە حکوومەتی ئێران ڕاستەوخۆ لە کوشتنەکاندا بەشداری کردوە، و بۆ یەکەم جار لە دادگایەکی کوشتندا بەرپرسیایەتی کارەکە خرایە ئەستۆی وڵاتێکی جگە لە ئاڵمانیا.[86] حکوومەتی ئێران قەراری دادگای مەحکووم کرد. سەرەک کۆماری ئەو دەم، ڕەفسەنجانی، بڕیارەکەی وا هەڵسەنگاند کە سیاسەت هاندەری بێت و وەک کارێکی "بێشەرمانە" لە بیرەوەریدا بمێنێتەوە.[87]

جگە لەو کوشتنە دەست نیشانکراوانە، دەسەڵاتداریەتی ئێران بەرپرسە لە بەرانبەر کووژرانی ناپاسایی دیکەش لە دەرەوەی ئێران دا. مانگی جوونی 2007 هێزەکانی ئێران بۆمبارانی گوندە کوردییەکانی عێراقیان کرد بەشێوەیەک کە وا دەردەکەوێت بە تەواوەتی هێرشێکی ناهاوتا بوویێت. عەمەلیاتەکە، گوایە ئەو کوردانەی ئێرانی تێداکووژراون کە سەر بە گرووپی ئۆپوزیسیۆن بوون و واهەیە بەشداریی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئاسایشی ئێرانیان کردبێ. ئەو چەشنە هێرشانە بۆ سەر گوندەکانی عیراق درێژەی هەبوو، و سەرەڕای ناڕەزایی دەربڕینی دەسەڵاتداریەتی عیراق، لە ماوەی چەند مانگدا هەر وەستا و دەستی پێ کرایەوە. وەک ئەنجامێک، هەزاران گوندیی کورد، ئێرانی و عیراقی، لە ماڵەکانیان هەڵاتن و چوونە لای ئەو خەڵکانەی تر، کە لە ناو خاکی عیراقدا ئاوارە ببوون.

---

85 - : ، ناوەندی بەڵگەنامەیی مافی مرۆڤی ئێران، مارچی 2007

86 - ، هەمان شوێن، لە دیسەمبری 2007دا هاووڵاتیە ئێرانی یەکە وا قەراری زیندانی دایمی بۆ دەرچووبوو، وەک بەشێک لە گۆڕینەوەی ڕانەگەیێنراوی زیندانیان، گەڕایەوە بۆ ئێران.

87 - ، هەمان، لاپەڕە 19

لە مانگی ئۆگوستی 2007دا، بەرپرسانی کوردی عیراقی نیگەرانی خۆیان لە پێکدادانی نێوان پێشمەرگەی کورد و هێزەکانی ئێران لە شوێنە دوورە دەستەکانی سەر سنووری باکووری رۆژهەڵاتی عیراق دەربڕی، کە تێیدا دەسەڵاتداریەتی ئێران هەزاران پاسداری شۆڕشی خستبوە گەڕ.[88] بەرپرسان گوتیان لە چوار رۆژ بۆمبابارانی هێزەکانی ئێران دا گوندە شاخاوییەکانی ناو خاکی عیراق پێکراون و دەوروبەری هەزار کەس لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون.

## 7. سزای ئیعدام و دادگای ناعادڵانە

عەبدولواحید(ناسراو بە هیوا) بووتیمار و عەدنان حەسەن پوور هەردوکیان لە مانگی مەی 2008دا گیراون و رووبەڕووی ئەگەری ئیعدام بوونەتەوە.[89] هیوا بووتیمار، سەرۆکی ئەنجومەنی چیا سەوزەکان، رێکخراوەیەکی ژینگەیی، لە رۆژی 23ی دیسەمبری 2006 یا دەوروبەری ئەو رۆژەدا گیرا. عەدنان حەسەنپوور، رۆژنامەنووسێکی کورد کە لە گەڵ چاپەمەنی یاساخ کراوی"ئاسۆ"دا کاری دەکرد و پشتگری مافە فەرهەنگییەکانی کوردی ئێران بوو، رۆژی 25ی جانیوەری 2007 گیرا. بە پیی هەواڵ، هەردووکیان لە شوێنی لقی وەزارەتی ئیتلاعات لە مەریوان، لە ئوستانی کوردستان راگیران، و پاشان لە رۆژی 26ی مارچی 2007دا برانە زیندانی مەریوان. بە پیی هەواڵ هەردووکیان رۆژی 12ی جوونی 2007 برانە دادگای شۆڕش لە شاری سنە.

رۆژی 15ی جولای 2007 هەر دووکیان راگوێزرانە زیندانێکی نەزانراو، کە بۆی هەیە شوێنێک بێت وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری سنە بەڕێوەی دەبات. دوورۆژ دواتر پێیان گوترا کە بە تۆمەتی"جاسووسی" و "موحارەبە" (واتە"دژایەتی کردنی خودا") قەراری ئیعدامیان بۆ دەچووە. لە ئوکتۆبری 2007دا قەراری ئیعدامی عەدنان حەسەنپوور لە لایەن دادگای باڵاوە پشت راست کرایەوە، بەڵام قەراری هیوا بووتیمار هەڵگەڕایەوە و کەیسەکەی درایە دادگایەکی خوارەوەتر بۆ لێکۆڵینەوە.

---

[88] - گاردیەنی رەها، ، 20ی ئۆگوستی 2007، http://www.guardian.co.uk/Iraq/Story/0,,2152325,00.html

[89] - بۆ زانیاری زیاتر لە پەیوەندی عەدنان حەسەنپوور و عەبدولواحد بووتیمار ناسرو بە هیوادا، بڕوانە: داواکاریی بە پەلە
AI reference MDE 13/133/2007), 13ی نۆڤەمبەری 2007)
http://www.amnesty.org/en/library/asset/MDE13/133/2007/en/dom-MDE131332007en.html

ساڵح نیکبەخت، پارێزەری ناوبراو گوتی هیوا بووتیمار تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ کە چەکی کوشەندەی هەڵگرتووە، لە کاتێکدا بوتیمار رەتی ئەوەی کردەوە کارێکی وای کردبێت و پێی لە سەر ئەوە داگرت کە لە پەیوەندی هیچ گرووپێکی چەکداردانەبووە.[90] لە توێژینەوەی دواتر، لە ئاپریلی 2008 دا، قەراری ئیعدامی ناوبراو لە لایەن دادگایەکی خوارەوەتر لە مەریوان پشت راست کرایەوە. یەک لەو تۆمەتانەی وا درابوونە پاڵ عەدنان حەسەنپوور بریتی بوو لە" وت و وێژێکی سەر تەلەفون لە گەڵ فەرمانبەرێکی رادیۆی دەنگی ئەمریکا"، کە وەک پەیوەند لە گەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆی گیرابوە و بەرچاو. پێیان گوتبوو کە قەرارەکەی بۆیە بۆ دەرچووە کە گوایە شوێنایەتی بنکە و پێگە سەربازییەکانی درکاندوە و پەیوەندی لە گەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا دامەزراندوە و یارمەتی هەڵاتنی کەسێکی لە ئێران داوە کە دادپەروەریی وڵات دەیویست پرسیاری لێ بکات.

بە سەریەکەوە هەموو ئەوانە کۆکرانەوە و بوون بە تاوانی مەزنی ("دژایەتیکردنی خودا"). دادگای باڵا ئەو ئەنجامەی پشت راست کردەوە و بۆیە، قەراری ئێعدامەکەشی هەر پشت راست کردەوە.

مامۆستای قوتابخانە فەرزاد کەمانگەر لە مانگی مەی 2006 دا لە لایەن کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە گیرا. بنەمای وردی گیرانەکە، روون نییە. بۆ ماوەی چوار مانگ، شوینی ئەو و دوو کەسیتر واتە عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی نەدەزانرا بنەماڵەی فەرزاد کەمانگەر ئینجا زانییان کە لە زیندانی ئیڤین راگیراوە. دوای حەوت مانگ ئیجازەی یەکەم چاوپیکەوتنی ئەندامانی بنەماڵەی خۆی پێ درا، گەرچی ئەویش چاوپێکەوتنی خۆماڵی نەبوو، نیگەهبانەکانی زیندان لەوێ ئامادەبوون و داوا لە فەرزاد کەمانگەر و کەس و کارەکەی کرا بە فارسی قسە بکەن. فەرزاد کەمانگەر(کە بەشێک لە شایەدینامەکەی لە پاشکۆی ئەم راپۆرتەدا بەرچاو دەکەوێت )، لە ماوەی دووساڵدا، چەندەها جار و بە شێوەی سیستماتیک ئەشکەنجە کرا پێش ئەوەی لە رۆژی 25ی فیبریوەری 2008 و دوای موحاکەمەیەکی بەئاشکرا ناتەواو لە لایەن دادگایەکی سەرەتاییەوە، قەراری ئیعدامی بۆ دەرچوو. بە گوێرەی راپۆرتی چاپەمەنییەکانی ئێران، ناوبراو لە مانگی جوونی 2006دا لە گەڵ دوو چالاکی دیکەی کورد چووە بۆ تاران و دواتر لەو ماڵ و ترومبیلە دا کە بەکاریان هێنابوو، نیشانەی تۆزی تەقەمەنی و تفەنگ دۆزراوەتەوە و دوابەدوای ئەوەدا گیراون.

رۆژی 4ی دیسەمبەر ماکوان مەولوودزادە. مێرمنداڵێکی کوردی ئێرانی کە تاوانی کردبوو، دوای دادگایی کرانێکی بە ئاشکرا ناتەواو بۆ تاوانێک کە دەگوترا لە تەمەنی 13 ساڵیدا کردبێتێ، ئیعدام کرا. ناوبراو بۆ تاوانی "لواط عقابی" (واتە سێکس لە رێگەی دەمەوە) گوایە لە گەڵ 3 کەسدا، مەحکووم کرا لە مانگی جولای 2007دا ئەوانەی وا گوایە تاوانەکەیان لە گەڵدا کرابوو، تۆمەتەکەیان وەرگرتەوە و موحاکەمەکەش لە دادگای جینایی کرماشان بەڕێوە

---

[90] -http://www.roozonline.com/english/archives/2007/07/006302.php.

دەبرا، کە هەندێک دانیشتنی لە شاری پاوە بەڕیوە چوون. بە گوێرەی هەواڵ ئەو کەسانە گوتبوویان درۆیان کردووە یا لە پەیوەندی ئەو بە قسە دەستدرێژیکردنانەدا مەجبوور کراون درۆ بڵێن.

لە بڕیاری ئێعدامی ماکوان مەولوودزادە داوەر، پشتی نە بە بەڵگەو نیشانەکان، بەڵکوو بە "زانیارییەکان"ی خۆی بەست، کە ماکوان مەولوودزادە دەکرا وەک پیاوێکی گەورە دادگایی بکرێت و ئەو تاوانە ش کە گوایە کردبووی. بە گوێرەی ماددەی 120ی یاسای سزا[ئێران] لە کەیسی سیکسی پیاوان لە ریگەی دەمەوە، داوەر دەتوانێت داوەرییەکەی لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی خۆی بکات کە لە خەڵکی گردوکۆ کردوون". راپۆرتەکان وا دەگەیێنن کە ماکوان مەولوودزادە لە باس و خواسی ناو دادگا، کە بە فارسی بەڕێوە برا، تێنەدەگەیشت.[91]

یاسای سزای ئێران پێنج چەشنە تاوان دەناسێت: "حودوود (تاوان دژ بە ئیرادەی خودا)، قەساس (سزادانەوە بە شێوەی هاوچەشن)، دیە (غەرامە)، تەعزیر(ئەو تاوانانەی وا شایانی سزا بە گوێرەی خواستی حکوومەتن، و لە یاسای ئیسلامی وەرنەگیراون)، و سزا بەرگریکردنەکان، کە قەربووکردنەوەی نەغدیش دەگرێتە بەر. قەراڕی ئیعدام بۆ هەندێ تاوانی دیاریکراوی و تەعزیر دەگیرێتە بەر چاو،و لە قەساسی قەتڵیشدا واهەیە قەراری ئیعدام بدرێت.

داوەرەکان رادەیەکی زۆری ئازادییان لەوەدا هەیە بڕیاربدەن تاوانێکی دیاریکراو ئەوەندە جیددییە کە دەبێ یەک لەو مەقوولانە بیگرێتەوە کە بە ئیعدام سزادهدرێت نەک بە ماوەیەک زیندان یاخود سزای تر.

بە گوێرەی یاسای نێوەنەتەوەیی مافی مرۆڤ، ئەو کەسانەی وا گومانی تاوانێکیان لێ دەکرێت کە شایانی سزای ئیعدام بێت یاخود تۆمەتێکی ئەوتۆیان دراوەتە پاڵ کە شایانی سزای ئیعدام بێت، مافی ئەوەیان هەیە باشترین وردبوونەوەی هەموو زامن کردنێکی دادگایی کردنی عادڵانەیان لە هەموو قۆناغێکی کاروباری دادگادا بۆ بکرێت، کە ئەوە قۆناغی

---

[91]- پروانە: : AI Index: MDE 13/059/2007)) مانگی جوونی 2007 هەروەها: http://web.amnesty.org/library/index/engmde130592007

لێکۆڵینەوەش دەگرێتەوە، هەروەها مافی هەندێک پارێزکردن و ئیحتیاتی سەرباری ئەوانە، وەک داشکاندنی رادەی سزا.[92]

یەک لەو زامنە کلیلییانەی دادگایی کردنی عادڵانە کە لە یاسای نێونەتەوەییدا بە شێوەی تایبەت پارێزراوە، مافی داکۆکیکارە بۆ هەبوونی پارێزەر لە هەموو ماوەی رەوتی دادوەریدا.[93] لە ئیران، داکۆکیکار تەنیا کاتێ مافی هەبوونی پارێزەری پێ دەدرێت کە کاری لێکۆڵینەوە کۆتایی پێ هاتبێت و بە شێوەی فەرمی تۆمەتی درابێتە پاڵ. ئەوە، دەبێتە هۆی دوورودرێژبوونی دەست بە سەریی کەسەکە، بە بێ پەیوەندی و مولاقات و هەروەها پرس وجۆ بە بێ ئامادەبوونی پارێزەر، هەردووکی ئەوانە، رێگە بۆ ئەشکەنجە یا هەڵس و کەوتی ناپەسند لە پێناو وەرگرتنی ئیعتراف خۆش دەکەن.[94]

یاسای سزای ئیسلامی ئەوە دیاری دەکات کە لە تاوانی و دا دەکرێت ئیعتراف وەک تاقە هۆکاری سەلماندنی تاوان کەڵکی لێ وەربگیرێت[95]، کە ئەوە خۆی مەترسی مەحکووم کردنی داکۆکیکار لە سەر بنەمای ئیعترافێک کە ئازادانە نەکراوە، زیاتر دەکات.

واهەیە پارێزەران لە ماوەی دادگادا ئامادەبن، بەلام ئیجازەیان نییە تاکۆتایی هاتنی کارەکە، قسە بکەن. لە کەیسی

"گرنگ"دا، داوەر دەسەڵاتی ئەوەی هەیە پارێزەر لەو دانیشتنەی وا قەراری کۆتایی لێ دەردەچێت، هەڵاوێرێت.[96]

---

[92] - ماددەی 6ی ICCPR
[93] - بۆ نموونە، ماددەی 14ی ICCPR
[94] -مافی پەیوەندیگرتن لە گەڵ راوێژکار یا پارێزەری دادگا، کە کەسی تۆمەتبار بە خێرایی دەستی بە راوێژکار رابگات. راوێژکار یا پارێزەری دادگا، دەبێ بتوانێت بە شێوەی خسووسی چاوی بە نەفەرەکەی بکەوێت و بە چەشنێک کە لایەنی نهێنی وت وویژەکان بە تەواوەتی پارێزراوبێت. جگە لەوانە، پارێزەران دەبێ بتوانن بە گوێرەی ئەخلاقی بە گشتی ناسراوی حیرفەیی و بە بێ هیچ چەشنە بەربەست، نفووز، گوشار، یاخود دەست تێوەردانی هیچ لایەنێک ئامۆژگاریی ئەو کەسانە بکەن کە تۆمەتی تاوانی جیناییان دراوەتە پاڵ و ئەرکی نوێنەرایەتی ئەوان بەجێ بێنن.
[95] - شێوەکانی تری سەلماندنی تاوان بریتین لە شایەدیدانی شایەد یا زانیاریی داوەر، کە " بە شێوەی جێ پەسەندی کۆمەڵایەتی وەرگیرابێت".
[96] - ماددەی 15ی یاسای راگەیشتن بە تاوان. ئەگەر سزای ئیعدامیش لە گۆڕێ دا بێت، شتێکی بەڵگەنەویستە کە کەسی تۆمەتبار دەبێ بە شێوەیەکی بەسوود و لە هەموو قۆناغەکانی رەوتی راگەیشتن بە کێشەکەدا لە لایەن پارێزەرەکەوە یاریدە بدرێت (ئاماژە بەم کەیسانەی خوارەوە: ژمارە 2001/ 985، عەلیبۆیێڤا دژ بە [حکوومەتی] تاجیکستان، پەرەگرافی 6.4 ، ژمارە 2001/ 964 سەعیدۆڤا دژ بە [حکوومەتی]، تاجیکستان، پەرەگرافی 6.8 ، ژمارە 1997/781، عەلییف دژ بە [حکوومەتی] ئوکراین، پەرەگرافی 703، ژمارە 1993/ 554، لەڤەند دژ بە حکوومەتی ترینیدادوتوباگۆ، پەرەگرافی 58).

ئەگەر داکۆکیکارێک توانای ئەوەی نەبێت خەرجی پارێزەر بدات کە خۆی دەیەوێت، ئەوا دادگا پارێزەرێکی بۆ دابین دەکات.

ناتەواوی دیکەی ئێران سیستەمی داوەرییە، وەک دەست ڕانەگەیشتن بە پارێزەری هەڵبژێراوی خۆی، گیرانی گومان لێکراو پێش دەست پێکی دادگا کە هەندێک جار لە شوێنی زیندانی نافەرمی لە دەرەوەی سیستەمی فەرمی زیندان رادەگیرێن و ئەوەش رێگە بۆ بەکارهێنانی ئەشکەنجە یا هەڵس و کەوتی نالەبار بۆ وەرگرتنی ئیعتیراف خۆش دەکات، پشت گوێ خستنی مافی هێنانی شایەد، مەودانەدان بە پارێزەری داکۆکێکار بۆ ئەوەی کاتی پێویست بۆ پێشکەش کردنی کەیسەکە هەبێت، و زیندانی کردنی پارێزەرانی داکۆکیکار، ئەگەر لە رەوتی راگەیشتن بە کارەکان گازندە بکەن.[97]

ئەو ناتەواوییانە، بە تایبەت لە کەیسی سزای ئیعدامدا جیددین هەروەها بۆی هەیە داکۆکیکارانی کۆمەڵگای کەمایەتی کورد و ئەوانیتریش، کە رووبەرووی هەڵاواردنی سیستماتیک لە لایەن دەوڵەت بوونەتەوە و واهەیە زمانی دادگا تێ نەگەن، ببنە قوربانی چەواشەکاریی دادوەری.

کومیتەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە کە "سزای ئیعدام دەبێ هەنگاوێکی نائاسایی بێت" و تەنیا کاتێک دەبێ بڕیارەکەی دەربچێت کە دادگا هەموو زامنێکی راگەیشتن بە موحاکەمەیەکی دادپەروەرانەی گرتبێتە بەرچاو.[98] لێبووردنی نێونەتەوەیی لە هەموو کەیسێکدا دژ بە سزای ئیعدامە، لە بەرئەوەی دەست درێژکردنە بۆ سەرمافی ژیان و مافی ئەشکەنجەنەکران یاخود مافی نەکەوتنە بەرسزای بێ بەزەییانە، نامرۆڤانە و سووکایەتی پێکردن.

## 8. پێشنیار و راسپاردەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی بانگی هەموو دەسەڵاتدارانی ئێران دەکات کۆتایی بە هەڵاواردنی کورد بهێنن و زامنی ئەوە بکەن کە کورد و ئەندامانی کۆمەڵگا کەمایەتییەکانی دیکەی ئێران- پیاو یا ژن، و منداڵ بەیەک شێوە - بتوانن دەست بە هەموو چەشنە مافێکی مرۆڤ رابگەیێنن و سوودی لێ وەربگرن.

بە شێوەی تایبەت، لێبووردنی نێونەتەوەیی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە ئاراستەی حکوومەتی ئێران دەکات:

**سەبارەت بە یاسا و هەروەها کردارەکانی هەڵاواردن، کە ئەوانەش دەگرێتەوە وا لە پەیوەندی ئایین و فەرهەنگدان:**

---

[97] - راپۆرتی گرووپی کار سەبارەت بە دەست بەسەرکردنی بێ قانوونییانە، 27ی جوونی 2003، E/CN.4/2004/3/Add.2.

[98] - کومیتەی مافی مرۆڤ، بۆچوونی گشتی ژمارە 6 سەبارەت بە مافی ژیان، پەرەگرافی 7

-پێداچوونەوەی هەموو یاساکان بەو روانگەیەوە کە هەموو پەیڕەوەکانی هەڵاواردن یا ئەوانەی وا کارتێکەریی جیاوازیدانەرانەیان لە سەر کۆمەڵگا کەمایەتییە قەومی ئایینیەکان یا هەر کۆمەڵگایەکی کەمایەتییەکانی ترهەیە.

-دەرکردنی رێنومایی و هەڵهێنانی هەنگاوی پێویست لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی جیاوازیدانەرانەی یاساکان بۆ ئەوەی زامنی ئەوە بکرێت کە کۆمەڵگا کەمایەتییەکانی ئێران سوود لە هەموو چەشنە مافێکی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان ببینن.

**سەبارەت بە کارودامەزران**

-کۆتایی هێنان بە پێوانەی جیوازیدانەرانەی          کە بە سەرلایەنی کار و دامەزراندا زاڵە، لە ئیش و کاری دەوڵەتیشدا.

**سەبارەت بە خانووبەرە**

-کۆتایی هێنان بە هەموو سیاسەتێکی چۆڵ پێکردنی زۆرەملێ و هەرچەشنە داگیرکردنێکی زەوی یا راگۆاستنی دانیشتوان کە جیاوازیدانەرانە بێت یاخود دژ بە یاساوپێوەرە نێونەتەوەییەکان بێت.

-دڵنیابوون لەوەی کە دەرکردنی بەزۆر تەنیا وەک دوایین رێگە چارە سەیر دەکرێت، و بە گوێرەی یاسای بەڕێ و جێ، دوای راوێژکردن لە گەڵ ئەوانەی وا دەکەونە ژێر کارتێکەریی بەرنامەکەوە، بەڕێوەدەبرێت، زامن کردنی خانووبەرەی رێک وپێکی جێگری ئەوی پێشوو، هاوڕێ لە گەڵ پارەی قەرەبوو، بە شێوەیەک کە لە گەڵ یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا یەک بگرێتەوە.

**سەبارەت بە پەروەردە**

-هەڵێنانەوەی هەنگاو بە ئامانجی ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگا کەمایەتییەکان بتوانن بە زمانی زگماک دەرس بخوێنن و دەرەتانی بەڕێ و جێیان هەبێت بۆ ئەوەی زمانی زگماکیان فێرببن.

**سەبارەت بە مافی کچان و ژنان**

-کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی یاسایی ژنان بە گۆڕین یا لە ناوبردنی یاساکان(وەک یاسای سزا) یا ئەو پەیرەو و عورف و کردەوانەی وا ژنان لە کێشەکانی ناوبنەماڵەدا جیاواز دادەنێن یا ئەوانەی وا ئیجازە دەدەن ئەو هەڵاواردنانە بمێننەوە. بە تایبەت، زامن کردنی ئەوەی ژنان بەرانبەریی یاساییان پێ دەدرێت سەبارەت بە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەر و بۆ سەرپەرشتی کردنی منداڵ لە ماوەی هاوسەرایەتی و جیابوونەوەدا، هەروەها لەو کێشانەدا کە پەیوەندیان بە میرات، خانووبەرە، کار و چالاکییە ئابوورییەکانەوە هەیە.

-راپەڕاندنی خێراو بە بێ وەستانی رێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ فەوتاندنی هەموو شێوازێکی هەڵاواردن دژ بە ژنان و "پەیماننامەی بە ئارەزوو"ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

-مەحکووم کردنی ئاشکرای هەموو توند وتیژییەک دژ بە ژنان و کچان، بە توند و تیژی نێو بنەماڵەوە.

-بە تاوان ناسینی هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان، و هێنانە کایەی پێوانەی وەک راهێنانی فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ زامنکردنی ئەوەی یاساکان بەڕێوە دەبرێن.
-زامنکردنی ئەوەی تاوانەکانی "نامووسی" وتوند وتیژی ناو بنەماڵە وەک تاوانی جینایی جیددی سەیر دەکرێن، و لێکۆڵینەوە و سزای پێویستیان بۆ دەگیرێتە بەرچاو.

-لێکۆلینەوەی خێرا، بێ لایەن و تەواوی هەموو کوشتن، قەسدی کوشتن و خۆکوشتنێکی ژنان، بەو روانگەیەوە کە ئەوانەی وا بەرپرسی توندوتیژی دژ بە ژنانن، دەدرێنە دەست دادوەری.
-هەنگاوی دیاریکراو بۆ کەم کردنەوەی خۆقوربانی کردنی ژنان و کچانی کورد.
-کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی NGO ی مافی ژنان سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان بۆ پلان داڕشتن وسوودلێ وەرگرتنی خەباتی ئاگاکردنەوەی پەروەردەی گشتی.
-زامن کردنی ئەوەی کە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی ژنان ئازادیی کارکردنیان هەیە بە بێ ترس و کوسپی سەر رێگا لە لایەن دەوڵەت یا ئەوانەی وا لە دەرەوەی دەوڵەت هەڵدەسووڕێن، کاتێ کە دەچن کارە قانوونییەکانی خۆیان بەڕێوە بەرن.
-بەکارهێنانی هەموو پێوەرێکی کاریگەر بۆ زامن کردنی بەرانبەریی ژیندەر لە پەروەردە، بایەخدان بە راهێنان و دامەزراندنی مۆمۆستایانی ژن و بە مەجبووری کردنی چوونە قوتابخانە بۆ کچان تا تەمەنی خوارزاوی 14 ساڵان.

**سەبارەت بە مافەکانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ**

-بەکار هێنان و کردنە یاسای ناوخۆیی ئەو پێوەرانەی وا لە "بانگەوازی سەبارەت بە ماف و بەرپرسیایەتییەکانی تاک، گرووپ، و رێکخراوەکانی کۆمەڵگا بۆ پەیرەوکردن و پارێزگاریی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان کە لە جیهاندا ناسراون".
-وەرگێڕانی چاپەمەنی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ناوی"
: "،
کە هەروەها بە "وەرەقەی راستییەکانی 29" ناسراوە و چۆنیەتی کاری

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە پەیوەندی پاراستنیاندا روون دەکاتەوە، بۆ سەر زمانی فارسی و زمانە کەمایە یە پەیوەندیدارەکان.

**سەبارەت بە ئەشکەنجە و هەڵس و کەوتی ناڕەوا، کە بەکارهێنانی هێزی کوشەندەش دەگرێتەوە**

-مەحکووم کردنی بە ئاشکرای ئەشکەنجە و شێوەکانی تری هەڵس و کەوتی ناڕەوا.
-هەڵێنانەوەی هەنگاوی بە پەلە بۆ زامن کردنی ئەوەی هیچکەسێک ئەشکەنجە نەکرێت یا رەفتاری ناڕەوای لە گەڵدا نەکرێت، کە کردەوەی دەست بەرسەرکردنی بێ مولاقات بۆ ماوەی دوور و درێژیش دەگرێتەوە.
-دەرکردنی فەرمانێک بۆ لێکۆڵینەوەی تەواو و بێ لایەن لە هەموو ئەو شتانەی وا سەبارەت بە ئەشکەنجە و هەڵس و کەوتی ناڕەوای تر دەگوترێت، بە دادگا ئەسپاردنی ئەوانەی وا بەرپرسی هەرچەشنە دەستدرێژییەکن، و دانی قەرەبووی تەواو بە قوربانییەکان.
-کۆتایی هێنان بە کەڵک وەرگرتن لە "ئیعتییرافات"ی بە زۆر لە سەر تەلەفیزیۆن، کە تێک شکاندنی مافی "بە بێ تاوان ناسین" وئەو مافەیە کە مەجبوورنەکرێت دژ بە خۆی شایەدی بدات یا ئیعتیراف بە گوناه بکات.
-راپەڕاندنی" رێکەوتننامەی سەبارەت بە ئەشکەنجە و هەروەها پەیمانی بەدڵخواز"ی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**سەبارەت بە دادگایی کردنەکان**

-پێداچوونەوەی بەکارهێنانی دادگا تایبەتەکان لە ئێران، بە دادگای شۆڕش و دادگای تایبەت بە رۆحانیونەوە.
-زامن کردنی ئەوەی هەموو دادگایی کردنێک، و یەک لەوانە دادگای پیوەندیدار بە قەراری ئیعدام، رێز لەو کەمترین رادەیەی پەیوەندیدار بە دادگای دادپەروەرانە و پەیرەوەکانی رەوتی دادگاکان، کە لە ICCPRدا دەست نیشان کراون، بگرن.
-ئازادکردنی دەست بەجێ و بێ مەرجی هەموو زیندانیانی بیروباوەڕ.
-فەرمانی ئازادی یا دادگایی کردنەوەی دادپەروەرانەی  هەموو ئەو زیندانییانەی کە گوایە تاوانی سیاسییان کردوە لە دادگای ئاسایی دا.

**سەبارەت بە سزای ئیعدام**

-داشکاندنی هەموو قەرارێکی ئیعدام و دەرکردنی فەرمان سەبارەت بە دواخستنی ئیعدامی ئەوانەی وا قەراریان بۆ دەرچووە، هاوتەریب لە گەڵ بڕیارنامەی مانگی دیسەمبری 2007ی سکرێتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە خوازیاری درێژکردنەوەی ماوە بۆ هەموو ئەوانە بوو کە لە سەرانسەری جیهاندا قەراری ئیعدامیان بۆ دەرچووە.
-پێداچوونەوەی هەموو ئەو یاسایانەی کە بە گوێرەی ئەوان، واهەیە کەسێک لە لایەن حکوومەتەوە بکووژرێت، بەو ئامانجەی کە دەست بەجێ رێژەی سزای ئیعدام کەم بکرێتەوە و بەو ئامانجەش کە لە کۆتاییدا قەراری ئیعدام بە تەواوەتی هەڵبگیرێت.
-سەرنج دانەوەی یاساکان بۆ زامن کردنی ئەوەی هەرکەس قەراری ئیعدامی بۆ دەربچێت، بتوانێ داوای لێبووردن یا داشکانی رادەی سزاکەی

بکات، هاوتەریب لە گەڵ ئەرکەکانی سەرشانی ئێران بە گوێرەی ماددەی 6(4)ی ICCPR و کاتی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارەشی، پێ بدرێت.
-پێداچوونەوەی یاسا و کردەوەکان بۆ زامن کردنی ئەوەی قەراری ئیعدام بۆ هیچ کەسێک دەرنەچێت کە لە کاتی ئەو تاوانەی وا دەگوترێت کردوویەتی، تەمەنی لە 18 ساڵان کەمتر بووبێت.
-پێداچوونەوەی هەموو پێشگیرییەکی پێویست بۆ پێداچوونەوەی مەرجە دڵنیاکەرەکانی دادگا و پێش دادگا، کە لە یاسای رەوتی ئاسایی جینایی دا هاتووە و پەیوەندیان بە تاوانە قورسەکانەوە هەیە بەو روانگەیەوە کە کەمترین مەرجەکانی دڵنیاکەر، وا لە پەیمانە نێونەتەوەییەکاندا هاتووە و ئێران دەوڵەتی بەشداریانە، بەکاربهێنرێن و بەو روانگەیەشەوە کە بۆچوونی شەخسی، وەک پشت بەستن بە"زانیاریی داوەر" لە ناو ببرێن.

**سەبارەت بە هاوکاری کردن لە گەڵ تاقمە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ**

-وەک پێداویستییەکی خێرا، رێگە خۆش کردن بۆ ئەو داواکارییانەی کە لە لایەن لێکۆڵەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ سەردانی ئێران کراوە بۆ ڕاگەیشتن بە دادگا تایبەتەکان، ئیعدامی نابەجێ و ماوەکورت، گرووپی کار سەبارەت بە بێ سەر و شوێن کرانی بە زۆر، لێکۆڵەری تایبەت سەبارەت بە ئازاری ئایین یا بڕوا، ئەشکەنجە، لێکۆڵەری تایبەت سەبارەت بە سەربەخۆیی داوەران و پارێزەران، و گرتنە بەرچاوی بانگ هێشتن کردنی پسپۆڕانی سەربەخۆی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە کەمایەتییەکان بۆ سەردانی ئێران، بە ناوچە کوردییەکان و ناوچەکانی دیکەی کەمایەتییەکانەوە، و درێژەدان بە وت وویژ لە گەڵ لێکۆڵەری تایبەت سەبارەت بە خانووبەرەی بەڕێ وجێ و توندوتیژی دژ بە ژنان و هەوڵدان بۆ بەجێ هێنانی پێشنیار و ئامۆژگارییەکانی ئەوان.
-بانگ هێشتن کردنی لێکۆڵەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بارودۆخی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، هاوڕێ لە گەڵ پسپۆڕی سەربەخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەڕ کاروباری کەمایەتییەکان بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجێک کە رووبەڕووی داکۆکیکارانی کوردی مافەکانی مرۆڤ بۆتەوە و بۆ ئەوەی پێشنیار و ئامۆژگارییان بدەنە حکوومەت.
-بانگ هێشتنی تاقمە سەربەخۆکانی تر، وەک لێبووردنی نێونەتەوەیی بۆ سەردانیکردنی ئێران، بە ناوچە کوردییەکان و ناوچەی دیکەی کەمایەتییەکانەوە، بۆ ئەوەی بابەتی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بخرێنە بەر باس.

## پاشکۆی ژمارە 1: مەنع لە سەر دروستکرانی شوێنی عیبادەتی ئەهلی حەق

به ناوی خودا

ئوستانداری کرماشان

رێکەوت:30/7/86
[22/10/2007]
ژمارە:22/48882
هاوپێچ:هەیە

فەرماندارانی بەڕێزی شارەکانی سەر بە ئوستان
سڵاوتان لێ بێت
هاوپێچ، دەقی وەئەستۆگرتنی ژمارە 3780/ 1312 رێکەوتی 29/6/1386 [20/9/2007]
سەبارەت بە چالاکییەکانی فیرقەی ئەهلی حەق بۆ دامەزراندنی بینای جەمخانە[تان بۆ دەنێرین و دەڵێین ئەو کارە] هیچ بنەمایەکی یاسایی و شەرعی نییە، هەربۆیەش[پێویستە] هیچ چەشنە نامەیەک[یان بۆ نەنێرن] یاخود نامە گۆڕینەوە لە گەڵ دەوائیر و رێکخراوەکان نەکەن.
[ئەم نامەیە]تان بۆ سەرنجدان و دەرکردنی فەرمانی پێویست بۆ دەنێررێت.

سەیید مستەفا ئەبتەحی
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شۆڕاکان
ئیمزا
مۆر: تۆماری کۆمپیوتەری ئوستانداری کرماشان
ژمارە 48818
مۆر: [ناخوێنرێتەوە] 30/7/86 (؟)[22/10/2007(؟)]

**پاشکۆی ژمارە 2:**

**راپۆرتی بەزۆرملی سەبارەت بە هەڵس و کەوتی کەمایەسییە بە فەرمی نەناسراوەکان لە قوتابخانەکاندا**

کۆماری ئیسلامی ئێران — دائیرە؟ -------
وەزارەتی پەروەردە — رێکەوت: کووژاوەتەوە
دائیرەی کوللی پەروەردە — ژمارە: کووژاوەتەوە
پەروەردەی ناوچەی "شهر قدس" — هاوپێچ -----

به ناوی خودا
بەڕێوەبەری بەڕێزی قوتابخانەی

سڵاوتان لێ بێت

لە گەڵ رێزمدا، تکایە ئەگەر لە یەکەی پەروەردەی ئێوە، قوتابی یا هاوکارانێک لە فیرقە گومڕاکان(بەهایی، عەلیەڵڵاهی، ئەهلی حەقی و...) خەریکی کارن، ئەم فۆرمەی خوارەوە بە جیاجیا (بۆ قوتابی و هاوکارانتان) پڕ بکەنەوە و بە ماوەیەک کە درەنگتر لە دوو هەفتە دوای گەیشتنی ئەم راگەیاندننامەیە نەبێت بینێرنەوە بۆ دەفتەری "حەراسەت"ی دائیرەکەمان. لێی زیاد دەکەم و دەڵێم هەرچەشنە چالاکی و پروپاگەندە و فەزاخوڵقاندنێک لە لایەن کەسانی سەرەوە لە قوتابخانەدا یاساخە و دەبێ هەموو مل کەچی یاسا و پەیرەوەکانی قوتابخانەکە بن.

ئیمزا
جەعفەر نەجەفی
سەرۆکی دائیرەی پەروەردەی ناوچەی"شهر قدس"

| روونکردنەوەکان | ناو فیرقە | پلەوپۆل | ژمارەی ناسنامە | ناوی باوک | ناو وناوی بنەماڵەیی | ژمارە ی رەدیف |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ناو و ناوی بنەماڵەیی بەڕێوەبەری قوتابخانە

رێکەوت و مۆر و ئیمزا

**پاشکۆی ژمارە 3: نموونەیەکی زیاتر سەبارەت بە راپۆرتدان لە سەر چالاکییەکانی کەمایەتییە بە فەرمی نەناسراوەکان لە قوتابخانەکاندا**

کۆماری ئیسلامی ئێران
وەزارەتی پەروەردە
دائیرەی گشتی پەروردەی شارانی سەر بە ئوستانی تاران
پەروەردەی ناوچەی"شهر قدس"

لاپەڕە 4
[رستەی ناتەواو].. بە کێشەی عیبادەتی وەک نوێژ و رۆژوو و قورئان و پەروەردەکردنی رۆحی"امر بمعروف و نهی من المنكر" بە هاوکاری بنکەی پەروەردە راوێژکارانی قوتابخانەکان بەڕێوە بچێت.
21. کێشەی ئەخلاقی و هەڵس و کەوتی قوتابییەکان تا ئەو جێیەی دەگونجێت لە ناو قوتابخانە و بە تێگەیشتوویی و هاوبیریی پێویستی بەرپرسانی قوتابخانە، لە مودیر و جێگران و بنکەی پەروەردەیی و راوێژکارانی بەڕێز چارەسەر بکرێت و ئەگەر هات و گەورەبوونەوە و دوای پێوانی هەموو قۆناغەکانی تەمێ کردن، بنێررێن بۆ دائیرە و شوێنی پەیوەندیدار. دیارە ناردنی راپۆرتی نووسراو سەبارەت بە بابەتی پەیوەندیدار، بۆ ئەم یەکەیەش پێویستە.

22. پێویستە بەڕێوەبەرانی بەڕێز بۆ ناسین و ناساندنی قوتابیان و واهەیە هاوکارانی سەر بە فیرقەی گومڕا و غەیرە گومڕا، لەوانە(مەسیحی، زەردەشتی، بەهایی، ئەهلی حەق، عەلیەڵڵاهی، سوننی، هاوڵاتی دەرەوەیی و ...) لە لیستە و پێرستی جیاوازدا بە گوێرەی نموونەی فۆرمی هاوپێچ، هەنگاو هەڵێننەوە و بە شێوەیەکی نهێنێی بینێرن بۆ ئەم یەکەیە.
23. لە بەر ئەوەی هەندێ لە هاوکارانتان کەڵک لە سەرڤیسی[هات وچۆی] مامۆستایان وەردەگرن و کاروباری ئەخلاقی لە ناو سەرڤیسەکەدا ناگرنە بەرچاو، و [بە هۆی] ناڕەزامەندیی هاوکارانی تر لەوەی کە سەرەڕای پێ داگرتنی پێشووی ئەم یەکەیەی ئێمە، هاوکارانی مێیینە(خوشک) لە کورسییەکانی پێشەوە(پشت لێخوڕ) دادە نیشن، تکایە بەڕێوەبەرانی بەڕێز ئەم کێشەیە بە چەشنێک بە هاوکارانی ناوبراو رابگەیێنن.
24. تکایە بەڕێوەبەرانی بەڕێز هەرچەشنە هەواڵ و دەنگۆیەک تەنانەت ئەگەر لە دەوروبەری قوتابخانەکەش بێت. بە شێوەی نووسراو بەم دەفتەرەی رابگەیێنن تا کەڵکی پێویستی لێ وەربگیرێت.
25. هەندێک جار بینراوە بەشێک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و هاوکارانی فەرهەنگی لە دەرەوەی ئەرکە سەرەکییەکان و بە پێچەوانەی بواری بەرپرسایەتی خۆیان کە دەبێ تایبەتمەندبێت بە کێشە پەروەردەکان، لەو کاتانەی دا کە بۆ فێرکردن و کاری ئیداری تەرخان کراون، بەشێوەیەکی توند وتیژ دەچنە ناو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و هەرای رێباز و لایەن دەخەنە رێگا و لە ناو رێکخراوەی نهینی ئەوتۆدا کە ئیجازەنامەی شەرعی و قانوونیشیان نییە، دەست دە دە نە کاری نابەرپرسانە و نافەرهەنگی کە هیچ ئاکامێکی نییە جگە لەوەی توێژی بایەخی خەڵکانی سەربە پەروەردە بچێتە ژێر پرسیار و کێشە سیاسی،

کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ناوچە پەرە بگرێت و دووبەرەکی لە نێو توێژە فەرهەنگییەکاندا بێتە ئاراوە.[ئەم کارە] خۆی چەشنێک بەربەرەکانی کردنی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی یە و بەم هۆیەوە بە توندی داوا دەکرێت کە لەوەبەم لاوە ئەم بابەتانە نەبینرێن و ئەگەر هەبن، بە پێی پەیرەوەکان هەنگاوی یاسایی هەڵدەهێنرێتەوە.
26. تکایە بەڕێوەبەرانی بەڕێز هەر بەخشنامەیەکی نهینی کە لە بەر دەستیاندایە و بۆ ئەو یەکە پەروەردەیە نێراوە، لە...

## پاشکۆی 4: بەشێک لە شایەدینامەی فەرزاد کەمانگەر

*2008*

.

من فەرزاد کەمانگەر، هەروەها ناسراو بە سیامەندم، مامۆستایەکی قوتابخانەم کە پێشتر لە گوندی کامیاران بۆ سیستەمی پەروەردەی حکوومەتی ئێران کارم دەکرد، و 12 ساڵ ئەزموونی وانە گوتنەوەم هەیە.

ساڵێک پێش گیرانم، لە ئەنستیتۆی"کارودانش" کارم دەکرد. هەروەها ئەندامی دەستەی رێبەرایەتی ئەنجومەنی مامۆستایانی کامیاران لقی کوردستان بووم. تا ئەو دەمەی لە ئەنجومەنی ناوبراو جیابوومەوە، راست پێش ئەوەی چالاکییەکانی ئەنجومەن لە لایەن حکوومەتەوە یاساخ بکرێت، من سەرۆکی پەیوەندە کۆمەڵایەتییەکان بووم. هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی مانگانەیەک بووم بە ناوی"رۆیان"، کە دواتر لە لایەن سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا گیراو پاشانیش وەستێنرا.

بۆ ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی ژینگەی کامیاران بووم و لە ساڵی 2005 بە دواوە دەستم کرد بە چالاکی مافەکانی مرۆڤ و لە ئەنجامدا بووم بە یەکێک لە نووسەرانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ. لە ئۆگوستی 2006دا چووم بۆ تاران بۆ ئەوەی شوێنی کێشەی نەخۆشی برا ناساغەکەم بگرم، کە ئەویش چالاکێکی سیاسییە، و لەوێ بوو کە گیرام.
هەمان رۆژ بۆ شوێنێکی نادیار بەڕێ کرام. ژێرخانێک بوو بە بێ هەواگۆڕکێ، تەنگەبەر و تاریک. ژوورەکە هیچ ڕاخەرێکی تێدانەبوو، جگە لە پیس وپۆخڵی، هیچی لێ نەبوو، نە دۆشەگ نە پێخەو و نە هیچی تر. گەلێک تاریک بوو، بردمیانە ژوورێکی تر.

لەودەمەدا کە خەریکی نووسینی تایبەتمەندییەکانی من بوون، پرسیاری ئەوەیان کرد بنەمای قەومیم چییە. هەر ئەوەندەی گوتم"کورد" بە لوولەیەک کە لە قامچی دەچوو، زۆر بە توندی بەربوونە لێدانی هەموو ئەندامەکانم. هەروەها بە هۆی ئایینەکەمەوە، سووکایەتی ئایینی و لێدانی زیاترم تووش هات. دەستیان دەبەستم و لە سەر کورسییەکیان دادەنام و گوشاری

زۆریان دەخستە سەر ئەندامانی هەستیاری لەشم... بەزۆر جل و بەرگەکەمیان لەبەر دادەکەندم و هەڕەشەی ئەوەیان لێ دەکردم کە دار و باتوونم تێ بپڕن.

لەو شوێنە، لاقی چەپم زۆر بێ بەزەییانە بریندار کراو بە هۆی لێدانی بێ پسانەوەی سەرم، کە لە کاتێکدا کە کارەبایان لێ دەدام، بوورامەوە. کاتێ وەهۆش خۆم هاتمەوە، لەنگەری لەشم لە دەست دابوو و بێ ئەوەی بتوانم کۆنترۆڵی خۆم بکەم، دەلەرزیم. لاقیان بە زنجیر دەبەستمەوە و بە هۆی دەزگایەکی بچووکەوە کە لە بەر پشتێمیان دەبەست کارەبایان لە لەشم دەدا، شوێنی هەستیاری لەشمیان دەلەرزاندەوە و ئێشەکەی گەلێک بە توندی ئازاری دەدام.

دواتر چوومە داڵانەکە و هەر لە بەر دەرگاکەی(قاتی سەر زەوی- دەستە چەپ، هەندێک بەرەو سەرەوە، ئینجا ژووری بەرێوەبرانی حوکمەکان)، لە ژوورێکی بچووکیان دانام کە لەوێ گەلێک بەتوندی وەبەر مست و پێلەقەیان دام. رۆژی دواتر، بردیانمە زیندانی سنە، تا ئەوەی براکەمیان گرت. لەو دەمەوە کە گیرام رووبەرووی جنێو، سووکایەتی و لێدان بوومەتەوە. تەنانەت ئیجازەیان پێ نەداوم بچمە ئاودەست، تا ئەو شوێنەی کە گمێزم کردوە بە خۆمدا. دوای ئەوەی گوشاری زۆری ئەندامی و دەروونیم خرایە سەر، جارێکی تر برامەوە گرتووخانەی 209 و لە ژوورەکانی قاتی یەکەمدا(ژوورە سەوزەکانی پرس وجۆکردن)، تەحقیقیان لێ کردم، لێیاندام و ئازاریان پێ گەیاندم.

پاش ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی کە دایانم، مەجبووربوون رۆژی 27ی ئۆگوستی 2006 بمبەن بۆلای دوکتۆر، کە لە شوێنێکی پەیوەست بە ژوورەکانی پرس وجۆکردن بوو، لەوێ دوکتۆر نیشانەکانی برینی سەر لەشمی نووسی، کە ئەنجامی ئەشکەنجە و لێدانی توند و دارکاریکردنم بوون و بە ئاشکرا بە پشت و مل و سەر و سمت و ڕان و لاقمەوە دیاربوون. دوومانگی ئۆگوست و سپتامبرم لە ژووری تاکە کەسیی ژمارە 43 دا بردە سەر. بە هۆی رادەی زۆری ئەشکەنجە و ئازارەوە کە کێشابووم، بۆ ماوەی 33 رۆژمانم لە خواردن گرت. ئەوان دەستیان کرد بە ترساندن و هەڕەشە لێ کردنی بنەماڵەکەم، بۆ ئەوەی خۆم لە چنگ ئەشکەنجە رزگار بکەم و دژایەتی هەڵس و کەوتی نالەبار و زەخت و زۆریان بکەم، خۆم لە پلیکانەکانی قاتی یەکەمەوە خستە خوارەوە بۆ ئەوەی خۆم بکووژم.

نزیکەی مانگێک لە ژوورێکی تاکە کەسیدا بووم کە لە کۆتایی بەشی 113 لە قاتی یەکەم بوو و بۆگەنێکی زۆری لێ دەهات. لە ماوەی ئەم دەورەیەدا ئیجازەی چاوپێکەوتن یا تەلەفون بۆ

کردنی هیچکام لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆمم نەبوو. لە سەرەتای جانیوەری 2007دا لە شوێنی دەست بەسەرکرانی ژمارە 209ی تارانەوە بردیانمە ئیتلاعاتی کرماشان کە کەوتۆتە ناوەندی"نەفت"، بە بێ ئەوەی لە دادگادا تاوانێکی نەسەلماوم بدەنە پاڵ یا قەرارێکم لە سەر دەربکەن. شوێنی دەستبەسەریم بێ دەرەتان و بچووک و تاریک بوو و هەموو چەشنە تاوانێکی تێدا دەکرا.

دوای لێدان، هەموو جل وبەرگەکەمیان لە بەرداکەندم. جل وبەرگی پیسی بۆگەنیان پێ دام و بەشەق و مستەکۆڵە بە داڵانی گرتووخانەکەدا بردمیانە ژووری ئەفسەری ئاسایشی بەرپرسی شوێنەکە و لەوێوە بۆ داڵانێک کە پێیداچوونە ناو دەرگایەکی بچووک.

ئەوە ژوورێکی بچووک بوو، کە بۆ هەموو کەسێکی تر شارەاو بووە، بە شێوەیەک کە هاوارەکانیشم نەدەگەیشتە گوێی کەس. قەبارەی ژوورەکە 1 مەتر X60 سانتیمەتر Xنیومەتر دابوو. دووچرای بچووک لە میچەکەوە شۆڕ ببوونەوە. هیچ ئاڵ و گۆڕێکی هەوای تێدا نەدکرا. ژوورەکە، پێشتر ئاو دەست بوو و بە ڕاستی بۆگەن و سارد بوو. لێفەیەکی بە ڕاستی پیس لە ژوورەکەدا بوو. هەر جارێک لە پڕ، لە خەو هەستایەم سەرم لە دیوارەکەدەدا. ژوورەکە لەوپەڕی ساردیدا بوو. هەندێک جار بۆ ئەوەی هەوا هەڵمژم مەجبوور دەبووم سەرم بخەمە سەر زەوی و لە کەلەبەری نێوان دەرگا و زەوییەکەوە هەوا هەڵمژم. لە ماوەی خەو و ئیستراحەتمدا، پاسەوانەکان ماوە بە ماوە زۆر بە توندی لە دەرگاکەیان دەدا بۆ ئەوەی ئیستراحەتم لێ بشێوێنن یاخود چراکەیان دەکووژاندەوە. دوو رۆژ دوای ئەوەی چوومە ئەو زیندانەوە، بردیانم بۆ ژووری پرس و جۆ و بە بێ ئەوەی تاقە پرسیارێکم لێ بپرسن دەستیان کرد بە شەق و مست لێدانم و جنێو و ئەوەندەی توانیان قسەی ناحەزیان پێ گوتم. پاشان گەڕاندمێانەوە هەمان ژوور، رادیۆکەیان هەڵکرد و خستیانە بەرزترین دەنگی گونجاو بۆ ئەوە ی ئیستراحەت و وردبوونەوە لە خۆم لێ تێک بدەن. لە ماوەی 24 سەعاتدا دووجار دەمتوانی بچم بۆ ئاودەست و مانگی یەک جاریش دەمتوانی خۆم بشۆم.

ئەوانەی خوارەوە نموونەی ئەو ئەشکەنجانەن وا لە گرتووخانەی کرماشان بەسەرم هات:

1.یاری"فوتبۆڵ"، ئەوە چەمکێکە پرسیارکەرەکان کەڵکیان لێ وەردەگرت، ئەوان جل و بەرگیان لە بەردادەکەندم و بە 4 یان 5 کەس دەوریان دەدام و بە مستەکۆڵە و شەق بۆیەکتریان دەخستم. ئەگەر بکەوتمایەتە زەوی پێم پێ دەکەنین و هەتا لە سەر زەوییەکەبوایەم، وەحشیانە لێیان دەدام.

2.مەجبووریان دکردم لە سەر لاقێکم بۆ ماوەی چەند سەعات بوەستم و دەستیشم بەرزبکەمەوە، ئەگەر ماندوو بوایەم و قایم رانەوەستایەم یاخود لاقم یا دەستم بەردایەتەوە، بە لێدان تێم بەردەبوون.

3.لە ماوەی پرس و جۆدا بە مست و زللە لێیان دەدام.

4.ژێرخانی گرتووخانەکە، لە داڵانە سەرەکییەکەوە تا ئەو دەرگایەی وا دەگەیشتە هەوای تازە، بە زبڵ و ورکەنان دا پۆشرابوو بۆ ئەوەی لە بەرچاوی خەڵکانی تر وون بێت. ئەوە خۆی ژوورێکی ئەشکەنجە بوو، کە شەوانە دەیانبردمێ. لەوێ دەست و لاقیان بە تەختێکی خەوتنەوە(قەرەوێڵە) دەبەستم و بە شەللاقێک کە پێیان دەگوت "ذولفەقار" لە بەری پێ، ران و پشتیان دەدام. ئازارەکەی بەرادەیەکی بێ هەژمار دوور لە تاقەت بوو و تەنانەت بۆ ماوەی چەند رۆژ نەمدەتوانی بە رێگەدا بڕۆم.

5.ژوورێکی ساردیان بوو، لە بەر ئەوەی سەرماوسۆلی کاتی زستان بوو، دەیانبردمە ئەوێ بۆ ئەوەی پرس وجۆم لێ بکەن، بەڵام لە راستیدا هەتا بەرەبەیان لەوێ دەیانهێشتمەوە.

6.لە گرتووخانەی کرماشان، شۆک یا راتڵەکاندنی کارەبایی بەکاردەهێنرا، بەم دەزگایە هەموو شوێنێکی هەستیاری لەشیان ئازاردەدا.

7.ئیجازەم پێ نەدەدرا کەڵک لە میسواک(فلچە) و هەویری ددان وەربگرم. رادەیەکی گەلیک کەمی پاشماوەی خواردنیان پێ دەدام کە بۆنی گرتبوو و بەتەواوەتی بۆ خواردنی مرۆڤ نەدەبوو.

تەنانەت لە گرتووخانەی کرماشانیش ئیجازەی چاوپێکەوتنی کەس وکاریان پێ نەدەدام و ئەوەندە لە کارەکە چووبوونە پێشەوە کە ئەو کچەشیان گرتبوو کە خۆشم دەویست. تەنگژەیان بۆ براکانم خوڵقاندبوو و گرتبوویانن. بە هۆی ژوورەکەم و لێفە و جلوبەرگی پیسی

بۆگەنی ناسەلامەت، تەنگ و چەڵەمەی پێستم پەیداکرد(هە و کردن بە هۆی قارچکەوە) و تەنانەت ئیجازەی چاوپێکەوتنی دوکتۆرم نەبوو. بە هۆی ئەوەوە کە کێشانی رەنجی ئەشکەنجەم بۆ ئەستەمتر دەبوو، مەجبوور بووم بۆ ماوەی 12 رۆژ مان لە خواردن بگرم.

لە 15 رۆژی کۆتایی گرتووخانەدا، ژوورەکەیان گۆڕیم و ناردیانمە ژوورێکی بۆگەنتروپیس تر، کە هیچ دەرەتانێکی گەرم کردنی تێدا نەبوو. هەموو رۆژێک دەبوایە سووکایەتیم پێ بکرێت و لێم بدرێت، بە شێوەیەک کە رۆژێکیان بە مستێک کە لە گونم درا، بوورامەوە. شەوێکیان لە ژووری ئەشکەنجە(ژێرخان)، جل وبەرگیان لە بەرداکەندم و هەڕەشەیان کرد کە هەر لەوی دەستدرێژی جنسیم لێ دەکەن. بۆ ئەوەی لە دەست یەشکەنجەیان رزگارم بێت، سەرم توند بە دیواردا کوتا. مەجووریان کردم ئیعتیراف بە شتی هەستیار و پەیوەندییەکانم بکەم و مەجبووریان کردم... دەنگیناڵە و هاوار دەبیسرا و هەندێک جار خۆیاندەکوشت.

لە رۆژی 18ی مارچی 2007دا رایانگوێستمەوە بۆ گرتووخانەی 209 لە زیندانی ئێڤین، گەرچی لە ژووری گشتی ژمارە 121دا دایانناا بووم، بەڵام ئیجازەم نەبوو چاوم بە کەس و کارم بکەوێت. هێشتا هەر ئازاری ئەندامی و دەروونییان دەدام، وەک گرتنی ئەندامانی بنەماڵە و بەرگریکردن لە چاوپێکەوتنیان، جنێودان و سووکایە تی پێکردن و لێدانی ئەوانیش.

دوای چەند مانگ روون نەبوونی بارودۆخ، لە مانگی مەی 2007دا، کەیسەکەمیان بردە لقی 30 دادگای شۆڕش. پرس وجۆکەرەکان هەڕەشەیان لێکردم کە بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵ دەدەن قەراری ئێعدام یا زیندانی درێژخایەنم بۆ وەربگرن و ئەگەریش بێ تاوانییەکەم بسەلمێت و ئازاد بکرێم ئەوان لە دەرەوەی زیندان تۆڵەم لێ دەستێننەوە. هیچ بۆیان گرنگ نەبوو چی روودەدات، وەک کورد و رۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافی مرۆڤ ، هەرگیز لە ئەشکەنجە کردنم نەدەوەستان.

دادگای شۆڕش لە تاران رایگەیاند کە کەیسەکە لە تاران پێی راناگەن و دەینێرن بۆ سنە. هەموو کاتێک کە دەنگی پشتگیری خەڵک یا ئەنجومەنە مافی مرۆڤەکان بۆ پشتگیری کردنم و دژبە گیرانەکەم بەرزدەبووە، ئەشکەنجەکان ناخۆشتر و رادەی گوشارەکان لە سەرم زیاتر دەبوو.

لە ئۆگوستی 2007دا راگوێزرامە گرتووخانەی سنە، شوینێک کە بەراستی"خراپترین کابووس" بوو بۆم، کە هەرگیز ناتوانم لە بیری بکەم و بۆ پاشماوەی ژیانم لە مێشکم دا دەمێنێت. گەرچی بە گوێرەی یاساکانی خۆشیان من تۆمەتی تازەم نەدرابووە پاڵ، بەڵام ئەوانیش هەر ئەووەندی چوومە ژووریٚ، دەستیان کرد بە ئازاری ئەندامی و دەروونیم.

گرتووخانەی سنە داڵانێکی سەرەکی و 5 داڵانی بە تەنیشتەوە هەیە، لە دوایین داڵان و دوایین ژووردا دایاننام. بەردەوام ژوورەکەمیان دەگۆڕدریٚ تا رۆژێک سەرۆکی گرتووخانە لە گەڵ چەند کەسیتر بە بیٚ هیچ هۆیەک دەستیان کرد بە لێدانم، پاشان لە ژوورەکەم کێشایانمە دەرەوە و لە سەر پلیکانەکان کە 18 پلە بوون و دەچوو بۆ ژێرخان و ژووری پرس و جۆ هەرلێیاندام. جارێک لە پشت سەریان دام و لە پڕ کەوتمە سەر زەوییەکە و بوورامەوە. بە پلیکانەکاندا رایان کێشامە خوارەوە، بەڵام نازانم چۆن. کاتیٚ چاوم کردەوە هەستم بە ئازارێکی گەلێک زۆر کرد لە دەم و چاو و سەر و هەر دوو کەلەکەمدا. وەهۆش هاتنەوەم بوو بەهۆی دەستەلێدانێکی تر بە مستەکۆڵەو شەق لە هەموو ئەندامەکانی لەشم. دوای نزیکەی سەعاتێک لێدان بە سەر پلیکانەکاندا رایان کێشامە سەرەوە بۆ داڵانی دووهەم و خستیانمە ژوورێکی بچووکەوە، لەویٚ دووبازجوو ئەوەندەیان لێدام تا لە سەر هۆش چووم. کاتیٚ کە دیسان هاتمەوە هۆش گوێم لە بانگی عەسر بوو. دەم و چاو و جل وبەرگەکەم هەمووی خوێناوی بوون. دەم و چاوم ماسیبوو، هەموو ئەندامم رەش وشین هەڵگەڕابوو. توانای جووڵانەوەم نەمابوو، دوای چەند سەعات بە دەمەوە خستیانمە ژێر "دووش"ی حەمامێک بۆ ئەوەی دەم و چاو و جل وبەرگەکانم خاوێن بکەمەوە.

جل و بەرگەکەمیان بە تەڕی کردەوە بەرم و لە بەر خراپ بوونی دۆخی سەلامەتیم بە چاوبەستراوی کەسێکی سەربە بەشی پرس و جۆ پشکنیمی. رۆژی دواتر مەجبوور بوون بمبەن بۆ ئۆفیسی دوکتۆرێک لە دەرەوەی زیندان. بە هۆی زیان گەیشتن بە دەم و ددان و شەویلکەم، ماوەی 2 رۆژ توانای خواردنی هیچ شتێکم نەبوو. شەوانە پەنجەرەی ژوورەکەمیان دەکردەوە بۆ ئەوەی سەرما لێم بدات. لێفەیان پیٚ نەدام و بە ناچاری فەڕشەکەم لە دەوری خۆم دەپێچا.

ئیجازەی هەواخۆری، چاوپێکەوتنی کەس و کار، یا تەلەفون کردنم نەبوو و لە ژوورەکانی پرس و جۆی ژێرخانەکە، هەر لێیاندام و لێیاندام. مەجبوو بووم بۆ ماوەی 5 رۆژ مان لە خواردن بگرم. لە ژێرخانەکە، زۆر جار سەریان بە دیواردا دەکوتام. لە ژوورەکەمەوە هەتا شوێنی پرس و جۆ بەشەق و مستەکۆڵە هەر لێیاندەدام. لە کرماشان و سنە هیچ تۆمەتێکیان لیٚ نەدام.

ئەشکەنجەی ناخۆشی"جووجەکەباب" چەمکێک بوو سەرۆکی بەشی ئاسایشی زیندان لە شاری سنە بە کاری دەهێنا و زۆربەی شەوان ئەگەر لەویٚ بوایە، خۆی بەڕێوەشی دەبرد. ئەو دەستی لە دەوری دەست و لاقم دەئاڵاند و فڕێی دەدامە سەر زەوی و بە توندی لێی دەدام.

دەتتوانی گوێت لە گریان و هاواری زیندانییەکانی دیکەش بێت، کە وا دەردەکەوت زۆریان ژن بن، تەنیا دەنگەکە ورەی مرۆڤی دەشکاند. شەوانە پەنجەرەکەیان ئاواڵە دەهێشتەوە، دوای هەر دەستە لێدانێک لە ژێرخان، جل و بەرگەکەمیان تەڕ دەکرد و بە تەڕی، دەیانگەڕاندمەوە ژوورەکەم، ئینجا دەبوایە لە گەڵ سەرما بجەنگم. مەجبوور بووم خۆم لەو لێفە پیسە بپێچم کە لە ناو ژوورەکەدا بوو.

نزیکەی دوو مانگم لە ژووری تاکە کەسی شاری سنە تێپەڕ کرد، کەیسەکەم سەر لە نوی رەت کرایەوە و بردیانمەوە بۆ تاران. نزیکەی 8 مانگ زیندانی تاکە کەسی و ئازاری ئەندامی دەروونی گەلێک شوێنی لە سەر دانام.

دوای ئەوەی شەوێک لە گرتووخانەی ئاسایشی 209 مامەوە، بردیانمە بەشی حەوتەم لە زیندانی ئێڤین، کە لەوێ  ماددەی سڕکەر بۆ رابواردن کەڵکی لێ وەردەگیرا.  لە 18ی نڤەمبرەوە راگوێزراومەتە "رەجائی شەهر"، زیندانێک کە پلەی پاراستنی گەلێک بەرزە و زیندانیی ئەو تۆی تێدایە کە مرۆڤکوژییان کردوە، خەڵکیان رفاندووە یا دزیی چەکدارانەیان کردوە و هتد...